# بەردەبازی دوانەکەوتن لە کاروان

نەرمین عوسمان

# بەردەبازی دوانەکەوتن لە کاروان

نووسەر: نەرمین عوسمان
بابەت: کۆمەڵە وتار
دیزاین: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٢٤)

کۆمەڵە
وتار

# بەردەبازی دوانەکەوتن
# لە کاروان

نەرمین عوسمان

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


پێشەکی.......................................................................... ٩
کورد و ئەمازیغ دوو نەتەوە، یەک خەبات....................... ١١
تورکیا وەکو مەترسییە گەورەکەی ئەم سەدەیە................ ١٥
دەرفەتێکی گرنگ بۆ رۆژئاوای کوردستان..................... ١٩
رێگرتن لە یاریکردن بە چارەنووسی کورد...................... ٢٣
شەڕ بەرەو کوێ؟.................................................. ٢٧
دەسەڵاتی خێڵ یان سەروەریی یاسا؟............................ ٣١
بەرپرسیارێتی و دەردی خۆبەزلزانی ............................ ٣٧
رۆژی شانازی و نوێکردنەوەی پەیمان بۆ شەهیدانی یەکێتی...... ٤١
کاریگەری بەنداوەکانی تورکیا و ئێران لەسەرچاوەکانی ئاوی عیراق...... ٤٥
رەخساندنی دەرفەتێکی دیکە بۆ خانەنشینان..................... ٥٥
منداڵانی ژێر دەستی داعش لەنێوان کێشەکانیان و ............. ٥٩
با لە کاروانەکە دوانەکەوین........................................ ٦٩
ئازادکردنی موسڵ و سیناریۆکانی دواتر........................ ٧٣
داگیرکاریی کولتووری و رێگری ناوخۆیی ...................... ٧٧
کورد و ئەرکی بیشکچیناسی ....................................... ٨١
هەلێکی زێڕینی تر بۆ چارەنووسی کەرکوک ..................... ٨٧
دەوڵەتی سەربەخۆ و پرسی نەبوونی ستراتیژیی کوردستانی.... ٩٣
ژینگە چی لە ژن دەوێ............................................ ٩٧
رێگری لە تەشەنەکردنی ئاسۆییانەی داعش.................... ١٠٣
دوای نەمانی داعش ئەرکمان قورسترە .......................... ١٠٩

توركيا و عیراق... رێككەوتن بۆ لەقاڵبدانی كوردستان...... ١١٣
مەترسییەكانی پشتگوێخستنی مادەی ١٤٠ ......................... ١١٧
شۆڤێنیبوونەوەی عیراق و خۆلاوازكردنی هەرێم............. ١٢٣
شەڕی ناوخۆ و سفربوونەوەی دەستكەوتەكان............... ١٢٧
مەترسییە ناوخۆییەكان لەسەر دۆزی نەتەوەیی ............. ١٣١
مەترسییە دەرەكییەكان لەسەر دۆزی كورد.................. ١٣٧
حەمید دەروێش؛ شێخی كوردایەتی .............................. ١٤٧
راگەیاندنی پیاوانە و پێویستیی وەخۆكەوتنی ژنان.......... ١٥١
جیاوازییەكان، وەكو ئامرازی پێكەوەژیان نەک دابڕان..... ١٥٥
چیتر شیعەكان، هاوپەیمانمان نین................................ ١٥٩
خۆزگەم بە جاران.......................................................... ١٦٣
دایک، لەنێوان ئەركی بەخێوكردن و پەروەردەكردندا....... ١٦٩
قۆناغی گواستنەوە بەرەو یەكسانی ................................. ١٧٥
شنگال، قوربانی سیاسەتی هەرێمی و ناوخۆیی ............... ١٧٩
ئاژانسی هەواڵگریی نیشتمانیی یەكگرتوو؛ پێویستییەكی حەتمییە.... ١٨٧
ئەركی كورد لە شەڕی ئیسرائیل و فەلەستیندا................. ١٩١
سەرنجێک لەسەر دەستوور............................................. ١٩٥
بەردەبازی دوانەكەوتن لە كاروان.................................... ١٩٩
شەڕی بڕینەوەی داربەڕوو................................................ ٢٠٣
تورک و بەردەوامیی سیاسەتی قڕكردنی كورد................. ٢٠٧

# پێشەکی

کـورد و کوردسـتان و ئەزموونەکـەی مەترسـیی زۆر گەورەیـان لەسـەرە، بەشـێکی پەیوەندیی بە بارودۆخـی ناوخۆییـەوە هەیـە؛ ناتەبایـی، بوونی گەندەڵی، نەبوونی سەروەریی یاسا و دامەزراوەی دەوڵەتـی. بەشـەکەی دیکـەش پەیوەندیـدارە بـە بارودۆخـی دەوروبەر و نێودەوڵەتی کەوا بەشـی زۆریـان ئەزمـوون و دەوڵەتدارییان بـۆ کورد پێ حەرامە.

بەشـی زۆری ئـەم وتارانـە راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندییان بە قسەکردن لەسەر ئەو مەترسـییانە هەیـە، هەڵبەت بوونی مەترسـییەکان وایـان لێنەکـردووم ببمـە مرۆڤێکـی رەشـبین، بەڵکـو سـەرنجەکانمم لەسـەر زۆر دەرفەتیش خسـتوونەتەڕوو کـە لەبـەردەم کـورد و هەرێمی کوردستان هەن و پێویستە بیانقۆزێتەوە.

نابێـت مەترسـییەکان وامـان لێبکـەن هیوامان بۆ داهاتووی کوردستان نەبێ، بەڵام ناشبێت بە کەمیان بزانین و زوو زوو بیری خۆمان و دەسـەڵاتدارانی نەخەینەوە.

لەمــاوەی دوو ســاڵی رابردوودا؛ کــەم و زۆر و لە دەرفەتــی جۆراوجــۆردا لە رێگەی ئــەم وتارانەوە ســەرنجەکانمم خســتووەتەڕوو، ئەمــە بــۆ مــن مانای بەشــداریی سیاســییە، بەشــداریی لە رێگەی نووســینەوە کە لام وایە سوودی بۆ بەرچاوڕوونی زیاتــر دەبێــت و رەنگە هۆکارێکی باشــیش بێت بۆ داهاتووی ئەزموونەکەمان.

نــاوە نــاوە کۆکردنــەوەی وتار و نووســینەکان و چاپکردنیــان لــە دووتوێی ناملکە یــان کتێبێکدا بە کارێکــی باش دەزانم، هەم بۆ پاراســتنیان لە نەمان و هەمیش دەبێتە شــاهیدی جیهانبینیی نووســەر لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

بەهیوام سوودی بۆ هەموو لایەک هەبێت

لەگەڵ رێز و سوپاسم

**نەرمین عوسمان**

**٢٠٢١/٧/٧**

# کورد و ئەمازیغ

## دوو نەتەوە، یەک خەبات

مەهـــا جوینـــی، ژنـــە نووســـەری ئەمازیغـــی، لـــە نووسینێکیدا دەڵێ: کاتێ نەنکم دەیووت: «بڕۆ ئەی نەوەی دیهیا و زەردەشت، بڕۆ شانبەشانی هاوڕێ کوردەکانت بجەنگێ»؛ ئەوســـا تێنەدەگەیشتم، بەڵام دوای ماوەیەک بۆم دەرکـــەوت ئەمە پەیوەندییەکی رۆحییە، هی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکو مێژووییە.

دوو نەتـــەوەی رەســـەنی ناوچەکانیـــان، لـــە دوو کیشـــوەری جیـــاواز، بەدووریـــی هـــەزاران میل

لەیـەک، لەنێوانمان دەریای ناوەڕاسـت و سـەدان دۆڵ و بیابـان و چیـا هەیـە، دوو زمـان و دوو کولتوور و دابونەریتی جیاواز، بەڵام ئازارەکانمان، چەوسـاندنەوەمان لەلایـەن دوژمنەکانمانـەوە، خەسـڵەتەکانمان، مرۆڤدۆسـتی و ئازایەتیمـان، سەرڕاسـتی و راستگۆییمان، بەرگریمان بۆ مانەوە وەک نەتەوە، کۆیکردووینەتەوە.

سەدان سـاڵە، دوژمنانی ئەو دوو نەتەوەیە، رژێمە توندڕەوە فاشـییە رەگەزپەرسـتەکان، هەوڵـی لەناوبردنمان دەدەن، هەوڵی سـڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیـی و گۆڕینـی دیمۆگرافیـی ناوچەکانمـان دەدەن. لەبەرانبەریشـدا، ئـەم دوو نەتەوەیـە، بەرگرییەکـی بێوێنـە بـۆ مانـەوە و پارێزگاریی لە بوون و شوناسـنامەی نەتەوەیی دەکەن. ئەم سۆز و هەسـتەی نێوانمان، بەهـۆی لێکچوویی هەردوو پرسی نەتەوەییە.

ئەمازیغییـەکان؛ نەتەوەیەکـی رەسـەنی باکووری ئەفریقـان، بەهـۆی دابەشـکردنی ناوچـەکان لـە سـەردەمی ئیمپریالیـەت، ئەوانیـش وەک کـورد، خاکەکەیان دابەشـبووەتە سەر (مەغریب، جەزائیر، تونس، لیبیا، میسر) و هەروەها لە مالی و نەیجەر و باکووری بۆرکینا فاسـۆش هەن. ژمارەیان بە (٤٠) ملیۆن کەس ئەژمار دەکرێ.

جوگرافیای ئەمازیغ، لە دەشـــتایی ســـێوەی میســـر لـــە ڕۆژهەڵات تا زەریای ئەتڵەســـیی لە ڕۆژئاوا، لە دەریای ناوەڕاســـت لە باکـــوور تا بیابانی گەورە لە باشوور دەگرێتەوە.

زمانەکەیـــان، ئەفـــرۆ ئاســـیاوییە. وشـــەی ئەمازیغ بـــە مانای (پیاوە ئـــازادەکان) دێـــت. ئایینی کۆنیان؛ پەرســـتنی ڕۆژ و مانـــگ بـــووە، پاشـــان بوونەتـــە کریســـتیان و دوای ئـــەوەی ئیســـلام دەگاتـــە ئـــەو ناوچانە، دەبنە ئیسلام. تارقی کوڕی زیاد کە یەکێکە لە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئیسلام لەو ناوچەیە بە ڕەچەڵەک؛ ئەمازیغییە.

هەندێ جار بە (بەربەر) ناویان دەبەن کە لای خۆیان ئەو ناوە پەسند نییە و بێئەرزشییە بەرانبەریان.

کـــورد و ئەمازیغی، ئەوەندە هەســـت بە ئازارەکانی یەکتـــری دەکەن، لـــە زۆربـــەی خۆپیشـــاندانەکانی ئەورووپـــا، ئـــاڵای ئەمازیغـــی و کـــورد بەیەکـــەوە دەشـــەکێنەوە. دەیـــان نووســـەر و شـــاعیر و ڕۆژنامەنووسیان، داکۆکیی لە مافی کورد دەکەن.

چەنـــد کەســـایەتییەکی ئـــەو دوو نەتەوەیە (کورد و ئەمازیـــغ)، کۆڕبەندێکـــی نێونەتەوەییـــان پێکهێناوە بەنـــاوی (مونتـــەدای کـــورد و ئەمازیغـــی جیهانی)، بەمەبەستی بەرگری لە پرسی ئەو دوو نەتەوەیە لە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆبوونەوە مەزنەکانی جیهان، بەیەکەوە.

ئەمازیغییەکان، لەنێو بێدەنگیی نەتەوەی عەرەب و رژێمەکانیان، بەرانبەر ئەو هەموو زوڵم و تاوان و کوشتنەی دەرحەق بە کورد دەکرێت لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعش و رژێمە نەتەوەپەرستەکانیان، هاتوونەتە گۆ. نووسەر و شاعیر و رۆژنامەنووسەکانیان، وەک کوردێک دەدوێن و دەڵێن «ئەو بێدەنگییە تاوانە، پێویستی بە هاوارە بۆ لەرزینی جەستەی مرۆڤایەتی بەرانبەر سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و توانەوەیان لەناو جەستەی نەتەوە رەگەزپەرستەکانی دراوسێیان».
وەک یەکێتیی نیشتمانیی کە پارتێکی سۆشیال دیموکراتە و ئەندامە لە سۆشیال ئینتەرناسیۆناڵی جیهانی، لەوێ هاوکارن لەگەڵمان. هەروەها پشتیوانیی تەواوی هەموو پارتە کوردەکان دەکەن کە ئەندامن لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا و وەک کوردێک هاوکار و هاوسۆزن لەگەڵماندا.
ئەم جۆرە پەیوەندییانە زۆر گرنگە لە هەر کوێیەک یان هەر نەتەوەیەکەوە بێت، بەمەبەستی بەجیهانیکردنی پرسی نەتەوەیی.

–دیهیا: شازادەیەکی ئەمازیغییە، بە دەستی عەرەب کوژراوە.

# تورکیا وەکو مەترسییە گەورەکەی ئەم سەدەیە

پەلامارەکەی تورکیا بەمەبەستی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی سوپای محەمەدییەوە، خەون و مەرامێکی هەنووکەیی نییە و نەبووە، بەڵکو سەردەمانێکە بوونی هەیە، بەتایبەتی لەم (٤٠) ساڵەی دواییدا لە پاش دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان کە هەڵگری ئایدیای سۆشیالیزم بوون، ئەوەندەی تر بەناوی بوونی هێزێکی کوردیی کە ئەوان وا وێنایان دەکرد دژی ئیسلامن، پیلانەکانیان

چڕکــردەوە و لەژێر دەیان ناوی جیــاواز کەوتنەوە دژایەتی کورد.
دەوڵەتی تورکیا، کاتێک لە ســاڵی ١٩٢٣ دروستبوو و لە ســاڵی ١٩٢٤یش بەتەواوی بەرگــی خەلافەتی فڕێ دا، بەڵام لە کۆمەڵگەکەیدا زیاتر بنەماکانی ئایین تیایدا زاڵ بــوو. نزیکەی (٦٠٠) ســاڵ خەلافەتی عوســمانی حوکمــی کردوون، ئەمــەش کاریگەریی ســایکۆلۆجی و راســتەوخۆی بەســەر تاکی تورک بەجێهێشتووە و رەنگیداوەتەوە لەســەر حوکمداری و دەسەڵاتدارانیان، هەروەک ئەو هەموو ساڵە نەیانتوانیوە خۆبەزلزانییان و بیرۆکەی دروســتکردنەوەی خەلافــەت لەبیر بکەن، تەنانەت لە سەردەمی ئەتاتورکیش کە بەناو دەوڵەتێکی عەلمانی بوون، نەیاندەهێشت پارتە چەپەکان بە ئاشکرا کار بکەن و نەدەچوونە دەسەڵات و پشکیان نەبوو.
خەونبینیــن بــە دروســتکردنەوەی خەلافەتــەوە، مێژوویەکــی کۆنــی هەیە، هەر ناوچەیەکــی کەوا لە کاتی خەلافەتی ئیســلامی لەژێر دەســەڵاتیان بووە، هەوڵــی گەڕانــەوە و کاری جددیــی بــۆ دەکەن، بۆ نموونــە؛ ویلایەتــی موســڵ، کە لە ســاڵی ١٩٢٥ەوە خراوەتــە ســەر عیــراق، تا ئێســتاش ســاڵانە لەنێو بودجــەی تورکیــا پارەیەکــی رەمزیــی بــۆ تەرخان دەکرێ وەکو ئەوەی هێشتا دەیانەوێت لە دەرفەتێکدا بیخەنەوە سەر تورکیا.

هەندێ سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕۆژنامەنووس و نووسەرە توندڕەوەکانی تورک، زۆر بە ڕوونی دەنووسن؛ ئەگەری دابەشبوونەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادایە، بۆیە دەبێ ئامادەییان لەو ناوچانەدا هەبێت، لەبەر ئەوە وردە وردە و هەر جارە و بە بیانوویەک هێزەکانی خۆیان لەو ناوچانە جێگیر دەکەن.

ئەوەتا لە باشووری کوردستان (١٠- ١٥) بنکەی سەربازییان دامەزراندووە، جارێک بەناوی هێزی ئاشتیپارێز، جارێک بۆ دژایەتی پەکەکە و جارێک بەناوی داعشەوە هاتوون بۆ ماوەیەکی تایبەت و دیاریکراو، بەڵام هێشتاش بەنیازی دەرچوون نین لەو ناوچانە. ئێستا عیراق داوا دەکات ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی دەشتی موسڵ و شارەکە لە دەستی داعش، بەڵام خۆیان دامەزراندووە و گوێ بە داواکاریی عیراق نادەن، مەبەستیش تەنها(pkk) نییە. لە عەفرینیش خۆیان جێگیر کردووە و سیاسەتی بە عەرەبکردنیان گرتووەتەبەر و ئەو عەرەبانەیان هێناوە کە سەر بە خۆیانن، وردە وردە حکومەتی خۆجێیی سەربەخۆشیان بۆ دروستدەکەن و دەیانەوێ بۆ داهاتوو وەکو کارتێک بەکاریان بهێنن.

لەژێر ناوی دروستکردنی ناوچەی ئارامیش،

بــه قولایــی (٣٢)کــم و درێژایــی (٤٢٠)کــم خاکــی کوردســـتانیان داگیر کردووه و بە هێنانەوەی ئاوارە عەرەبــەکان و هەنــدێ پێکهاتــەی تر و عەشــیرەتە عەرەبەکانــی ســەر بــە رژێمــی تورکیــا، دەیانەوێ دیســانەوە نەخشــەی ناوچە کوردییەکان بشێوێنن. ئەوەش وا دەکات ئــەو ناوچە بەرفراوانە گوێڕایەڵی تورک بــن لە داهاتوودا، هەروەها ئــەو هارمۆنییەی نێــوان کــوردی باکــوور و رۆژئــاوا بپچڕێنــێ و لە خۆشــی و خێروفــەڕ دووریان بخاتــەوە. لە لایەکی تریشەوە دەســت بەسەر ئابووریی ئەو ناوچەیەشدا بگرێت و دواتریش بەبیانووی گەڕانەوەی ئاوارەکان و وەرگرتنی یارمەتییەکانــی نەتەوە یەکگرتووەکان، لــە رێگــەی کۆمپانیاکانــی خۆیانــەوە بەمەبەســتی دروســتکردنی کەمپــەکان قازانجێکــی زۆر بکات و ئابووریی سوریاشی پێ لاواز بکات.

ئەم هەموو دەســتکەوتانە، ســەرۆک دۆناڵد ترەمپ خســتییە ســەر ســینییەکی ئاڵتوونی و پێشکەشــی رەجــەب تەیــب ئەردۆغانــی کــرد، ئەردۆغانیــش بەردەوامە لەســەر سیاســەتە قۆرخکارییەکانی و بۆ فراوانکردنــی قەڵەمڕەویی تورکیــا، هەرچی بتوانێت دەیــکات، بــەڵام ئەویش دوور نابێت لە مەترســی و پێدەچێــت لــە داهاتوویەکی نزیکدا تووشــی دۆڕانی سیاسیی گەورە ببێت، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزەکان بیانەوێ سنوورێکی بۆ دابنێن.

# دەرفەتێکی گرنگ بۆ رۆژئاوای کوردستان

کاتـێ هێزە سـەربازییەکانی ئەمەریـکا چوونە ناو خاکی سوریا، نە پرسیان بە کورد کرد نە لەبەر چاوی رەشـی کوردیش بوو، بەڵکو لەپێنـاو کارنامەیەکی تایبەت بەخۆیان بوو. هەروەها کە چووە دەرەوەش، نە گوێیان بە کورد دا و نە بەلاشـیانەوە گرنگە کام چارەنووس چاوەڕێی کـورد دەکات، بەپێچەوانەوە گڵۆپی سـەوزی بۆ سنووربەزاندنی سوپای تورکیا هەڵکرد.

ئەمەریکا بە ئاشکرا وتوویەتی؛ بۆ شەڕی لەناوبردنی گرووپی تیرۆریستیی داعش هاتووە، رەنگە جگە لەو کارنامەیە، مەرامی لاوازکردنی پێگەی روسیا و ئێرانیشی لا گرنگ بووبێ، بەڵام بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ پێگەیان لاواز بکات، بەڵکو بەهێزتریش بوون، هەر بۆیەشە کارنامە ئاشکراکەی، کە لەناوبردنی داعش بوو، بەهۆی شەڕڤانانی کورد و هێزەکانی سەر بە رژێمی سوریا و هاوکاریی هێزەکانی خۆیان ئەم مەرامەیان گەیاندە ئەنجام. ئێستا مانەوەیان لە بەرژەوەندییان نییە لە چەند روویەکەوە. پارساڵیش ئەم بڕیارەی دا، بەڵام لەژێر فشاری ناوخۆییان، هێزێکی ٢٠٠٠ کەسیان هێشتەوە، هەر بۆیەشە بڕیاری دەرچوونیان بەیەکجارەکی، چاوەڕوانکراو بوو. کوردیش ئیتر ئەو پشتیوانییەی لەو ناوچانە نامێنێ، هێزەکانی تورکیاش بۆ هەلێکی وا دەگەڕان کە بۆیانی رەخساند. ئامانجی ئەردۆغان زۆر دیارە بە لەناوبردنی رەگەزی کورد و هێزە بەرگرییەکانی، بە ئاشکرا دەیڵێ و توویەتی و نایشارێتەوە، بۆیە دەبوایە هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان لەوە وردتربوونایە و پێشوەخت بیریان لە بژاردەی دووەم بکردایەتەوە، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی

شـــاری عەفرین و کاتێ لەوپەڕی بەهێزیدا بوون، بکەوتنایەتـــە گفتوگـــۆ لەگـــەڵ رژێمـــی ســـوریا و لایەنی روسیا و چاوەڕوانی سیاسەتی ناجێگیری ترەمپ نەبوونایە و بەناچاری و لە بارێکی لاوازدا بژاردەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەسەد بکەن.

رەنگـــە تاڵبـــێ، بـــەڵام وەک مەزڵـــوم کۆبانـــی وتی، مانـــی میللەتێـــک لایـــان گرنگتـــرە. ئێســـتاش ئەمـــە کۆتایی نییە، بەڵکو دەبێ ســـەرجەم هێزە سیاســـی و ســـەربازییەکانی رۆژئـــاوا بەیـــەک هەڵوێســـت و بەیەکەوە واز لە ململانێی تەســـکی حزبایەتی بهێنن و بە نەفەسی رەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و خەڵکـــی کوردســـتان و بـــە چاودێریـــی نەتـــەوە یەککگرتووەکان و روســـیا، بچنە سەر مێزی گفتوگۆ. ئێســـتا کاتێکی زۆر لەبارە، سۆزی زۆربەی وڵاتان لەگـــەڵ پرســـی نەتەوەیـــی کوردە و ئەم هێرشـــەی ئەردۆغان بە داگیرکاری و نەژادپەرســـتیی ئەژمار دەکەن.

یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتانیش دەتوانـــێ رۆڵێکـــی گرنگ ببینـــێ بەهـــۆی پەیوەندییەکانییەوە، ســـوریاش ئامادە دەبێ بۆ جێبەجێکردنی هەندێ لە داواکارییەکان بەمەبەســـتی گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە و مانەوەیان لەسەر دەسەڵات و پاراستنی یەکپارچەیی سوریا.

بـەو هیوایـەی ئەم جارە ئەو قسـەیەی جۆناسـان رانـدڵ کە لە کتێبی (امة في شـقاق)دا دەڵێ «کورد میللەتێکـی زۆر ئازان و لە شـەڕدا بـراوەن، بەڵام کە دەچنە سەر مێزی گفتوگۆ دەیدۆڕێنن» جێبەجێ نەبوونی ئەم قسەیەش، تەنها و تەنها بەیەکڕیزی و یەکهەڵویستیی دێتەدی و زۆر گرنگە سەرکردایەتی کوردی رۆژئاوای کوردستان ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەن.

# ڕێگرتن لە یاریکردن بە چارەنووسی کورد

دوایین گرتنەبەری ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازیی لە دژی ئەزموونێکی کوردی «ڕۆژئاوای کوردستان» لەلایەن وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزانی نێودەوڵەتییەوە، وێستگەیەکی دیکەیە لە چوارچێوەی گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەوە، تیایدا نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەبنە قوربانی.

شکســتی ئەزموونی شۆڕشــی ئەیلول لە ســاڵی ١٩٧٥، پێــش ئەویــش لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و لەناوبردنــی کۆماری کوردســتان لــە مەهاباد لــەدوای کۆتاییهاتنــی جەنگــی جیهانیــی دووەم، پێشــتریش پەیماننامەی لۆزانــی نێوان زلهێزەکان و کۆتاییهێنان بە بەدیهێنانی خەونەکانی نەتەوەی کــورد لــە ســەدەی بیســتەمدا، زۆر پیــلان و گەلەکۆمەکێی دیکەیش کــە بوونەتە هۆی ئەوەی کورد تاوەکو ئێســتا یەکێــک لە نەتەوە گەورە بێ ماف و بێ دەوڵەتەکان بێت.

بــێ دەوڵەتیــی، بەشــێکی کەمــی پەیوەنــدی بــە خۆخۆریی کورد خۆیەوە هەیە، بەشە زۆرەکەی کە بڕیار و دەســەڵاتی لەدەســت بــووە، پیلان و پلانی زلهێــزە بەرژەوەندیخــوازەکان بووە، بــۆ بێ مافی و دەردەســەری و درێــژەدان بەوەی کورد ئارام و ئۆقرە نەگرێ.

هێرشی یەک دوو ڕۆژی ڕابردووی سوپای تورکیا بۆ ســەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکی دیکەیە لە درێژبوونەوەی ئەو مێژووە نەگریسە، ئەو مێژووەی کورد زۆری تیادا بەخشیوە و کەمی دەستکەوتووە و زۆربەی مافەکانیشی تیادا زەوتکراوە.

تورکیــا بەبیانووی نالۆژیک، ئۆپەراســیۆنی «کانی ئاشتی» دەستپێکرد بۆ زەوتکردنی ئازادی نەتەوەی

کورد. لەو کەینوبەینەدا، نهێنی زۆر هەیە، سەرۆک و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وتیان گڵۆپی سەوزیان بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر کورد هەڵ نەکردووە، بەڵام ئاماژەکان وا ناڵێن، بەڵکو ئەگەر راستەوخۆش وا نەبێ، ئەوا هەر سەرلەقاندنێکی ئەمەریکای پێویست بووە.

ئێستا بە کردەوە ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان لە مەترسیدایە، چوار شت گرنگە بکرێن بۆ ئەوەی کۆتایی ئەو ئەزموونە بە چاوی خۆمان نەبینین:

**یەکەم**: بەگەڕخستنی لۆبیی کوردی و کوردستان لە وڵاتانی رۆژئاوا، فشار دروستکردن و شڵەقاندنی شەقام تا دروستکردنی پشێوی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی فشارەکان ببنە هۆکاری وەدەنگهاتنی خەڵکی ئەو وڵاتانە بەگشتی.

**دووەم**: هێزەکانی کوردستانی، نوێنەرانی کورد لە عیراق و دەرەوە، پەیوەندییەکان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی رای گشتیی سیاسیی دنیا بورووژێنن و فشاری راستەقینە لە تورکیا بکەن.

**سێیەم**: چی بتوانرێ لە دابینکردنی پێداویستیی سەربازیی «مرۆیی و لۆجستی» بگەیەنرێتە هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ ئەوەی توانای بەرگرییان زیاتر بێت، چونکە کات لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە.

**چوارەم**: دۆکیۆمێنتکردنی تەواوی پێشێلکارییەکانی سوپای تورکیا و بڵاوکردنەوەی لە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، بۆ ئەوەی ویژدانی کۆمەڵگە زیندووەکان بورووژێ.

مەترسییەکان گەورەن، هێرشەکانی تورکیا مەترسیدارن، راستە ئیرادەی کورد بەهێزە و رۆژئاوای کوردستان بە ئاسانیی ناکەوێ، بەڵام تورکیا ناوەستێ و دەیەوێ چەند زووە رۆژئاوای کوردستان داگیر بکات، کە ئەمەش مەترسیی تەواوەتی بۆ سەر شوناسی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە و نابێت رووبدات.

# شەڕ بەرەو کوێ؟

ئـــەم ناوچەیـــە و ناوچـــەی دوورگـــەی عەرەبی، لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئەم جۆرە گرژی و گوتارە سیاسییە تونـــدەی بەخۆوە نەبینیـــوە، بەتایبەتی دوای ئابڵوقە ئابوورییـــە توندەکان بۆ ســـەر ئێران و هەڕەشـــەی ئێرانیـــش بە داخســـتنی گـــەرووی هورمـــز کە یەک لەســـەر ســـێی نەوتـــی جیهانی پێـــدا تێدەپـــەڕێ و وەڕســـکردنی کەشـــتییەکانی ئێران لەلایـــەن بەلەمە پشـــکنەرەکان. لە لایەکی تریشەوە ناردنی کەشتیی ئەبراهام لینکۆڵن لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، لە پاڵ ئەمانەش گوتاری سیاسیی توند

لەنێوان ئەو دوو لایەنە بەردەوامە. پرسیار ئەمەیە؛ ئایا ئەم حاڵەتە بەرەو کوێ دەڕوا؟ شەڕ و پێکدادان دەبێ یان نا؟

بەپێی لێکدانەوەی توێژەران و راوێژکارانی جیهان، سێ بۆچوونی جیاواز و لێکچوو هەیە؛ هەیانە دەڵێن ئەمەریــکا ئەم کردارانەی بۆ چاوترســاندنی ئێرانە، بە مەبەستی راکێشانی بەرەو گفتوگۆیەک کە ئێران ناچار بکات هەر دوانزە مەرجەکەی مایک پۆمپیۆی وەزیــری دەرەوەی ئەمەریــکا قبــوڵ بــکات و بــە ویستی ئەمەریکاش بێت، کە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت (بەرنامەی چەکی ئەتۆمی، موشــەکی بالیســتی، هاوکاریــی گرووپــە تیرۆریســتییەکان). دەشــڵێن ئێران نایەوێت بچێتە شــەڕێکی دۆڕاو کە زۆر لای روونــە ئەمەریــکا لــە هەمــوو روویەکی ســەربازییەوە بەهێزتــر و بەتواناتــرە، رەنگــە بتوانێــت هەنــدێ زیــان لــە بەرژەوەندییەکانــی ئەمەریــکا بــدات، بەڵام خــۆی لەناودەچێت و ئێران دەزانێــت هاوپەیمانەکانــی لــەو شــەڕەدا کەمــن و کەم دەســەڵاتن، نموونەش؛ بەپێــی وتەکەی پۆتین، روون و ئاشکرایە کە روسیا لەسەری نایەتە وەڵام، بەپێچەوانــەوە رەنگە ئەو گرژییە لــە بەرژەوەندیی روســیا بێت کە دەبێتە هــۆی بەرزبوونەوەی نەوت کــە ســەرچاوەی ســەرەکیی ئابووریی روســیایە.

چینیش لە ڕووی سەربازییەوە لاوازە بەراورد بە ئەمەریکا و نایەوێت ئەم شەڕە تووشی خۆی بکات. هاوپەیمانەکانی تریشی لە ناوچەکە، کەمدەسەڵاتن و خۆیان هاوکاریی لە ئێران وەردەگرن.

بەرپرسی گرووپی توێژینەوەی ئۆراسیا لە سەنتەری راوێژکارانی واشنتۆن (کلیڤ کۆبشان)، دەڵێ: «مەزەندە ناکەم هەردوولا شەڕیان بوێت، ئێران یاریی دەکات و چاوەڕوانی کاردانەوەیە، بەڵام ئەم گرژییە پەیوەندی بە مەترسییە سیاسییەکانەوە هەیە و بەو هۆیەوە قۆناغێکی ترسناکی سیاسیی مەترسیدار لەئارادایە»

هەندێ لایەنی تریش هەن دەڵێن؛ ئەگەری شەڕ هەیە و گەر شەڕیش ببێ، لە جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو گەورەتر دەبێ و رەنگە ناوچەکە دابەشبوونێکی تازەی سیاسی و جوگرافیی بەخۆوە ببینێ. لەوانەی بۆچوونی شەڕیشیان هەیە، دەڵێن ئێران هەوڵدەدا شەڕەکە لە گۆڕەپانی خۆی دووربخاتەوە و بیخاتە زەوی و ئاسمانی هاوپەیمان و دۆستەکانی وەکو: عیراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین.

بەپێی زۆرینەی بۆچوونەکان، ئەگەری شەڕی گەورە لەئارادا نییە، بەڵام ئەگەری شەڕ زۆر کەمیش بێ، بێشک پڕیشکێکی ئەم شەڕە دەپەڕێتە

لای ئێمە (عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی). باشە ئێمە لێرەدا هەڵوێستمان چییە و چۆنە؟ چۆن دەتوانین بێلایەن بین و نەکەوینە نێوان بەرداشی ئەو دوو لایەنە و ئەوەی هەشمانە لەدەستمان نەڕوات، بۆیە ئەرکی پارتە سیاسییەکانە بەیەکەوە یەک هەڵوێست وەربگرن. ئەم پرسە، پرسێکی چارەنووسسازی وڵاتێک و نەتەوەیەکە (ئەمە دامەزراندنی حکومەت نییە هەریەکە و لە ئاوازێ بخوێنێت)، دەبێت بەپەلە هەڵوێستی هاوبەش وەربگرن بۆ ئەوەی هەر لایەنێک هێندەی قەبارەی خۆی (سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازیی) بەرپرسیاریەتیی وەربگرن، لە هەموو کاتێک پێویستترە یەک بین و نەبین بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو لایەنە و ناشکرێ بێ بۆچوون بین و چاومان لە میدیاکانی جیهان بێ و لەبری ئێمەش بیربکەنەوە.

# دەسەڵاتی خێڵ
# یان سەروەریی یاسا؟

لەم چەند ساڵەی دواییدا، دیاردەی زیندووکردنەوە و بایەخدان بە (ئێل، تیرە، خێڵ، بەرەباب و بنەماڵە) لە عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەرەو هەڵکشان دەڕوات.
ئــەم دەســـتەواژانە، پێناســەن بــۆ کــۆی کۆمەڵــە کەســانێک کــە هەنــدێ نەریــت و ناوچەگەرێتی و خواســت و بەرژەوەنــدی و پەیوەنــدی خوێنــی کــۆی کردوونەتــەوە. لــە رووی ژمــارەوە، بەپێی

ژمارەی تاکـەکان، ئەو پلەبەندییە پێکدەهێنرێن، ئەو دامەزراوانە یەکەی کۆمەڵایەتین و لەســەر بنەمای چینایەتی دانەمەزراون.
ئەم دیاردەیە، لەو وڵاتانە بەدی دەکرێن کە دەوڵەت لەســەر بنەمای نادادپەروەری و ســەروەرنەبوونی یاسا و لاوازیی پاراستنی مافەکانی تاک و هەبوونی مەحســوبیەت و مەنســوبیەت و شــڵەژاویی بــاری ئاسایش و کەمیی متمانە بەدەوڵەت، دامەزراون.
لە دۆخــی هاوشــێوەی هەرێمــی کوردســتاندا کە تــاک ناوەندێکــی گرنگیپێدانی دەوڵــەت نییە، رەنگە دادپەروەریی نەبێت لۆمەی تاک بکەین لە پەنابردن بــۆ ئەو شــێوازەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەمەبەســتی بەرگــری لەخۆکــردن و مانەوە و پاراســتنی خۆی و مــاڵ و ســامانی. هەروەها لە بۆشــایی نەبوونی هێزێکی نیشــتمانیی یەکگرتوو و هێزە چەکدارەکان ئەوەی هەن ســەر بە پارت و لایەنە سیاسییەکانن، هەر کاتێ وڵاتیش رووبەڕووی کێشــەی نیشتمانیی ببێتــەوە و بکەوێتە بەر مەترســی یــان هەندێ جار ناکۆکیی خۆبەخۆیــی لایەنەکانیش هەبێ، وا دەکات کــە هــەر لایەنــە پەنا بۆ هــەر رێگەیەک بــەرن کە زۆرترین چەکدار و جەنگاوەر لەخۆیان کۆبکەنەوە، دیارە ئاســانترین رێگــەش بۆ ئــەوە؛ پەنابردنە بۆ

سـەرۆک عەشـیرەت و خێڵـەکان. هـەر ئـەوەش وایکردووە لـە کاتی ئاساییشـدا، بایەخی گەورە و ناپێویسـت بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە بدرێن، مەرج نییە تەنها بۆ شەڕ بێ، بەڵکو لە کاتی هەڵبژاردنیشدا لایەنگرییـان بەکاردێت کە ئەمە کاریگەریی نەرێنیی بـۆ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێ. ڕێگە دەگرێ لەوەی تاک لەسەر بنەمای خزمەت و هەڵسەنگاندنی دروسـت دەنـگ بـدات. دەبینیـن حزبـەکان لـە کاتـی هەڵبژاردنیشـدا ئەمەیـان ڕەچـاو کردووە و کاندیدەکانیـان زیاتر لەناو خێڵ و هۆزە جیاجیاکان جێـی بایەخـن وەک لەنێـو ناوەندە ڕۆشـنبیری و ئەکادیمییـەکان، زۆر جاریش بەخشـینەوەی پلە و پایە وەک پاداشـت، بۆ بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتە و ئەمـەش بووەتە مایەی گلەیی و گازندەی زۆرێک لە هاوڵاتیان.

هەندێ جاریش لەو جۆرە سیستمە دواکەوتووانەدا کاتێ مرۆڤ هەست دەکات هۆزەکەی یان خێڵەکەی باڵادەسـتە، خواسـت و حەزی داگیرکاری و زوڵم و سـتەم لە لایان تەشـەنە دەکات و دەکەونە شەڕ لەگـەڵ یەکتـری، خۆپڕچەککـردن بەتایبەتـی لـە وڵاتـی ئێمە کە چـەک پەیداکردن کارێکی ئەسـتەم نییـە، لە تەشـەنەکردنی ئـەم بـارە کۆمەڵایەتییە و

بەرفراوانبوونـــی، ئیتر باڵادەســتیی دەوڵەت رۆژ بە رۆژ لاواز دەبێت، هەروەها ناســنامەی نەتەوەیی لە بەرانبەر ناسنامەی خێڵ و عەشیرەتدا کاڵ دەبێتەوە و ئینتیمــا بۆ گرووپێکی بچووکتر لە نەتەوە جێگەی خۆشەویســتیی نەتەوە و نیشتمان دەگرێتەوە. ئەمە زۆر جــار دەبێتە هۆی مەترســیی گەورە بۆ ســەر ئاسایشــی نەتەوەیــی لەلایەن دوژمنــەوە، کە زۆر جار بە ســانایی دەتوانرێت لە رێی چەند کەسێکەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بەکاربهێنرێت و مێژووش گەواهیدەری ئەم راستییەیە.

بەداخــەوە، حکومەتیــش لەبــری ئــەوەی رێگــری لــە گەشــەکردنیان بــکات، لــە زۆر بــاردا هاندەرە بۆ دووبــارە تەشەنەســەندنەوەی خێــڵ، هەروەها دەستووری عیراقیش لە ماددەی (٤٣)، بەشی دووەم، بەجۆرێک قســە لەسەر ئەم پرسە دەکات کە رەنگە ئەگەر کەســێکی رۆژئاوایی پێشــکەوتنخواز بیبینێ، جێگەی شــەرم بێت و دووفاقییەکی ئاشــکرای تێدا بــەدی دەکرێت، بەجۆرێک کە ئاماژە بۆ پێویســتیی گەشــەپێدان و بووژاندنەوەی سیستمی عەشایەری دەکات و هــاوکات دەڵــێ پێویســتە بەجۆرێک بێت کــە تەریب بــێ لەگەڵ مافەکانی مــرۆڤ و جاڕنامە گەردوونییەکان، کە هەر ئەمە بۆخۆی دەیسەلمێنێت

که دەستەبژێری سیاسیش تا ئێستا نەیتوانیوە لە جوغزی خێڵەکی و عەشایەریی دەربچێت.
زۆر جار خێڵەکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان و دەستکەوتی زیاتر، خۆیان دابەش دەکەن بەسەر لایەنە سیاسییەکانەدا، لەبەر ئەوەی حزبی سیاسیی ئاراستەی سیستمی حوکمڕانی دەکات لە وڵاتدا.
هەر بۆیە پێموایە یەکێتی لە خۆنوێکردنەوەیدا، پێویستە زۆر بە گرنگییەوە لەم پرسە بڕوانێت وەک ئەوەی لە بەرنامە و پەیڕەوی خۆیدا هەیە، رۆڵی باڵا لە رووبەڕووبوونەوەی سیستمی خێڵەکیدا ببینێت و هەر بەڕاستی کار بۆ سەروەربوونی یاسا و سەپاندنی دەسەڵاتی نیشتمانیی بکات لەبری دەسەڵاتی عەشیرەتگەری و گرووپی بچووک بچووک، ئەگەرچی رەنگە بەشێوەیەکی کاتی باجەکەشی بدات لە رووی حزبییەوە، بەڵام ئەمە کردەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە کە خودی حزب لەپێناویدا دروست دەبێ و تێدەکۆشێ. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ، پێچەوانەیە لەگەڵ روانگە و ئامانجەکان کە بانگەشەی سەروەریی یاسا و حوکمڕانیی مەدەنی دەکەین و دەرئەنجامیش بە زیانی حزبە دیموکراتخوازەکان دەشکێتەوە.
لە روانگەی پەرۆشیم بۆ ئایندەی وڵاتەکەم، پێشنیاز دەکەم نووسەران و رۆشنبیر و کەسانی

دیموکراتخواز، بە کراوەیی لەسەر ئەم بابەتە قسەی خۆیـان هەبێت و رای گشـتیی بۆ دروسـت بکەن. پێویسـتە ئەم گۆمەڵگەیـە بڕیار بدات و خۆی یەکلا بکاتـەوە لەنێوان دەسـەڵاتی خێڵ یان سـەروەریی یاسادا.

# بەرپرسیارێتی و
# دەردی خۆبەزلزانی

لە روانگەی گلەیی و بێئومێدیی هەندێ لە دڵسۆزان بەرانبەر بە بەشێک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی، لــە رووی وەڵامنەدانــەوەی داواکاری و بینیــن و تەلەفۆن و نووســراوەکانیان، بەپێویســتمزانی ئەم بابەتە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی لە رووی هۆکار و رێگەچارەوە، هەرچەند هاوڵاتــی خۆشــی بــۆ کاری گــەورە و بچــووک ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە لای بەرپرسە باڵاکان بە

ڕاستەوخۆیی. پێویستە بوترێ؛ بۆچی هاوڵاتی ڕوو لە بەرپرسی باڵا (حزبی یان حکومی) دەکات؟

ئەگەر ئەوەی هەیە بتوانرێ لە دەزگایەکی خوارەوە بە بوون و نەبوون و بە ڕێگەی یاسایی وەڵام بدرێتەوە، ڕەنگە خواستی گەڕانەوە بۆ بەرپرس لای هاوڵاتی بەو جۆرەی ئێستا نەبێت.

هۆکارەکان زۆرن، لەسەرووی هەموویانەوە نەبوونی سیستم و سەروەریی یاسا و پەیڕەونەکردن و جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکانە. لە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، لە تێکەڵکردنی کاری حزبی و کەسیی لەگەڵ کاری دامودەزگاکانی دەوڵەت، لە دانانی کەسی نەشیاوە لە شوێنی شیاو، لە دانانی بەشێک لە بەرپرسە حکومییەکان لە ڕێگەی حزبەکان و تاکەوە ڕاستەوخۆ، لەبری پێوەری سیستماتیکی، پێوەری (پشک پشکێنە و خزم خزمێنە) پەیڕەو دەکرێت، هەروەها بۆ ڕازیکردنی سیفەتی غرور (خۆبەزلزان) وەک هەموو نەخۆشییەکی دەروونیی پێویستی بە تێشوو هەیە، تێشووی خۆبەزلگرتن و پیاهەڵدان و ئارەزووی چوونی هاوڵاتی بۆ بەردەمیان و پاڕانەوە لێیان.

ئەگەرچی هاوڵاتی ئەو کارە دەکات، بەڵام بەپێی هەموو پێوەرەکان، ماف لای هاوڵاتییە، دیارە پێویستیی هەیە ئەگەر یاساییش نەبێ، بەڵام دەکرێ

هــەر لــە دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەگــەر دادوەری هەبــێ، بــۆی روون بکرێتــەوە. هەروەهــا لەبــەر نەبوونی خەســڵەتی بەرپرســیی هەنــدێ لە خاوەن پۆســتە بــاڵاکان، ئــەو خەســڵەتانەی کــە دەبێ لە بەرپرسدا هەبێ، بریتین لەوەی: داواکاریی هاوڵاتی بخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، دەبێ بــڕوای بەخۆی هەبێت بێ خۆبەزلزانین، بەهێز بێت بــێ ئەوەی توندوتیژیی بەکاربهێنێ، نەرمونیان بێت بێ ئــەوەی لاواز بێ، بوێر بێت بێ ئەوەی وشــەی رەق بەکاربهێنێ، لەسەرخۆ بێت بێ ئەوەی تەمبەڵبێ، سادە و ساکار بێت بێ ئەوەی شەرمن بێ. بەرپرس؛ مانای کۆبوونەوەی زۆر و قســەی زۆر نییە، بەڵکو کــردەوەی زۆر. هاوڵاتــی ئەمانــەی پێویســتە، ئەو جۆرە بەرپرسەش گەورە و خۆشەویست دەبێ لای خەڵک. هەروەها خۆبەزلزان، ئەو جۆرە کەسانەن لە رووی سایکۆلۆجییەوە ناتەندروستن. ستیڤ ئێرگ دەڵێ: «سەلمێنراوە کە خۆبەزلزانیی، نەخۆشییەکی دەروونییە، ئەو نەخۆشە پێوەرێکی ناڕێکی ناجۆری بۆ بوون و قورسایی خۆی هەیە»

هەر کاتێ مرۆڤ هەستی بە خۆبەزلزانی کرد ئەگەر کەمیش بێت، دەبێ بزانێ لانی کەمی نەزانیی تێدایە. زانــا، چەند زانــا بێ خۆی بە نــەزان دەزانێ، بەڵام دەوروبــەر بە زانای دەزانێ کە لە راســتیدا زانایی

خۆی ئەمەیە. دیارە باشــترین ڕێگەچارە بۆ دەردی خۆبەزلزانین، پرۆسەی هۆشیارییە وەک چارەسەر و دەرمــان بۆ ئــەو نەخۆشــییە دەروونییە و زیاتر نزیکبوونەوەیــە لــە خەڵــک و تێگەیشــتن لە ئەرک و مافــی بەرپرســیاریەتی. پرۆســەی هۆشــیاریش بەشــێکی ئەرکی خودییە و بەشــەکەی تر ئەرکێکی گشــتی و میدیاییە، خول و وۆرکشــۆپ و چالاکییە جۆربەجۆرەکانــی تایبــەت بــە ڕوانگــەی فێربوون و تێپەڕاندنــی دۆخــی ناتەندروســتی بەرپرســان، بەتایبەتــی کۆمەڵگــەی کوردەواری کــە ئەم دەردە تیامانــدا دەردێکــی گشــتگیرە و دیاردەیــە و باری تایبەتی تێپەڕاندووە.

ئــەم ئەرکــە گشــتییە، پێویســتە دامــودەزگا دەوڵەتییــەکان بیکــەن بە خەمی خۆیــان، چونکە لە ڕاســتیدا ڕاســتکردنەوەی ئەو بارە و هەســتکردن بــە بەرپرســیاریەتی، تــەواوی کۆمەڵگــە و وڵات دەخاتەوە ســەر شاڕێی دروست. ئەمەی ئاماژەمان پێکــرد، ڕێگەچارەی هەنووکەیین بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەی ئێســتامان، بــەڵام چارەســەری بنەڕەتی، بە کارکردنی دروســت لە فەلســەفەی پەروەردە و فێرکردنەوە سەرچاوە دەگرێت.

# ڕۆژی شانازی و نوێکردنەوەی پەیمان بۆ شەهیدانی یەکێتی

٢١ی تشـرینی دووەم، ڕۆژی شـەهیدانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانە. هەڵبەتـە ئـەو شـەهیدانە بـە ئامانجـی بەدیهێنانی ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردستان خەباتیان دەستپێکرد، هەر بۆیە یەکێتیان هەڵبـژارد، چونکـە پێیـان وابوو «کە هەرواشـە» یەکێتـی؛ میکانیزمـە ڕاسـتەکەیە بـۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و سەرکەوتن و سەرفرازیی.
بـۆ ئێمە کـە زۆرینـەی تەمەنمان لەنێـو ڕیزەکانی

یەکێتیدا بەڕێ کردووە، لەو ئەرک و ئامانجە پیرۆزە تێگەیشتووین کە لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ساڵی خەباتی بەردەوامی یەکێتیدا سەدان سەروەری و داستان و نەبەردیی هەن، لەگەڵ ئەوەشدا حەقپێدانەوەی کەسوکاری شەهیدان کە پیرۆزترین شتی ژیانیان بەخشیوە، نە ئاسان بووە و نە ئاسانیش دەبێت، لێ بەردەوامیی خەبات و ڕێبازەکەیان بە شێواز و میکانیزمی نوێ، لایەنی کەمی وەفایە بۆیان.

بەخشینی ڕۆحی شەهیدەکانی بۆ کوردستان، لە ڕۆژەکانی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە دەستپێدەکات، ئەو کاروانە درێژ دەبێتەوە بۆ ئێستا، ئێستای ئازادی و سەرفرازیی بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان. لە پەراوێزی ئەوەشدا، هەڵە و کەموکوڕیی زۆر هەن کە جێگەی پێداچوونەوە و چاکسازیی حزبی و حکومی و ڕێکخراوەیین، بۆ بەخشینی خزمەتی زیاتر، بەڵام ئەمجارەیان بە مۆدیلی جیاواز و بۆ بەدیهێنانی ئەرکی جیاوازیش.

لە مێژووی سەد ساڵەی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستاندا، کەم هێز هەن وەکو یەکێتی جەسوور بووبێتن لە خەبات بۆ ئازادی، هێزیش کەمە وەکو یەکێتی شەهیدی بەخشیبێت، پێشمەرگە و کادیر و ئەندامەکانی ئازا و ئازاد بن، زیندانییەکانیشی وەکو تەوار و هەڵۆ لە بەردەم

پەتــی ســێدارەدا بەئازایەتــی و لەخۆبووردوویيان دوژمنیان تووشی شۆک کردبێت.
کەم بژی و کەڵ بژی، لە پەتی ســێدارە ناترســین، خوێــن و رۆحمان بۆ کوردســتانە، زیندان دەکەینە شــوێنی شۆڕشــی ئازادی کوردســتان، بەشــێکن لەو دروشــمانەی پێش شــەهیدبوونیان، رۆڵەکانی یەکێتــی لەنێــو زینــدان و ســەر شــەقامەکان و لە کاتی هەڵمەتبردنیشــیدا بــۆ دوژمــن دەیانووتەوە. ئەو شــێوازەی یەکێتی لە نەبــەردی و ئازایەتیدا لە خەبــات دایهێنــا، هێندە جێگەی لــێ وردبوونەوەیە؛ کــەوا ئەگــەر ئەنالیزە بکرێــت، دەتوانرێت تیۆرێکی تایبەتــی بۆ خەباتــی رزگاریخوازیی گەلانی دیکەی ژێردەستەیش لێ وەبەربهێنرێت.
ئێستا کە چوار دەیە لە خەباتی یەکێتی تێپەڕ دەبێت، سەرەڕای زۆر شکست و نسکۆ، یەکێتی هەڵساوتەوە و سەرکەوتنی گەورەی لە هەڵبژاردنەکان تۆمارکرد، یەکەم کارێک کە بیکات و هەر دەشبێت بیکات، ئەوەیە کە بچێتەوە بۆ نێو ماڵی کەســوکاری شەهیدەکانی، دەســتیان لە مل بکاتەوە، برینەکانیان ساڕێژ بکات، بیانکاتەوە ســەرقافڵەی خەبات، لە رووی مەعنەوی و مادییــەوە قەرەبوویــان بکاتــەوە، ژیانیان خۆش بکات و ژیاننامەیان بە وردیی بنووسێتەوە، خەباتی ئاییندەشی تژی بکات لە رۆحی ئەوان.

دەرفەتی هەڵسانەوەی زیاتر لە پێش یەکێتیە، حەقە پێکەوە بۆنەی شــەهیدانی یەکێتی بکەینە سەرەتای بەرەوپێشــبردنی زیاتــری یەکێتی، ئــەوان ڕۆحیان بۆ یەکێتی بەخشــی و پێویســتە یەکێتیش بە هەمان ڕۆحیەتــی ئەوانەوە هــەم درێژە بە خەبــات بدات، هەمیــش کوردســتان و ماڵــی شــەهیدەکانی زیاتر ئاوەدان بکاتەوە.

## کاریگەریی بەنداوەکانی تورکیا و ئێران لەسەرچاوەکانی ئاوی عیراق

سەرهەڵدانی شارستانیەتی کۆن لە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە (بلاد الرافدین)، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو دوو رووبارە گرنگە (دیجلە و فورات) و ئەو زێیانەی کە دەڕژێنە سەریان.

ئاو، سەرچاوەی ژیانە بۆ مرۆڤ و هەموو بوونەوەرێک. لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، لە نەوت گرنگتر و بە بەهاترە، پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئاسایشی نەتەوەیی، نیشتمانی، خۆراک، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

سەرچاوەکانی ئاو لە عیراق، بریتین لە ئاوی سەرزەوی، باران و ئاوی ژێرزەوی.
ڕێژەی ئاوی ئەو ڕووبارانەی لە خاکی دراوسێکانەوە دەڕژێنە ناو خاکی عیراقەوە، لەسەدا حەفتا و پێنجی کۆی ڕێژەی ئاوی سەرزەوییە. ئەو ڕێژەیە، بە ئاسانی دەتوانرێ لەلایەن دراوسێکانمانەوە کۆنترۆڵ بکرێت، دەشتوانن وەک چەکێکی ترسناک و فشاری سیاسی و جیۆپۆلەتیکی، لە دژمان بەکاری بهێنن، بەهۆی سەرنەگرتنی گفتوگۆکانی نێوان عیراق و ئەو دراوسێیانە و بەهۆی نەبوونی یاسایەکی نێودەوڵەتی کە بتوانێ ڕێگربێ.
تورکیا دان بەمەدا نانێ کە ڕووباری دیجلە و فورات دوو ڕووباری نێودەوڵەتین، تا ئێستا پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی ئەو دوو ڕووبارە تەنها بە زەوییەکانی وڵاتانی دراوسێ تێپەڕ دەبن (المیاه العابرة)، هەرچەندە لە کۆی درێژیی (١٧١٨) کم، (١٤٠٠)کم بە خاکی عیراقدا و (٥٠)کم بە خاکی سوریادا تێدەپەڕێت.
دەمێک ساڵە ئێران و تورکیا فشاری ئاو لەسەر عیراق بەکاردەهێنن و ڕۆژبەڕۆژیش بەرەو خراپتر دەڕوا.
ئێران لە ساڵی ١٩٧٥دا بەمەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان، لەگەڵ ڕژێمی

عیــراق بە پەیمانی جەزائیر لەســەر ئاوی کەنداوی عەرەبــی ڕێککەوتــن. هەروەهــا کە شــەڕی نێوان عیراق و ئێران لە ســاڵی (١٩٧٩) هەڵگیرســا، ئێران زۆربــەی ڕێــڕەوی ئەو رووبارانەی گــۆڕی کە لە خاکی ئێرانەوە دەڕژانە ناو زۆنگاوەکانی باشــوور و بــوو بەهــۆی وشــککردنی بەشــێکی زۆری ئەو زۆنگاوانــە. ڕێــڕەوی کارون و کەرخــەی گۆڕیوە، بەهۆی دروستکردنی دەیان بەنداو، ئەویش بووەتە هــۆی وشــککردنی زۆنگاوەکانــی باشــوور. تەنها لەســەر رووباری کارون، (١٥) بەنداوی دروســت کردووە.

عیــراق خۆشــی، دژی هاوڵاتیانــی خۆی لــە کاتی ڕاپەڕینــی شــیعەکانی باشــوور، بەشــێکی تری لە زۆنگاوەکان وشک کرد.

ئێران بەردەوامە لە دروستکردنی بەنداو، بێ گوێدانە خاکی عیراق بە کوردستانیشەوە. بەنداوی کۆلسەی لە ناوچەی زەردەشــت دروســت کردووە، بووەتە هــۆکاری دابەزینێکی چاوەڕواننەکراو لە ئاوی زێی بچووک (زاب الصغیر) و کاریگەریی ڕاســتەوخۆی لەســەر نزیکەی (٩٠) هــەزار هاوڵاتــی ناوچەکانی پشــدەر و ڕانیــە هەیــە، جگــە لــە کەمکردنــەوەی ســەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، کاریگەریی لەســەر ڕێژەی کشتوکاڵ و سەرمایەی ماسیش زۆرە.

بڕینـــی ئاوی زێی بچـــووک، دەبوایە لـــە مانگەکانی تشـــرینی یەکەم تا کۆتایی حوزەیـــران بوایە، بەڵام ئێـــران بـــێ گوێدانـــە هیـــچ پێوەرێـــک، لـــە کۆتایـــی حوزەیـــران و لـــە کاتـــی کەمیی ئاو، دەســـتیکرد بە بڕینی و راســـتەوخۆش کاریگەریی لەسەر بەنداوی دوکان هەیە، کە ئەویش جۆرێکە لە شەڕی ئاو دژی هاوڵاتیانی کوردستان و عیراق.
رژێمی ئێران بەردەوامە لە دروستکردنی بەنداوەکان لەســـەر ئەو رووبـــار و زێیانـــەی لـــە خاکەکەیەوە دێنـــە ناو خاکی کوردســـتانەوە. رووبـــاری ئەڵوەند کـــە ســـەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کشـــتوکاڵی شـــاری خانەقیـــن و دەوروبـــەری، زۆر کەمـــی کـــردووە. ئـــاوی دەربەندیخـــان بەهۆی دروســـتکردنی دەیان بەنداو لەسەر زێی سیروان کە سەرچاوەی لەسەدا حەفتـــای ئاوی دەربەندیخانە، کێشـــەی گەورەی بۆ زەوییەکانـــی نێوان هەڵەبجە و پارێزگای ســـلێمانی دروست کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٠ کێشەکە گەورەتر و مەترســـیدارتر دەبـــێ، دەبێتە هۆی لەدەســـتدانی (٣٢٠٠) هێکتـــار لـــە زەوی کشـــتوکاڵی ناوچەکانـــی هەڵەبجە و سەیدسادق و دەربەند.
لەلایەن تورکیاشەوە، پرۆژەی گاپ لەسەر رووباری دیجلە و فورات دروست دەکرێ، کە پرۆژەیەکی زۆر گەورەیـــە. بەپێی راپۆرتێکی (زانکـــۆی ئەلنەهرەین)

ئامانــج لە دروســتکردنی ئەو پرۆژەیــە، کە (٢٠٠) بەنداو و (١٩) وێستگەی کەهرۆئاوییە، ئاودێریی نۆ ملیۆن دۆنم زەوی کشــتوکاڵی ناوچەکانی ئەنادۆڵە بــە کۆکردنەوەی (١٠٠) ملیار مەتر ســێجا ئاو. ئەم پرۆژەیە، دەبێتە هۆی لەدەســتدانی سێیەکی زەوی کشــتوکاڵی لــە خاکی عیراق لە ماوەی (١٥) ســاڵی داهاتوودا.

هەروەهــا پرۆژەی بەنداوی ئەلیســۆ، کە تورکیا لە دووریی (٧٥)کم لە ســنووری عیراقەوە دروســتی کردووە، بەمەبەســتی گلدانەوەی (١١,٤) ملیار مەتر ســێجا ئاو. بەپێی هەندێ ســەرچاوە، ئــەو بەنداوە دەبێتــە هۆی وشــکبوونی (٢,٧) ملیۆن دۆنم زەوی کشــتوکاڵیی لە خاکــی عیراق و دەبێتە کێشــەیەکی گەورە، بەتایبەتی بۆ دانیشــتوانی لادێکان و ناوچە کشتوکاڵیەکان.

ئــەو بەنداوانــەی لەســەر رووبــاری فــورات دروســتکراون، تورکیا پێنج بەنداو و ســوریا ســێ بەنداو و لە عیراقیش تەنها یەک بەنداوە.

بەپێی هەندێ ســەرچاوە، رێژەی ئــاو لە رووباری دیجلە و فورات، پێش ساڵی (١٩٩٠)، ساڵانە نزیکەی (٧٨ – ٨٠) ملیار مەتر ســێجا بووە، ئێستا رێژەکەی سێیەکی جارانە بەهۆی پرۆژەکانی وڵاتە دراوسێکان و کەمیــی رێــژەی بــاران و زۆربوونــی رێــژەی

دانیشـــتوان و زیادبوونی چالاکییە پیشەسازییەکان و خراپیـی بەڕێوەبردنــی ســەرچاوەکانی ئاو. ئەو کەمبوونەوەیە لە ڕێژەی ئاو، مەترسی بەبیابانبوون بەسەر ناوچەکەمانەوە زیاتر دەکات.

وشـــککردنی زۆنـــگاوەکان، کارەســـاتێکی ژینگەیی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کولتوورییـە. جاران (بەپێی ڕاپۆرتەکانی حکومەتـی فیدراڵ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان) ڕووبەری زۆنگاوەکان (٨٩٠٠)کم دووجا بووە، بەڵام ئێســـتا نزیکەی لەسەدا هەشتای وشـکی کردووە و بووەتـە هۆکاری لەدەســـتدانی بەشـێکی زۆر لـە ســەرچاوەکانی بژێویـی ژیـان بـۆ خەڵکـی ناوچەکە، وەک: ســەرچاوەی ماسـی و کشـــتوکاڵ و کەمبوونــەوەی ڕووەکـی قامیش و بــەردی و دەیان جـۆر ڕووەکی تر کـە ژینگەکەی ئاوی ســوێرە. ئەو ڕووەکانە، ســوودی تایبەتی بۆ دانیشـــتوانی ناوچەکـە هەبـوو. لـە ڕووی ژینگەی ژیانــی ئاژەڵیشــەوە، زیانی زۆریــان بەرکەوتووە؛ کەمبوونــەوەی ڕێــژەی گامێش بـە ڕادەیەکی زۆر بەرچاو، دەیان جۆر باڵندەی کۆچەریی لەو ناوچانە بــەرەو کەمیـی ڕۆیشـــتوون، هەنـدێ لــەو باڵندانە ڕێــڕەوی کۆچیــان بــەرەو وڵاتی تر گۆڕیــوە. ئەو باڵندانە، شوێنی مانەوەیان و زاوزێیان لەو ناوچانە نەماوە، کە جۆرێک بوون لە ئێکۆسیستمی ناوچەکە

و سەرمایەی بەشێک لە بژێویی ژیانی دانیشتوان.
بەپێـی زانیارییـەکان، ئـەو ناوچەیە جـاران (١٣٤) جۆر باڵندە و ئاژەڵی زۆر دەگمەنی تیا بوو، ئێسـتا ژمارەکە زۆر کەمبووەتەوە، هەندێکیان هەر نەماون.
وشککردنی زۆنگاوەکان، هۆکارێکە بۆ گۆڕانکاری لە کەشـوهەوا و رادەی شێ و گەرمبوون، جاران پلـەی گەرمیی لەنێوان (٢٥ - ٣٣) پلەی سـیلیزی بوو، رادەی شـێ لەسـەدا شەسـت و یەک بوو. ئێسـتا رادەی شێ لەسەدا چل و یەکە. ئەو بایەی بـە ناوچەکـەدا تێپەڕ دەبـوو، شـێی ناوچەکەی دەبرد و فێنک دەبووەوە، ئێسـتا بەسەر وشکانیدا دەڕوا، بۆیـە هیچ گۆڕانکاریی بەسـەردا نایەت و هیـچ نابات بـۆ ناوچەکانی تـر. هەروەها رێژەی دانیشتوان زۆر کەمی کردووە و کۆچیان کردووە بەرەو شارەکان.
ماوەیەک بـە هاوکاریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، توانـرا بەشـێک لـەو ناوچانـە بژێنرێتـەوە، بەڵام دیسـانەوە ئـەو هەوڵانـە خەریکـە لاواز دەبنـەوە بەهۆی دراوسێکان و لاوازیی پلانی عیراقەوە.
پـاش هەوڵێکـی چەنـد سـاڵە، توانرا زۆنـگاوەکان لـە رێکەوتـی ١٧ی تەمـووزی ٢٠١٦ بخرێنـە ناو رێکخـراوی یۆنسـکۆ، وەک ژینگەیەکـی دەگمەنـی سروشتی.

ئاو، جگە لەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانەوە هەیە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر ژینگە و پاراستنی ئیکۆسیستمیشەوە هەیە. تێکچوونی، دەبێتە هۆی پیسبوون و گۆڕانکاریی ئیکۆسیستم (بالانسی ژینگەیی تێکدەچێت) و پێکهاتەکانی ژینگەیی کەم دەهێنن.

بەپێی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد، ئاوی عیراق بە هەموو پێوەرێک ئاوێکی پیسە، چونکە چەند ئاو کەم بکات، ڕێژەی پیسبوون زۆر دەبێ. هەروەها زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان و چالاکیی مرۆیی و پیشەسازی و بەکارهێنانی مادە ژەهراوییەکان بۆ قەلاچۆکردنی مێرووەکان و بەکارهێنانی زبڵی کیمیاوی بۆ کشتوکاڵ و فڕێدانی پاشماوەکانی ئەو چالاکییانە بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها بەهۆی کرداری (بەزل) شۆرینەوەی زەوی لە شۆراوگە (خوێ) و فڕێدانی پاشماوەی شلی نەخۆشخانەکان و شارەوانی و لاوازیی وێستگەکانیان، ڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو ئاو و ئاوەڕۆ و لەوێشەوە بۆ سەرچاوەکانی ئاو.

بەپێی هەندێ ڕاپۆرت، وێستگەکانی پاککردنەوەی ئاو، توانای لەسەدا سی و حەوتی پاککردنەوەی هەیە. بەپێی پێوەرەکانی پشکنینی ئاو، بە لایەنی

کەمــەوە (٢٠) جـۆر مادە دەبینــرێ، لەوانە: ڕێژەی سوێریی هەڵواسراوەکان (عوالق) و لیتڵی، توانەوەی مادە ڕەقەکان – کلۆریدەکان، کبریتەکان، فۆســفات، نیترات و میکرۆبەکان لەســەر شێوەی بەکتریاکانی ئیشریکی کۆلونی (Escherichia coli)... و هتد.
بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەوڵەتی، عیراق لە خانەی یەکەمــە لە ڕووی ڕێژەی ئاو و ســەرچاوەکانی بە بــەراورد بە وڵاتــە عەرەبییەکانی تر، ســاڵانە هەر تاکێک (٩٦٧) مەتر ســێجای بەردەکەوێ، لە کاتێکدا پێش (٥٠) ساڵ، بۆ هەر تاکێک ڕێژەکە (٤١١٥) مەتر سێجا بووە.
ساڵانە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی فیدراڵ، هەر تاکێک پێویستی بە (٣٥٠) لیتر ئاو هەیە بـۆ یەک ڕۆژ. لەگەڵ ئــەوەی عیراق بە پلەی یەکەم دێ، بــەڵام یەکێکە لەو وڵاتانەی دەناڵێنن بەدەســت کەمیــی ئــاوی خواردنەوە و کشــتوکاڵەوە، بەهۆی لاوازیی ئیدارەدانی زانســتییانە بۆ ســەرچاوەکانی ئاو و بەهەدەردانی، کەمیی زانیاری و ڕۆشــنبیریی لەلایەن تاکەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون بۆ ئیدارەدانی.
عیراق، بەکۆی گشــتی، پێویســتی بە ڕێژەی (٥٠ – ٦٠) بلیۆن مەتر ســێجا ئاو هەیــە و ڕێژەی زەویی کشــتوکاڵیش (١٠) ملیــۆن دۆنــم تێناپــەڕێ، بۆیــە

بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر کەمە، هەر بۆیە ئاسایشی خـۆراک لە مەترسـیدایە. هەر وڵاتێکیـش نەیتوانی ئاسایشی خۆراکی بپارێزێ؛ ئەوا سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا و بڕیارە گرنگەکانی لە دەستی خۆی نامێنـێ. وڵاتە عەرەبییەکان نەیانتوانیوە ئاسایشـی خۆراکیـان بپارێـزن، نزیکـەی (٣٠) ملیـار دۆلار جیاوازیی نێوان هـاوردە و هەناردەیە، بەڵام ئێران تا رادەیەک توانیویەتی ئەو ئاسایشە بپارێزێ، وەک نـەوت و بایەخی نەوت سـەیری کشـتوکاڵ دەکات و دروشـمەکانی بـەردەوام (کشـتوکاڵ نەوتمانـە) دووبـارە دەکاتـەوە، هەمـوو ڕێگە زانسـتییەکانی بەکارهێنا بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک.

لـە کۆتاییـدا بە بوونـی بەرنامەیەکـی داڕێژراو لە چوارچێـوەی سـتراتیژێکی دەوڵەتیـی درێژخایەن و سـوودوەرگرتن لە سـەرچاوە سروشتییەکان و گەشەی بەردەوام و داڕشتنی بەرنامەیەکی چڕوپڕ و بەشدارییپێکردنی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت، دەتوانرێ زۆربەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن.

# ڕەخساندنی دەرفەتێکی دیکە بۆ خانەنشینان

لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کەسانی خانەنشین، هێزێکی کاریگەرن بۆ کاری خۆبەخشــی، خۆیان و توانا و بیر و هزریــان تەرخان دەکەن لە خزمەتی خەڵک و کاری خێرخوازی و دەوڵەت و بەخشینی راوێژ و ئەزموونی چەند ساڵەی ژیانیان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیانە. لــە هەندێ وڵاتیــش و هەندێ جــار، کاتێــک تەمەنی خانەنشینییان دێت، جۆرە گرێبەستێک دەکەن، بە نیوە مووچە یــان بە خۆبەخشــی، لەگــەڵ دامودەزگاکەی خۆیــان یــان هــەر دەزگایەک پێویســتی بــە توانا و راوێژیان هەبێ. لە هەمان کاتدا یانەیەک و شــوێنێکی

تایبەتیان بۆ تەرخان دەکەن بۆ دەیان جۆر چالاکی و لێکنزیکبوونـــەوەی توێژەکەیان، ئەمانە و دەیان جۆرە ڕێگـــەی تر و چالاکیـــی تر بەکاردەهێنن بەمەبەســـتی دوورخســـتنەوەی کەســـانی خانەنشـــین لـــە بێهیوایی و بێهودەیـــی و خەمۆکـــی، هەروەهـــا بۆ ئـــەوەی ئەو هەســـتەیان لا بڕەوێتەوە کە ئیتر ناتوانن بەخشندە بن و کۆمەڵ ئیتر پێویستی پێیان نەماوە، بەمەش هەستی بەختەوەری و بەخشـــندەییان لا قووڵتر دەکەنەوە. لە هەمان کاتدا هاوکارێکە بۆ وەرگرتنی هەندێ یارمەتی مـــادی و مەعنەوی و هاوکارییەکـــە لە کەمبوونەوەی مووچەکەیانـــدا، ســـوودی دەبێت بۆ خۆی و خۆشـــی و بژێوی ژیان و پزیشـــک و دەرمان کە لەو تەمەنەدا زۆربەی کات نەخۆشیی زیاتر رووی تێ دەکات، بەڵام هەندێ جاریش و هەندێ کەس هەن، دەڵێن دەمانەوێ ئیتـــر بۆ خۆمان بژیـــن.لای ئێمە، لە زۆربەی کاتدا، کە کەسێک خانەنشین دەکرێت، هیچ پلانێک و ستراتیژێک نییە بۆ ســـەرقاڵکردن و بایەخپێدانیان، بۆیە هەستێکی نێگەتیڤیان لا دروست دەبێ کە چیتر توانای بەخشینیان نەماوە و تووشی خەمۆکی و داڕمانی دەروونی دەبن، هەر بۆیە دەبینین بە یەک ساڵ لەماڵەوە چەند ساڵێک لە تەمەنیان تێدەپەڕێ و مەراق دەدەنە تەندروســـتیی خۆیان و نەخۆشـــیی جۆراوجۆریان لێ دەردەکەوێ، ئەو مووچە کەمەش کە وەریدەگرن، بەشـــێکی باشـــی دەچێتە خەرجیی پزیشک و دەرمان.

لێرەدا دەمەوێ باس لە توێژێکی گرنگی خزمەتی گشتیی بکـەم، کە ئەویش توێژی سـەربازییە، دەیان کەسـی ئەکادیمیـی سـەربازیمان هەیە، توانـا و ئەزموونێکی زۆریـان هەیە، زۆربەیـان لەماڵەوە دانیشـتوون بێ ئەوەی کەس سوود لە تواناکانیان وەربگرێ.
لـە ویلاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، وەزارەتـی جەنگاوەرانـی پێشـوو هەیـە (محاربیـن القدمـاء) شانبەشـانی وەزارەتـی بەرگری و هـاوکاری یەکن. لـە چەند وڵاتـی تریش دامـەزراوەی دەوڵـەت هەیە لە ئاسـتێکی بـەرزدا بۆیـان. لە ئیتاڵیا بە گرێبەسـت بـۆ ماوەیەک لـە وەزارەتی بەرگریـدا دەمێننەوە یان بەخۆبەخشـی، یان بەرانبەر مووچەیەکی کەم. راستە لای ئێمە رێکخراوی پێشمەرگە دێرینەکان هەیە، بەڵام رێکخراوەکـە سـەر بە دەوڵەت نییـە و کەمترین جار راوێژیـان پـێ دەکرێت و زۆر کەمیشـیان ئەکادیمین لەبواری سـەربازی و ئێسـتا بێکارن و لـە ماڵەوەن. نـەوەک نـاوی هەندێکیانـم لا نەبـێ وەک کەسـێکی مەدەنی و غەدریان لێ نەکەم، بەڵام بەشێکیان هاوڕێ و ناسیاون کە توانایەکی لەبننەهاتوویان هەیە، لەوانە دەیان ئەفسـەری لێهاتوو و ئەفسەر بە پلەی روکن و لیـوای تۆپخانە هەن کە لە بواری رشـتەی تۆپخانەدا کاریـان کـردووە، هەروەهـا کەسـایەتیی ئەکادیمیی لۆجسـتیی فڕۆکەوانی و فەریقـی یەکەمی فڕۆکەوان کە فەرماندەی هێزی ئاسـمانیی عیراق بوون لە دوای

رووخانی رژێم و هەمانە راگری کۆلێجی جەنگاوەریی بـووە. ئەمانە مشـتێکن لە خەرمانێک، لـە ماڵەوەن و دانیشـتوون و بێکارن و هەڵگری بڕوانامەی ماسـتەر و دکتـۆرا و دیبلۆمـی بەرزن لەو بـوارەدا، هەروەها کەسـانی کوردپـەروەر و دڵسـۆزن و ئەزموونێکـی کەڵەکەبووی گەورەیان هەیە.

دەوڵەت دەتوانێ سـەنتەرێ دروسـت بـکات بەناوی (سـەنتەری توێژینـەوەی سـەربازی و سیاسـی) بۆ نەخشـە و هەڵسەنگاندنی کاری سەربازی و ستراتیژ دارشتن و هاوکاریی پێشمەرگە و فێرکردنی کاروباری ئەکادیمیی سەربازیی لەناو هێزەکانی سەربازیدا.

هەنـدێ پیشـە هەیـە کـە رەنگـە کێشـەیان نەبێ لە خانەنشـینکردنیان، لەوانـە: پزیشـک و دەرمانسـاز و ئەندازیـار و... هتـد، دەتوانـن لـە کاری تایبەت بە خۆیـان بـەردەوام بن. بەداخـەوە، دەوڵـەت پلانێکی دارێـژراوی نییـە بـۆ پیشـەوەرەکانی دەوڵەت دوای خانەنشـینکردنیان، مـن لەگەڵ ئەوەدام خانەنشـینیی بەپێی یاسـا لە کاتی خۆیـدا بکرێ، بۆ ئەوەی جێگەی گەنـج بێتـەوە و دابمەزرێن، بەڵام ئـەو خەڵکەش کە چەندین سـاڵە خزمەتی دەوڵەت و میللەتیان کردووە، لە چاوتروکانێکدا دەستبەرداریان بێ و بێ پلان بەرەو ماڵەوەیان بنێرنەوە، ئەستەمە.

# منداڵانی ژێر دەستی داعش لەنێوان کێشەکانیان و ڕێگەچارەکانی چارەسەرکردنیاندا

شــەڕ، لە هەناویدا ئــازار و مەینەتی و نەهامەتی و مــردن و وێرانیــی بــۆ خەڵکی بێتــاوان هەڵدەگرێ. ئەوەی دەیبینین لە میدیاکان، تەنها وێنەی کوشــتن و بڕیــن و دەربەدەرییــە، ئەمانە ڕەنگــە ڕۆژگار تا ڕادەیەک ســاڕێژیان بکات و بیربچنەوە، نموونەش زۆرن لــە مێــژووی کوردەواریمانــدا، بەڵام ئەوەی نابینــرێ و ڕۆژگار نایســڕێتەوە، کاریگەرییــە دەروونییەکانــە لە دەروونی هــەر کارەکتەرێک کە

لەو سـەردەمەدا ژیـاوە و تێکەڵبـووە لەگەڵ ئازار و نەهامەتییـەکان. بەشـێوەیەکی گشـتی، منـداڵ و ژن، قوربانـی سـەرەکیی شـەڕن، لەکاتێکدا خۆیان هۆکاری هەڵگیرسانی نەبوون.
شـەڕی دژی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتیی داعش، کە بەرۆکـی ناوچەکـەی گرتووەتـەوە و تا ئێسـتاش بەردەوامە، دەبینین چ ماڵوێرانییەکی بەدوای خۆیدا هێناوە.
لـەم نووسـینەدا، دەمـەوێ بـاس لـە داعـش و کاریگەریی ئەو شـەڕە لەسەر منداڵ لەو ناوچانەی کە راسـتەوخۆ لە شەڕی دژ بە داعش ژیاون بکەم.
ئەو منداڵانەی کە بوونەتە قوربانی و چارەنووسیان دیار نییە بەهۆی داگیرکردن، توندڕەوی و هەژاری و بێهیوایی و خەمۆکی و قوربانی دەستی شەریعەت و ئەوانـەی دیلـن و چاویان لـە رزگارکەرێکە، ئەو منداڵانەی بێبەشـبوون لە خوێنـدن، ئەوانەی پێیان دەوتـرێ نەوەکانـی ئەلبەغدادی یـان بێچووەکانی خەلافە و ئەوانەش کە کاری سـیخوڕی و تەقینەوە و کوشـتنیان پـێ کـردوون. بۆ هـەر جۆرێک لەو قوربانیانـە، پێویسـت دەکات پۆلێنیـان بکەیـن بەمەبەسـتی پەنجـە خسـتنە سـەر کێشـەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە:
لایەنـی خوێنـدن و فێرکردن و پـەروەردە: بەهۆی

شەڕەوە، منداڵان بێبەش بوون لە خوێندن و فێربوون، کاریگەرییەکان درێژخایەن و قووڵن لەسەر باری دەروونییان و ئامادەبوونیان بۆ پێشوازیکردن لە بەربەرستەکانی ژیانی دوارۆژیان. بەپێی راپۆرتێکی یونیسێف لە ساڵی ٢٠١٥ بە ناونیشانی «فێربوون لەژێر ئاگرباران لە ناوچەکانی رۆژهەڵات»، نزیکەی سێ ملیۆن منداڵی عیراقی، لە تەمەنی خوێندنن و بێبەشبوون لە خوێندن. ئەم ژمارە قەبەیە ئەگەر هەندێکیش زیادەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆرە کە دەبێتە هۆکاری دواکەوتنێکی مەزن لە رووی تاک و کۆمەڵەوە.
ئەوەی زۆر ترسناکە، لایەنی فێرکردن و پەروەردەکردنە کە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش پەیڕەوی کردووە لە ناوچەکانیاندا. ئەم رێکخراوە دڕندەیە، هەوڵی جددیان داوە بۆ سڕینەوەی مێشکی منداڵان و چاندنی هزر و فکری توندڕەوی و توندوتیژی و گیانی تۆڵەسەندنەوە، بە مەشق و راهێنان و وانەی تایبەت. هەموو وانە سەرەکییەکانیان گۆڕیوە بەمەبەستی گەیشتن بە مەرامەکانیان.
بەپێی راپۆرتەکان و بەدواداچوونم و پرسیارکردن، بۆم دەرکەوتووە بە پلانێکی داڕێژراو ئەم کارەیان ئەنجام داوە و دەستکاریی هەموو وانەکانیان

کـــردووە. بـــۆ نموونـــە؛ وانـــەی وەرزش و هونـــەر لابراون و گۆڕیویانە بە مەشقی جیهادی و چۆنیەتی بەکارهێنانـــی چەک و تەقەمەنی و شـــاردنەوەیان و راهێنانیـــان لەســـەر کوشـــتن و ســـەربڕین. بۆ ئەم مەبەســـتە، بووکەڵەیـــان بە جلوبەرگی ســـەربازیی عیراقییـــەوە بەکارهێنـــاوە. هـــەر منداڵێکیـــش پابەند نەبووبـــێ بـــە ڕێنماییەکانیـــان، تووشـــی لێـــدان و ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی بووەتەوە.

نموونەیەکـــی تـــر؛ وانـــەی مێـــژوو گـــۆڕدراوە بۆ ئەزبەرکردنـــی قورئـــان و (تەجوید و فقه) و نوێژ و ژیانی پێغەمبـــەر و ئەبوبەکر بەغدادی. جوگرافیاش رزگاری نەبووە لە دەستیان و سنووری نێوان عیراق و سوریایان لابردووە و دەوڵەتی خەلافەیان داناوە، هەروەها ناوچەکانی کوردنشین و شیعەکانیان وەک شـــوێنی کافر داناوە کە پێویســـت دەکات بکوژرێن. لـــە ماتماتیکیش بە هەمان شـــێوە، ســـێو و پرتەقاڵ گـــۆڕاون بۆ دەبابە و تەقەمەنی و نیشـــانەی کۆ (+) لابراوە و کراوە بە (Z)، چونکە (+) لە خاچی مەسیح دەچێت.

جگە لـــە خوێندنگـــەکان، دەیان ســـەنتەری راهێنان و مەشـــقیان کردووەتـــەوە بـــۆ ئـــەو منداڵانـــەی کە تەمەنیـــان لە نێوان ٨ بۆ ١٦ ســـاڵانن، بەمەبەســـتی پەروەردەکردنیان لەســـەر بیروبـــاوەڕی توندڕەوی

و توندوتیـژی و چۆنیەتـی بەکارهێنانـی چـەک و تەقەمەنـی و ئەنجامدانـی کاری خۆکـوژی و بەشـدارییان لـە شـەڕ و جێبەجێکردنـی فەرمانی لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵ، هەندێک جاریش وەک پەرژین و قەڵغانی مرۆیی لە پێشەوەی شەڕ دانراون.

هەنـدێ لـەو منداڵانـە ڕفێنـدراون، هەندێکیشـیان ئارەزوومەندانە چوونەتە ریزەکانیانەوە.

بەپێـی راپۆرتێکـی عیراقی؛ ١٥٠٠ منـداڵ چوونەتە ریزەکانـی داعشـەوە، کـە هەریـەک لـەو منداڵانە ئەگـەری شـڵەژان و تێکدانی ناوچەیەکـی فراوانی هەیە ئەگەر چارەسەرکردنیان بەهەند وەرنەگیرێ.

بۆ مەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە یان کەمکردنەوەی ئاسەوارە خراپەکانی، دەبێ:

**یەکـەم**: دەرگای خوێندنگـەکان بەپەلـە بکرێنەوە و ئەوانەی دارماون چاکبکرێنەوە.

**دووەم**: ئەو مامۆستایانە لابرێن کە چوونەتە ریزەکانی داعش بەئارەزوومەندانە.

**سـێیەم**: بەهێمنی و بەبـێ بەکارهێنانی توندوتیژی، هەوڵی سڕینەوەی بیری توندڕەوی بدرێت.

**چـوارەم**: خوێندنگەکان بکرێن بە شـوێنی ئاشـتی و پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن.

**پێنجەم**: بە چاوێکی نزم سەیری ئەو منداڵانە نەکرێت کە چوونەتە ریزی داعش و هەوڵی تایبەتیان لەگەڵ بدرێ بۆ گەڕانەوەیان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵ.

**شەشەم**: سەرقاڵکردنیان بە کار و چالاکیی جۆراوجۆر و جددی و بەسوود.

**حەوتەم**: دانانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکان.

**هەشتەم**: دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ ئەوانەی چەند ساڵێکی خوێندنیان لەدەستچووە.

**نۆیەم**: وانەی ئایین بگۆڕدرێت بۆ تیۆلۆجی (زانیاری دەربارەی ئایینەکان و خواکان لە مێژوودا)، بەمەبەستی رێزگرتن لە ئایینەکانی تر و یەکتر قبوڵکردن.

**دەیەم**: خوێندنی وانەی مافی منداڵ و مافی مرۆڤ.

سەبارەت بەو منداڵانەی رەچەڵەکیان دیار نییە، کە بەهۆی (زەواجی جیهاد و نیکاح) لەدایکبوون و باوکیان یان کوژراون یان دەستبەرداریان بوون و رایان کردووە، هەندێکیش بەهۆی دەستدرێژیی یان سەبی (کڕین و فرۆشتن) کە پێیان دەوترێت نەوەکانی بەغدادی یان نەوەکانی خەلافە و ژمارەشیان کەم نییە، تا ئێستا ژمارەی ئەو منداڵانە نەزانراوە و باس ناکرێ بەهۆی قورسیی حاڵەتەکە. ئەم جۆرە منداڵانە قوربانی راستەوخۆی پیاوەکانی

داعشن و چارەنووسیان دیار نییە و زۆربەی جار لە کۆمەڵی دواکەوتوو بە چاوێکی نزم ســەیر دەکرێن و قبوڵکردنیان ئەســتەمە، رووبەڕووی سووکایەتی و بێڕێزیــی دەبنــەوە تەنانــەت لەنــاو خێزانەکانــی خۆشیاندا.

**بەمەبەســتی کەمکردنەوەی ئەو ئاســەوارە خراپانە، دەکرێ چەند رێگەیەک بگیرێتەبەر:**

١-بۆ چارەسەری رەچەڵەکیان، پێویستە یاسایەکی تایبەت دەربکرێت.

٢-رێگــە بــدرێ ئەو ژنانەی کە شــوویان بە داعش کردووە لە رێگەی شــەرعەوە، بە فەتوایەک بتوانن شووبکەنەوە.

٣-لــە رێگــەی رێکخــراو و دەزگاکانــی راگەیاندن، بایەخێکــی تایبەتی بە کەیســەکانیان بدرێ و وەک قوربانی سەیر بکرێن نەک وەک تاوانبار.

٤-هەوڵبــدرێ لە رێگــەی خێرخوازەکانەوە هەندێ لەو منداڵانە تەبەنی بکرێن.

٥-دەوڵەت بەرپرسیارێتیی سەرەکی هەڵبگرێ.

بەپێــی راپۆرتێکــی یونامی ئەو منداڵانــەی لەلایەن رێکخراوی داعشــەوە رفێندراون و چوونەتە ریزی داعشەوە، ٨٠٠ بۆ ٩٠٠ منداڵن کە تەمەنیان لەنێوان (٩ - ١٥) ســاڵیدایە، ئەم منداڵانەش بەهەمان شێوە

مەشـــق و راهێنانیان پێ کراوە. هەندێ لەو منداڵانە هەوڵی راکردنیان داوە، بەڵام کاتێ کە گیراونەتەوە، کوشتویانن، بۆیە بەشی زۆریان لە ترسدا ماونەتەوە.
لەم بارەیەشەوە دەکرێت چەند خاڵێک بگرینە بەر:
١- ئەرکی ســـەرەکیی دەوڵەتە بۆ رزگارکردنیان لە دەستی داعش و بیانگەڕێنەوە ناو کەسوکاریان.
٢- کردنەوەی سەنتەری مەشق و راهێنانی تایبەت، بە سەرپەرشتیی پسپۆڕ و پزیشکی دەروونناسی و بە هاوکاریی رێکخـــراوە بیانییەکان و ناوخۆییەکان بەمەبەستی چارەســـەری دەروونی و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵ.
٣- گرنگیدان بە هاوکاریی کەســـوکاریان لە هەموو روویەکەوە.
ئـــەو منداڵانـــەی کـــە نەکەوتوونەتـــە ژێـــر دەســـتی داعشـــەوە و رزگاریان بووە یـــان ئاوارەبوون یان ماونەتـــەوە لـــە شـــوێنەکانی خۆیـــان، هەندێکیـــان شـــاهیدحاڵی سەربڕینەکان بوون بە وردەکارییەوە، هەندێکیشـــیان کەســـوکاریان لەبەرچـــاوی خۆیـــان کـــوژراون یان رفێندراون، شـــاهیدحاڵی شـــەڕەکان بـــوون و ماڵوێرانـــی و دەربەدەرییـــان بینیـــوە و بەشێکیشـــیان تووشـــی ئـــازار و ئەشـــکەنجەی راســـتەوخۆ بوونەتـــەوە لەلایـــەن داعشـــەوە، هەر کاتێک کە ئەو منداڵانە دەدوێنین، ترسی زۆریان لێ

بەدی دەکرێ و باس لەو حاڵەتە ترسـناکانە دەکەن کە بەچاوی خۆیان بینیویانە و ترسـی زۆریشـیان هەیـە لە گەڕانەوە و دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکان، لە دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی و خەمۆکی و ترسدا ژیان بـەڕێ دەکـەن. بەپێـی راپۆرتی هەنـدێ ڕێکخراو و پزیشـکەکان، بەتایبەتـی لـە کەمپی ئـاوارەکان، ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کـە بەشـی زۆری ئەو منداڵانە تووشی شـڵەژانی دەروونیی خراپ بوون، بەتایبەتـی دیاردەی نەخۆشـیی دوای ڕووداو (بعد الصدمـة) یـان (تراوما). ئـەم منداڵانە، پێویسـتیان بە چارەسـەری زانستی و ریشـەیی هەیە و ئەگەر چارەسەر نەکرێن؛ ئەوا لە هەموو ژیانیاندا ئاسەوارە خراپەکانی لەگەڵیاندا دەمینێ.

**بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتانە، هەندێ خاڵ دەخەینەڕوو:**

١- کردنـەوەی سـەنتەری مەشـق و راهێنـان بەمەبەسـتی چارەسـەر لەژێر چاودێریی پسپۆڕی تایبەت لەم بوارەدا.

٢- پێویسـت دەکات خێزانەکانیـان هاوکاربـن بـۆ چارەسـەر و بۆ ئەم مەبەسـتەش خول و راهێنانی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە.

٣- لـە خوێندنگەکانیـش بخرێنـە ژێـر چاودێریـی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٤- سەرقاڵکردنیان بە چالاکیی جۆراوجۆر بەمەبەستی لەبیربردنەوەی ڕووداوەکان، بەتایبەتی یاریی فوتبۆڵ و وێنەکێشان.هاوکاریکردنیان بۆ دەربڕینی بەسەرهاتەکانیان تا بتوانن هەستە شاراوەکانیان لەبەردەم هاوڕێکانیان بە ئاسانی و بە ڕوونیی دەربخەن.

زۆر کێشەی وردی تر هەن، وەک: برسیەتی، باری خراپی تەندروستیی جەستەیی،ماڵوێرانی و لەدەستدانی هاورێ و کەسە نزیکەکان، نەبوونی جلوبەرگی پێویست و شوێن و کەرەستەی یاری و زۆری تر.

بۆیە پێویست دەکات هەماهەنگیی فراون و هەمەلایەنە بگیرێتەبەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و زانستی، دەنا دەبنە بۆمبی چێنراو، هەرکاتێکبێ دەتەقێتەوە.

# با لە کاروانەکە دوانەکەوین

ئاشــکرایە کەوا کات لە دنیــادا و لە تەواوی بواری ژیاندا ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەیە، بۆ نموونە؛ لــە بواری داراییدا، کات یەکســانە بە ســەرمایە. لە بواری سیاسیدا، یەکسانە بە دەستکەوت و گەشەی تەندروســت. لــە بواری ڕۆشــنبیریدا، یەکســانە بە هۆشیاریی. ئەمە بۆ هەموو سێکتەرەکانی تریش بە هەمان شێوە ڕاستە.

ئــەوەی من لێرەدا مەبەســتمە قســەی لێــوە بکەم،

چۆنیەتـــی مامەڵەکردنـــە لەگەڵ کات بەشـــێوازێکی دروســـت و زانســـتی، چونکـــە ئەگـــەر ســـەرەڕای گرنگییەکـــەی مامەڵـــەی دروســـت لەگـــەڵ کات نەکـــرێ، ئەوا بەهاکـــەی پێچەوانە دەبێتـــەوە، واتا؛ ســـوودەکەی دەبێتە زیان، یان لانی کەم زیانەکەی زیاتـــر دەبێ لە ســـوودەکەی، هەر بۆیـــە بەلامەوە گرنگە بڵێم بەشـــێوەیەکی گشـــتی، مرۆڤ پێویستە مامەڵەیەکی ژیرانە لەگـــەڵ کات و ئەولەویەتی کار رێـــک بخات، هەروەهـــا ژن بەشـــێوەیەکی تایبەتتر مامەڵـــە لەگەڵ کات بـــکات، بەتایبەت بـــۆ کۆمەڵگە تازەپێگەیشـــتووەکانی هاوشێوەی ئێمە، کە رۆڵ و کاریگەریی ژن تا رادەیەک فەرامۆش کراوە و رێک نەخراوە.

بەپێی تەواوی بیردۆزە زانســـتییەکان لەم رووەوە، خشـــتەی کار، پێویســـتە لـــە رووی گرنگیی کات و کارەوە راستەوانەبێ، واتا؛ گرنگترین کات، تەرخان بکرێـــت بۆ گرنگتریـــن کار، بەو شـــێوەیە تا دەگاتە کـــەم بایەختریـــن کات و کار، ئەمە پشتئەســـتوورە بـــە بیـــردۆزی (باریتـــۆ) کـــە زانایەکی ئیتاڵـــی بوو. پرەنســـیپی بیردۆزەکەی، بە رێژە دیاری کردووە و دەڵێ: بە رێکخســـتنی دروستی کات و کار، دەتوانی بە لەسەدا بیستی توانا مرۆییەکان، لەسەدا هەشتای دەســـتکەوت و بەرهەمت هەبێ و بەپێچەوانەشەوە،

ڕێژەکــە پێچەوانــە دەبێتــەوە، ئەوکات بــە توانای لەسەدا هەشتا، تەنها دەبێتە خاوەنی لەسەدا بیستی دەســتکەوت و بەرهەم، کە ئەوە لە ڕووی گرنگیدان بە کات و ڕێکخســتنی، بە زیــان ئەژمار دەکرێت و پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتن دوادەخات. ئەمە بۆ هەموو کایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕووناکبیری، زانستی... و هتد، هەر ڕاستە.

بۆ ئێمە وەکو کورد، پاشان بۆ ئێمە وەکو ژن، گرنگە لــە داهاتووی خۆماندا مامەڵەمان لەگەڵ کات و کار هەڕەمەکیی نەبێ و بەپێی ئەم بیردۆزە زانســتییانە پلانیــان بۆ دابنێین، تا بتوانین داهاتوومان گەشــتر بێت. هێندە لەگەڵ ڕابردوو بژین کە تەنها ســوودی بــۆ داهاتوومــان لــێ وەربگریــن و داهاتوومان بە خشــتەی زانســتیی بۆ کات و کار و بۆ شــمەک و پێویستیی ڕێک بخەین. قسەکردنمان بۆ ڕێکخستنی شــمەک و پێویســتی، بۆ ئەوەیە مرۆڤ هاوشێوەی کات و کار، هاوســەنگیی لەنێوان پێداویســتییەکانی ژیــان و دابینکردنی شــمەک دروســت بــکات، واز لــە کەڵەکەکردنی کەلوپەلی بێســوود بهێنــێ، واتا؛ ئەولەویــەت بداتە ئــەو پێداویســتییانەی کە ڕۆژانە لــە ژیانیــدا بەکاریدەهێنێ، بەو جــۆرە هەتا دوایی. هەندێــک جــار مــرۆڤ گرنگیــی بــە هەندێ شــت دەدات و کۆیــان دەکاتەوە کە نە بەکاریاندێنێ و نە

پێویســتیەتی، بەڵکو وەک خوو و ئارەزوویەکی لێ هاتووە.

لە ئێستادا ژنان لەبەردەم کۆمەڵێک ئەرکی گرنگدان، بـۆ ئـەوەی لــە کاروانەکــە دوانەکەوین، پێویســتە کاتەکانمان بەفیڕۆ نەڕوات و سوودی تەواوەتی لێ وەربگرین، ئەمەش وردبوونەوەی زیاتری دەوێت.

# ئازادکردنی موسڵ و سیناریۆکانی دواتر

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا قسەی لەسەر بکەم، ئەو هەنگاوە گرنگ و پێویستانەن کە دوای ئازادکردنی شاری موسڵ، لە پێشینەی ئەرکەکانی دەوڵەتن.

سەرەتا ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە دەسەڵاتێکی راستەقینە لە موسڵ پەیڕەو بکات و چیتر نەهێڵێ ئەو ژینگە لەبارە باڵادەستبێ کە بەردەوام مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە پێشێل بکات، کە بۆ خۆی ژینگەیەکی گونجاو بوو بۆ پەسندکردنی بیروباوەڕی داعش.

ئەمە بۆیە دەڵێم، ئەگەر داعش وەک دەسەڵات و خەلافەتەکەی لە موسڵ نەمابێ؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە بەشی هەرە گەورەی داعش و بیرکردنەوەی داعشیانە، لەنێو فکر و بیرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەهلی سوننەی موسڵدا ئامادەیە و ماوە.
ئەمە ناکاتە ئەوەی لەبری حوکمی سوننە، دەسەڵاتێکی نادادپەروەری تۆڵەسێنی شیعە درێژە بە حوکمڕانیی مەزهەبیی بدات، بەڵکو پێویستە دەوڵەت لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون حوکم بکات، بێگومان ئەگەر ئەمە نەکرێت، درێژە بە ستەم و زۆردارییەکانی مێژوو دەدەن لەسەر پێکهاتە جیاوازەکان. کە باسیش لە پێکهاتە جیاوازەکان دەکەین، ئەوەندەی مەبەستمان کوردە، هێندەش مەبەستمان لە مەسیحی و ئێزدی و تەواوی پێکهاتەکانی تریشە، ئەگەر لە رووی ژمارەوە زۆر کەمیش بن.
ئەگەر بمانەوێ ئەمە وردتر بکەینەوە، دەبێ بڵێین ئەرکی لە پێشینەی دەوڵەتە کە پلان و پرۆژەی پێویستی هەبێ بۆ ئەم شارە و ناوچە هاوشێوەکانی، کە بەتەنها خۆی لە بونیادنانەوەی ژێرخاندا نابینێتەوە، بەڵکو هاوتەریب بێ بۆ گیانی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان، چونکە بەدرێژایی مێژوو، بەتایبەت لەسەر وەختی حوکمڕانیی تیرۆریستاندا، پێکهاتەکان جگە لە سوننەی عەرەب، نەک هەر فەرامۆش کرابوون،

بەڵکو لە پێکهاتە کارەساتبارەکانی قۆناغە جیاجیاکانی نائارامی و توندوتیژییەکانی شـــارەکە بوون، پشـــکی هەرە گەورەی کۆمەڵکوژی و بەکاڵاکردن و ماڵوێرانی و دەربـــەدەری، بەر ئـــەو پێکهاتانە کەوتـــوون کە لە سایەی حوکمی داعشدا گەیشتە لوتکە.

یەکێکـــی دیکـــە لـــەو خاڵانـــەی پێویســـتە لەســـەری بووەســـتین، دەرکەوتەکانـــی پـــاش ئازادکردنـــی موســـڵە، کـــە بـــە خوێندنـــەوە بـــۆ پەیامـــە فەرمی و نافەرمییـــەکان، هەســـتیان پێ دەکرێ. بـــۆ نموونە؛ لە پەیـــام و پیرۆزبایی لایەنە جیاجیاکاندا بۆ پرۆســـەی ئازادکردنی موسڵ، گومان دەکرێ لە نیەتی لایەنەکان بۆ داهاتووی حوکمڕانی. بۆ نموونە؛ هێزی پێشمەرگە کە لە کاریگەرترین بەشـــدارەکانی ئـــەم جەنگە بووە و لەنێـــو پەیام و پیرۆزبایی ســـەرکردایەتیی جیهانیی دژی تێـــرۆر، قوربانیەکانـــی بـــەرز نرخێنـــرا، ئەوەتا دۆناڵـــد ترەمپ کە خـــۆی و وڵاتەکەی بە پلەی یەکەم ســـەرکردایەتیی هاوپەیمانیـــی دژی تیـــرۆر دەکـــەن، وێڕای پیرۆزبایی ئازادکردنی موسڵ، دەڵێ «دڵگرانیی خۆمان بۆ لەدەستدانی ژمارەیەک لە هێزەکانی عیراق و پێشـــمەرگە پاڵەوانـــەکان دەردەبڕیـــن، کـــە گیانیان بەخشی لەپێناو گەڕانەوەی ژیان بۆ وڵاتەکەیان». وەک دەبینین، ترەمپ رۆڵ و بەشـــداریی هێزی پێشمەرگە، هاوتای هێزە عیراقییەکان دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە

لایەنــە جیاجیاکانی حکومەت و مەرجەعیەت و حزبە عیراقییەکان، بە هیچ جۆرێک وەک پێویســت قوربانی و دەوری پێشمەرگەیان نەنرخاند.
ئەمــەی باســمان کــرد، پێمــان دەڵێــت؛ بەداخــەوە، نیەتپاکیــی لــەم پەیامانە بەدی ناکــرێ و بۆنی ئەوە دەکــرێ کە فیتنەیەکی نــوێ بەڕێوەبێت لەنێوان هەر سێ پێکهاتەی کورد، سوننەی عەرەب و شیعە.
بەو گۆڕانەی لە پێکهاتەی دیمۆگرافیی ناوچەکە دەبینرێ، لاسەنگ بە لای شیعەدایە. بۆ نموونە؛ ئێستا لە کۆی ١٦ یەکەی ئیداریی پارێزگای موســڵ، تەنها شەش یەکە لە دەست کورددایە و بەشێک لەو ناوچانەی لە دەست هێزە عیراقییەکان (شــیعە)دان، ناوچەی کوردنشینن، کە ئەمە بۆ خۆی هەم ئاماژەی کێشــەی گەورەیە بۆ داهاتووی ناســنامەی ئەو ناوچانە، هەمیش بۆ کاریگەریی لەسەر گۆڕانــکاری لــە ئەنجامــی هەڵبژاردنەکانــی داهاتوو و گۆڕان لە هاوکێشــەی دەنگداندا. ئیتــر یەکلاکردنەوەی ئەم کێشــانە، لەبــەردەم دوو ئەگەردایە، یان شــەڕێکی دیکەی نەخوازراو کــە ماڵوێرانیی زیاتر بەدوای خۆیدا کێش دەکات، یان دانوستان و گفتوگۆی پشوودرێژانەی هەمەلایەنــە، کــە دیــارە هەمــووان دەبێــت لە ئاســتی ڕەچاوکــردن و هەڵبژاردنــی ڕێگــەی دووەمــدا بن، بۆ سەلماندنی پەرۆشییان بۆ داهاتووی خەڵک.

# داگیرکاریی کولتووری و ڕێگری ناوخۆیی

بەشـێک لە بەرنامەکانی دەوڵەتانی خاوەن سیفەتی پاوانخوازیی دەرەکی، بۆ کارکردن لە ژیانی گشتیی میللەتانی دیکـە، هەوڵدانیانە بۆ گۆڕینی کولتوور و دابونەریت و بەها باوە ڕەسـەنەکانی ئەو میللەتانە. پلە بە پلە کار دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردن و سووککردنی ئـەو ڕەسـەنایەتییە، ئـەوەش لە ڕێگـەی ڕێکخراو و دامـەزراوە مەدەنـی و خوێندنگـە و مینبەرەکان و بەهـۆی بەرنامـە و زنجیـرە تەلەڤزیۆنییەکان و فیلمەکان، ئاسانتر بەدی دێت. بەم پلانە ئیش دەکەن

بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و کار لەسەر بەهاکانی دەکەن، بەشـێوازێک کـە بگوازرێتەوە بۆ ئەو کولتوور و دابونەریتەی دەوڵەتانی چاوبرسـی و بەمەش ئەو کەشە دەخوڵقێت کە مەبەستیانە.
لـەم نێوەنـدەدا، وڵاتانـی داگیرکـەر کار دەکـەن بـۆ شـێواندنی ناسـنامە نیشـتمانی و نەتەوەیـی میللەتـی مەبەسـتدار، وەک راسـتییەکیش هەمـوو گۆڕانکارییەکان لەسـەر هەموو ئاسـتەکان ئاسانتر بەدەستدێت لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، ئەمەش چەنـد هۆکارێکـی هەیـە کـە هەندێکیـان بابەتی و هەندێکیشیان هۆکاری خۆیین.
ئەوەی تایبەتە بە دۆخی خۆمان، دەبینین لە ڕێگەی ئـەو ئامرازانەوە هەوڵ دەدرێت کار بکەن لەسـەر ناسـنامە و بەهـا کۆمەڵایەتییەکانمـان، ئەمـەش هەندێکی مەبەسـتدارە و هەندێکی مەبەستدار نییە. ئەگەر بڕوانینە دەسـتوەردانی سیاسی، ئابووری و کولتووریـی وڵاتانی ناوچەکە بـۆ گۆڕینی ژیانمان، دەبینیـن تورکیـا پشـکی شـێری بەردەکەوێت. لە رووی کولتوورییـەوە، بـە بەرنامەی جۆراوجۆری تەلەڤزیۆنی و شێوازی پەخشکردنی فیلم و میوزیک و زنجیرەکان، یەکانگیرە لەگەڵ شێوازی کارکردنی راگەیاندن و کولتووری تورکیا.

لــە رووی ئابوورییەوە، بــە ڕێژەیەکی زۆر گەورە، وڵاتەکەمان گرێدراوە بــە بازاڕ و دراوی ئەوانەوە. لــە رووی سیاسیشــەوە، زۆر ئاشــکرایە چــی کاریگەرییەکی لەســەر ئاســتی میللــی و فەرمیمان هەیــە. دەرهاویشــتەی ئەمانــەش، کاریگەرییەکــی گــەورەی هەیە لەســەر رەهەنــدە کۆمەڵایەتییەکان کە بەو ئاراســتەیە دەڕوات بــۆ گۆڕینی یان بە لای کەمەوە شێواندنی ناسنامە رەسەنەکانمان.

ئەوەی مایەی ســەرنجمانە، زۆربەی ئــەم بەرنامە و زنجیرانــە کــە رۆڵــی ســەرەکی دەبینــن لــە گۆڕانکاریــی کولتوورەکەمــان، بــە نرخێکــی زۆر کــەم پێمــان دەفرۆشــێت کــە زۆر جیــاوازە لــەو نرخــەی دەفرۆشــرێت بــە وڵاتانی دیکــە، ئەمەش راســتیی بۆچوونمــان دەســەلمێنێ کە ئــەوان کار بــۆ ئامانجێکی تایبــەت دەکەن، کە زیانبەخشــە بۆ ئێســتا و ئاییندەمــان. گەر وانەبــێ، قوربانی نادەن بە لایەنی دارایی و دەســتکەوتی ئابووری، هەڵبەتە ئەم دامــەزراوە میدیاییانە لە رێگــەی دامودەزگای هەواڵگری و فەرمیی ئەو وڵاتەوە ئاراســتە دەکرێت و دیاریشە پشتگیریی داراییان دەکەن تا ئەو بەرنامە سەرەکییەی دایانڕشتووە، سەربگرێت.

ئەمە مشــتێکە لە خەرمانی ئەو مەترســییانەی پەی پــێ دەبەین، مەبەستیشــمانە هەمووومــان بەئاگابین

لێی، چونکه هێشـــتا کات ماوه و دەتوانین کاری بۆ بکەین لەسەر ئاسـتی کولتووری و بایەخ بدەین بە هەمـــوو ئەو ئامرازانە کە کاریگەریی راســـتەوخۆی لەســـەر مێنتالییـــەی تاکی کـــورد، لەو رووەشـــەوە دەبێـــت پاڵپشـــتییەکی میللـــی و فەرمیـــی هەبێت بۆ تێکـــڕای شـــێوازە رۆشـــنبیرییەکان. ئەمانـــەش لـــە کۆتاییـــدا رەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی دەبێت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیمان و مایەی پاراســـتنی ناســـنامەکەمان دەبێـــت. گەشـــەی کۆمـــەڵ گونجـــاو دەبێـــت لەگەڵ پەرەســـەندنە نوێکاندا، لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی باشی بۆ ژیانی سیاسیمان دەبێت.

# کورد و
# ئەرکی بێشکچیناسی

ئەگــەر بڕوانینە تەواوی باوەڕی دنیایی و ئایینیمان، دەبینیــن لــە هەمــوو ئاســتێکدا بەرگریی لــە چەند بنەمایەک دەکەن، وەک: راســتگۆیی و دادپەروەری، یەکسانیی ئەرک و مافەکان. گەر لەم روانگەیەشەوە لە فکر و روانینی ئیسماعیل بێشکچی بڕوانین، بۆمان دەردەکــەوێ (بێشــکچی) دیاردەیەکــی مرۆڤایەتیی تەندروســتە و خــۆی دابڕیوە لە هەمــوو روانینێکی نەتەوەپەرســتی و رەگەزپەرســتی، کــە ئەگەر هەر

کەسـایەتییەک چـاوی لـە تێپەڕاندنی سـنوورەکان بـێ و جیهانگیریی بێـت، دەبێ هەڵگری سـیفەت و هەڵوێستەکانی بێشکچی بێت.
بـۆ بیرمەندانـی کورد، دڵسـۆزی و بەرگریکردن لە پرسـە نەتەوایەتییەکان، ئەرکێکی بێمنەتانەیە، بەڵام بـۆ کەسـایەتییەکی بیانـی، نەک ئەرک نییـە، بەڵکو دەتوانێ پێچەوانەکەشی بکات، کە نایکات و بەرگریی لـە مافـی نەتەوەیەکـی ژێردەسـتە و سـتەملێکراو دەکات بـە هەسـتێکی مرۆڤانـەی راسـتگۆیانە و واقیعیانە، ئەوە دەیکاتە کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی خاوەن هەڵوێست و رێزلێگیراو لە ئاستێکی فراواندا، کاریگەریـی گرنگیشـی دەبێـت بـۆ پێشـڤەچوونی کەیسەکانی ئەو نەتەوەیە.
لە هەرێمی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی دادپەروەریی بەرقـەرار بێ، پێویسـتە لـە ئاسـت داکۆکیکردن لە مافی کەمینەکان، هەر یەکێکمان بێشکچیئاسا مامەڵە بکەین، بۆ ئەوەی هاوشـێوەی ستەمکارانی خۆمان، ستەمکاری نەتەوەکانی تر نەبین.
بێشـکچی، یەکێکە لە هەرە دۆستە گرنگەکانی کورد، کـە بـە رەچەڵەک تورکـە. پرۆفیسـۆر ئیسـماعیل بێشـکچی، لە ساڵی ١٩٣٩ لە ئەرزڕووم لەدایکبووە. یەکەم توێژینەوەی مەیدانی، لە سـاڵی ١٩٦١ ئەنجام

داوە لەســەر زمان و مێژووی کــورد و جوگرافیای نیشــتمانی کورد، بەو هۆیەوە دەســتگیر و دادگایی کــراوە و ســزای ١٣ ســاڵی بەســەردا ســەپێنراوە. لە ســاڵی ١٩٧٤، بە لێبوردنی گشــتیی ئــازاد کراوە. لــە ســاڵی ١٩٧٧، کتێبێکی تری بە چــاپ گەیاندووە لەســەر راگوێزانــی زۆرەملێــی کــورد. دیســانەوە درا بــە دادگا و هــەر لەناو زیندان، لەســەر پرســی کــورد کتێبێکی تری دەردەچێ و ســێ ســاڵ حوکم دەدرێتــەوە. لــە نووســینەکانی تــری: کوردســتان کۆلۆنیاڵی نێودەوڵەتییە، روانگەکان دەربارەی پارتی کرێکارانــی کوردســتان (پەکەکــە). هەروەها دەیان وتار و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد هەیە و خاوەنــی ٤٢ کتێبە، کە بەشــێکی گرنگیان لەســەر کوردە.

تــا ســاڵی ٢٠٠٠، ســزا دراوە بە ٧٦ ســاڵ زیندانی و قەرەبــووی حــەوت ملیار لیــرەی تورکی. بەکۆی گشــتی، ١٨ ســاڵ لە تەمەنی لە زیندانەکانی تورکیا بەســەربردووە بۆ بەرگریی لــە مافەکانی نەتەوەی کورد و بوو بە یەکێک لــە بەناوبانگترین زیندانییانی بیروباوەڕ لە تورکیا و جیهاندا.

گرنگیی نووســینەکانی بێشــکچی، لە سەردەمێکدایە کە بوێرانە بیروبۆچوونەکانی بۆ تورکیا و بۆ جیهان

بڵاوبووەتــەوە، کــە باســکردن لــە پرســی کورد و مافەکانی، نەک هەر بقە بوو لە تورکیا، بەڵکو قەدەغە بوو، هەروەها جیهانیــش خۆی کەڕولاڵ کردبوو لە ئاست پرسی کورددا.

بێشــکچی، کاریگەریــی ئەرێنیی لەســەر زۆرێک لە نووســەر و رۆشــنبیر و تورکە رەگەزپەرســتەکان هەبــووە، تا بۆچوونەکانیان بگــۆڕن و واز لە بیری تەسک و رەگەزپەرستی بهێنن.

نووســینەکانی بێشــکچی، ســنووری تورکیــای بەزانــدووە و باســی کورد لــە عیراق و ســوریا و ناوچەکانی تریش دەکات بەشــێوازێکی زانستیانە و مرۆڤدۆستانە و شیکارییانە.

لــە یەکێــک لە وتە بــە نــرخ و کاریگەرەکانیدا دەڵێ «٤٠ دەوڵەت لە جیهاندا هەن رێژەی دانیشــتوانیان لــە یــەک ملیۆن کەمتــرن، کەچی کــورد ٤٠ ملیۆنن و بــێ وڵات و بــێ دەوڵەتن. ئەگــەر تورکیا بیەوێ دیموکراتیی بێ، دەبێ رێگەچارەیەک بۆ پرسی کورد بدۆزێتــەوە». هەروەهــا دەڵێ «کوردســتان هەیە، بەڵام لــە ئاییندەدا، بۆیە دەبێ کورد خۆی بگەیەنێتە ئەو ئاســتەی کــە لەگەڵ ئەو بارە ئاڵــۆزەی تیایەتی کار بکەن و بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان دوور لە دروشــمی بریقەدار و گوتاربەخشــینەوە و

بەکاربردنی توانــاکان، تێگەیشــتنەکە وایە تواناکان بخرێتە چوارچێوەی کاری دیپلۆماســی و عەقڵانیی، بــۆ ئــەوەی کوردســتانێکی ســەربەخۆ هەبێ دوو ئەوەنــدە بە ئیــرادە و توانا بێ، ئــەوەش وا دەکات دەرگاکان بە رووی ئەگەرەکاندا زیاتر بێ».

بێشــکچی، دەیــان خەڵاتــی زانســتی و ئەدەبیــی رەتکردووەتەوە و تەنها خەڵاتی یەکێتی نووسەرانی نەرویجــی وەرگرتووە، ئەویــش لەبەرئەوەی وڵاتە ئەسکەندەنافییەکان چەکیان نەفرۆشتووە بە تورکیا کە ببێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی کورد.

بچووکتریــن وەفامــان بەرانبــەر بــە بێشــکچی، وەرگێڕانــی هەمــوو نووســینەکانیەتی بــۆ زمانــی کوردی و ناســاندنی ئەو مرۆڤە کورددۆســتەیە بە هەموو تاکێکی کورد.

# هەلێکی زێڕینی تر
# بۆ چارەنووسی کەرکوک

کەرکوک، شارێکی گرنگ و زیندووی کوردستانییە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و بەپێی رای مێژوونووسان، بنیاتنانی ئەو شارە، بۆ ساڵی ١٦٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە. خاکەکەی دەوڵەمەندە بە سەروەت و سامانی سروشتیی وەک: نەوت و گاز، هەروەها زەوییەکی بە پیتی هەیە بۆ کشتوکاڵ. لە رووی جوگرافیشەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و چەند شارێکی سەرەکیی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە بۆ لایەنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی بایەخی خۆی هەیە.

کەرکوک، لەو شارە کوردیانەیە کە بەردەوام لەبەر شاڵاوی ناحەزان و چاوچنۆکان، ئارامی بەخۆوە نەبینیووە. لەمێژەوە، لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا رووخانی رژێمی سەدام حسێن، رژێمەکان هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیی ئەم شارەیان داوە. مێژووی ئەم رووداوانە و شایەتحاڵەکانی، زۆر نزیکە و زۆربەیان ماون. رژێمی سەدام، خێزانی عەرەبی لە شارەکانی ترەوە بۆ ناو کەرکوک و دەوروبەری هاوردە دەکرد و نیشتەجێی دەکردن و دەیان ئیمتیازاتی پێ دەدان، زەوی لە خێزانە کورد و تورکمانەکان دەستاند و دابەشی دەکرد بەسەر خێزانە عەرەبەکاندا، لە هەمان کاتیشدا کوردەکانی بەرەو شارەکانی تری عیراق ئاوارە دەکرد بێ هیچ ئیمتیازاتێک، تەنها بەمەبەستی پاکتاوکردنی رەگەزیی (Ethnic Cleansing) بوو بۆ گۆڕینی راستییە مێژووییەکانی شارەکە، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە کوردستانیبوونی شارەکە و رێژەی راستەقینەی کورد تیایدا.
لە دوای رووخاندنی رژێمی سەدام، کەرکوک بوو بە داواکارییەکی گرنگ و سەرەکیی کورد و بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی. مورافەعە گرنگەکەی جەنابی مام جلال لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا، سیمبولێکی درەوشاوەی ئەو داخوازییە بوو.

لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی و نائارامی سەردەمی دوای رووخانی سەدام، کێشەی کەرکوک لەگەڵ ئەو ناوچانەی تر کە کەوتبوونە بەر شاڵاوی پاکتاوی رەگەزی و مەزهەبی، خرانە ناو یەک سەبەتەوە بەمەبەستی چارەسەری و مادەیەکیان بۆ دارشت، کە لە سەردەمی (برێمەر)ی حاکمی ئەمەریکا لە عیراق، بەناوی مادەی ٥٨ دایانرشت، لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عیراقیشدا، بوو بە مادەی ١٤٠ی دەستوور بە هەمان ناوەڕۆکی مادەی ٥٨ لەگەڵ دیاریکردنی کات بۆ جێبەجێکردنی. مادەی ١٤٠، ئالیەتی ناڕوونی لەخۆگرتووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، کە کەرکوک بەشێکی هەرە گرنگیەتی.

ئەم مادەیە، لە دوور و نزیکەوە باسی لە کوردستانیبوونی کەرکوک نەکردووە، تەنها هێمای بۆ لایەنی ئیداری و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و مافە زەوتکراوەکان کردووە، هەر بۆیە لە ئێستادا تورکمان و عەرەبە توندڕەوەکان لە زۆر دۆخدا پەنای بۆ دەبەن بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی خودی مادەکە و دانپێدانان بە راستییە مێژووییەکاندا. سەرەڕای ئەوەی بەپێی ئەو ئامارانەی لە چوارچێوەی ئەنجامداندا

سەلماندویانە، ڕێژەی دانیشـــتوانی کورد (٥٨,٢٪)ە بە بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوانی گشتیی کەرکوک، کە ئەویش بەڵگەیەکی زانستی و دادپەروەرانەیە بۆ سەلماندنی ڕاستییە مێژووییەکانی کوردستانیبوونی ئەو شارە لەگەڵ ئەو هەموو ڕاگوێزانەی کە کرابوو.
پێکهاتـــەی کەرکـــوک، فـــرە نەتەوەییە، بـــە درێژایی مێژوو، کـــورد لەگەڵ نەتەوەکانـــی دیکەدا بەیەکەوە ژیـــاون وەک خاوەندارییەتی گشـــتیی بۆ ئەو شـــارە، لەوانەش: عەرەب، تورکمان، ئاشووری و ئەرمەن.
بابەتێکـــی تـــری گرنگ کـــە ئەمڕۆ زۆر باســـی لێوە دەکرێ و بڕیـــاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی لەســـەر دراوە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە لەسەر قـــەڵا و دامودەزگاکانی حکومەت. ئەمە مافێکی زۆر ســـادە و ســـەرەتایی دانیشـــتوانی کەرکوکـــە و ئەم مافـــە بەهیچ جـــۆرێ دژ بە دەســـتوور نییە، چونکە مادەیـــەک نییە لە دەســـتوور باس لـــە هەڵنەکردنی ئاڵای کوردســـتان بکات و لە کاتی سەردانی شاندی یەکێتی و پارتی بۆ بەغدا بۆ پرسی ئاڵا هەڵکردن لە کەرکوک و ریفراندۆم لە هەرێم، پێشنیاریان کردبوو ئاڵا لەســـەر دامـــەزراوە نافەرمییـــەکان بمێنێتەوە و لەســـەر دەزگا حکومییـــە باڵاکان لاببـــرێ تا مادەی ١٤٠ جێبەجـــێ دەبێ. لێـــرەدا پرســـیار ئەوەیە؛ کام مادەی ١٤٠؟ کەی؟ چۆن؟

لەوەتەی دەستوور نووسـراوەتەوە، جێبەجێکردنی مادەکـە بووەتـە گرێکوێرەکـەی حکومەتەکانـی فیـدراڵ و توانای جێبەجێکردنیان نییە، هەر جارەی بەبیانوویەک نەیانویسـتووە ڕێچکەی خۆی بگرێت. باشـە ئەگەر دەیانەوێ ئاڵا هەڵکردن ببەستنەوە بە مادەی ١٤٠ و جێبەجێکردنی؛ ئەوا پێویسـتە یەکەم هەنگاو وەک نیەتپاکی، یاسای ریفڕاندۆم کە ئەرکی پەرلەمانـی عیراقە، دەربکـەن بۆ کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان پێش هەڵبژاردنی گشتی، کە لە مانگی تشـرینی دووەمـی ئەمسـاڵ دەکـرێ، چونکـە کێ دەڵێ ئەگـەری هەڵبژاردنەوەی بەڕێز عەبادی وەک سـەرۆک وەزیران دەبێتـەوە، ئەگەر بەڕێز عەبادی هەڵنەبژێردرایـەوە، کێ دەڵـێ حکومەتی دوای ئەو پابەند دەبێت بەو ڕێککەوتنەوە؟
لەنـاو یاسـای ریفراندۆمەکـەدا، مـەرج و کات و سـاتی جێبەجێکردنی دیـاری بکرێت و خاڵێکی تێدا بێـت ئەگەر لە کاتـی دیاریکـراودا جێبەجێ نەبوو، ئۆتۆماتیکیـی کەرکـوک و ناوچـە دابڕێنـراوەکان بچنەوە سەر هەرێم، هەروەها پێویستیش دەکات بۆ داڕشتنی یاسای ریفراندۆم بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، لیژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لەناو هەرێم پێکبهێنرێت و هاوکاری لیژنە سیاسییەکە بێت لە کاتی دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.

هەلێک هاتووەتە پێشـــەوە، هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عیـراق نزیکـە، ئەگـەر ئەمجـارەش سـەرکردە سیاسـییەکانمان و دەسـەڵاتی کـوردی ئـەم هەلە نەقۆزنـەوە و لە دەسـتی بدەن؛ ئەوا پەشـیمانی و پەنجەگەسـتنی بـەدوادا دێـت، زۆر جاریـش داخ کراوین و با چیتر نەسووتێین و دەستگیراو نەبین و نەهێڵین هەڵمانبخەڵەتێنن، هەم ئاڵا لابەین و هەمیش مافەندی (دەسـتبەتاڵ) دەربچین لـە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

کـورد وتەنی؛ ئەگـەر جارێـک هەڵتخەڵەتاندم، ئەو خـوا بتگـرێ و ئەگەر بـوو بە دووجـار، ئەوە خوا هەردووکمان بگرێ و ئەگەر بوو بە سێ جار، ئەوە خـوا من بگرێ. ئیتر حەقـە نەهێڵین خوا لەوە زیاتر بمانگرێ.

# دەوڵەتی سەربەخۆ و پرسی نەبوونی ستراتیژیی کوردستانی

داواکاریی سەربەخۆبوونی کوردستان، داینەمۆی بزووتنەوە ئازادیخوازە یەک لەدوای یەکەکانی نەتەوەی کورد بووە. هەستکردن بە چەوساندنەوە و نەبوونی مافی هاوڵاتیبوون، وایکردووە ئەو داواکارییە بەردەوام بێت و هەزاران قوربانی لەپێناویدا بدرێت. هەر لە ساڵی ١٩١٦ لە پەیمانی سایکس- پیکۆوە، دواییش دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی پادشایی لە ساڵی ١٩٢١ تاکو ١٩٥٨ و

دواتریش حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کۆماری عیراق، کورد هەرگیز هەستی بە هاوڵاتیبوونی خۆی نەکردووە.

ئەو عیراقەی کە پێی دەوترێت دەوڵەتی پێکەوەژیانە، هیـچ کات ئارامـی بەخـۆوە نەبینیووە و هەمیشـە کێشـەی پێکهاتەکان هەبووە و نەگونجاون پێکەوە و زۆربـەی کاتیش گێرەشـێوێنی و شـەڕ لەئارادا بـووە، چ لەنێـوان یەکتری یان راسـتەوخۆ لەگەڵ دەسـەڵاتدا. کەواتە کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانکاریی لـەو سـنوورە بکرێـت و بەشـێوەیەک نەخشـە بکێشـرێتەوە کە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکاندا بێت، ببێتـە مایەی ئارامـی لە ناوچەکە و خۆشـبەختیی بۆ پێکهاتەکان، سـنووریش هەرگیز ئەوەندە پیرۆز نییـە کە نەتوانرێ بگـۆڕدرێ، ئەوەتا لە ئەوروپای رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەیان گۆڕانکارییان بەسەردا هێنـاوە لەپێناو بەرژەوەندیـی نەتەوەکان و ئارامی ناوچـەکان. وڵاتـە دراوسـێکانیشـمان هەمیشـە سـنووریان بەزانـدووە و رێزیـان لـێ نەگرتووە، ئەوەتـا تورکیا رۆژانە سـنووری عیراق دەبەزێنێ هەر جارە بەبیانوویەک.

بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەتی کوردی لە باشـووری کوردسـتان، پێویسـتمان بە هەنـدێ بنەمای گرنگ هەیـە، لـە هەموویـان گرنگتـر، بـە هاوڵاتیکردنی

داواکارییەکەیە، ئەویش بە رێگەی ریفراندۆم دەبێت، بەڵام دەبــێ بەرچاومان روون بــێ، ریفراندۆم بۆ، چۆن، لەکوێ و لە کام ناوچەیە و کەی دەکرێت؟
پێویســت دەکات ســتراتیژێکی نەتەوەیی دابڕێژرێ و بکرێــت بــە پــلان و پلانەکانیــش بچنــە بــواری جێبەجێکردن بــە ئیرادەیەکی بەهێز لە گوتار بچێتە دەرەوە بۆ کار و چیتر خۆڵ نەکرێتە چاوی هاوڵاتیان.
هەروەها پێویســت دەکات لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عیــراق پەیوەندیمــان بــە دۆســتایەتی بهێڵینــەوە، هەروەها دۆســتە دێرینەکانی کورد بهێنرێنە ســەر خەت و هاوکارمان بن. پشتگیریی دیپلۆماسیی زۆر گرنگە بە مەرجێ رێگە دیپلۆماسییەکان لە خزمەتی نەتەوەیــی و داواکارییەکەدا بن و نەخرێنە خزمەت بەرژەوەندیی حزب و پڕوپاگەندە بۆ تاک.
کوردســتان ناوچەیەکــە پێکهاتــەی تریــش لەگەڵ کورددا دەژین، بۆیە دەبێ بە هەموو شێوەیەک ئەو پێکهاتانە دڵنیابن لە هاوڵاتیبوونیان بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشــتییانە، دەبێ لەئێستاوە ئەم پێکهاتانە هەســت بەو دڵنیابوونــە بکەن و ببنە مایەی ئارامی و هاوکاریی بۆ بڕیاردانی سەربەخۆیی و دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردی لەســەر بنەمای پێکەوەژیان، جیاواز لەو دەوڵەتانەی کە کورد تیایدا دەژین.

بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستە کۆبوونەوەی پارتە سیاسییەکان ببێتە سەرەتای داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆییبوون و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی.

# ژینگە

## چی لە ژن دەوێ!

بەهــۆی ئەو رۆڵەی باری کۆمەڵایەتی بەســەر ژندا سـەپاندوویەتی، زۆربەی کاتەکانــی لە ماڵەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ، بەردەوام کار بە ســەرچاوە سروشتی و کیمیاییەکان دەکات، بۆیە ئەرکی پارێزگاریکردن لە ژینگەی دەوروبەری، ئەرکێکــی نەتەوەیــی و خێزانییــە و بەشــی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

**ژن دەتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینێت بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:**

**یەکەم**: کەمکردنەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی هەردوو سـەرچاوە سروشـتییەکانی وزە و ئاو لەناو ماڵدا، ڕێگریکـردن لـە بەهـەدەردان و چاودێریکـردن لـە شـێوازی بەکارهێنـان و ڕێنمایـی ئەندامانـی خێزانەکەی کە بەشـێوەیەکی تەندروست بەکاریان بهێنن. هەروەهـا چاودێری بۆرییەکانی ئاو بکات و لە هەر شوێنێ شکابێت و ئاولێچوونی تیابێ، بەپەلە چاکی بکاتەوە.
بەهەدەردانی ئاو و کارەبـا، بەهەدەردانی بودجەی دەوڵـەت و ماڵە. بەهـۆی بەکارهێنانی وزە، ڕێژەی گازە زیانبەخشـەکان تەشەنە دەکات و دەبێتە هۆی پیسـبوونی ژینگە، هەر کاتێکیـش پەرداخێ ئاو بێ ئەوەی پێویسـت بێت بەکاریبهێنین؛ ئەوا پێویسـتە بیـر لە ٧٤٨ ملیۆن مـرۆڤ بکەینەوە کە بەبێ ئاوی سازگار لە جیهاندا دەژین.

**دووەم**: کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مادە کیمیاییەکانی پاکوخاوێنی و قەڵاچۆکردنی مێروو و مێش و مەگەز. خاشـاکە کیمیاییـەکان، ڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان

هەیە لەسەر پیسبوونی ژینگە و تێکچوونی باری تەندروستی.

**سێیەم:** بایەخ بە سەوزایی ماڵ و فراوانکردنی رووبەرەکەی و رێزگرتن لە باخچە گشتییەکان و هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی پەیینی سروشتیی لەبری پەیینی کیمیایی، رێنمایی ئەندامانی خێزان بۆ هەمان مەبەست، لەپێناو راگرتنی هاوسەنگیی سووڕی ژیان و ژینگە.

**چوارەم:** رێنماییکردنی منداڵەکانی لەسەر شێوەی راگرتنی پاکوخاوێنیی ناوماڵ و دەوروبەری ماڵ و فڕێنەدانی پاشماوەکان لە شوێنە گشتییەکان و بەکارهێنانی شوێنی تایبەتی تەرخانکراو بۆ خۆڵ و خاشاک و پارێزگاریی لە تەندروستیی خودی خۆشیان.

**پێنجەم:** کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کیسی نایلۆن و بوتڵی پلاستیکی و قوتووی کانزایی، ئەوەی دەکرێت بەکاربهێنرێتەوە و ئەوەی ناشکرێت لە کاتی فڕێدانیدا قەبارەکەی بچووک بکرێتەوە بەپێی رێنماییە جیهانییەکانی ئەم بوارە.

هـــەر بـــۆ زانیاریـــی؛ پاشـــماوە پلاســـتیکییەکان، لـــە هەمـــوو پاشـــماوە پیشەســـازییەکانی تـــر مەترســـیدارترن و نزیکەی هەزار ســـاڵی دەوێ تا تێکەڵ بە سروشت دەبێتەوە، هەروەها سووتاندنی دەبێتە هۆی تەشەنەســـەندنی گازە زیانبەخشەکان هـــەم بۆ ژینگـــە و هەمیش بۆ تەندروســـتی. لەبەر ئەوە پێویستە هانی ژنان بدرێ تا دەتوانن کیسەی قوماش بەکاربهێنن.

**شەشەم:** بۆ ئەو ژنانەی کە گوندنشینن، بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییـــەکان، لەژێر بـــاری کارکردنێکی قورس و زۆردان و نزیکـــەی (١٦) کاژێـــر لـــە رۆژێـــکدا کاردەکـــەن. لە وڵاتانی دواکەوتوودا، بەشـــی زۆری ئـــەو کارکردنەیان بەهـــەدەر دەچێت بەهۆی ئەوەی لـــە ئەنجامدانـــی ئەو کارانـــەدا خەرجـــی دەکەن کە پێویســـتییە ســـەرەتاییەکانی ژیانـــە. بـــۆ نموونـــە؛ ئاوهێنان، کە دەکرێت بە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، هەم باری سەرشانیان سووکتر بکرێت هەمیش ئەو کاتە بۆ کاری بەرهەمدار و سوودبەخش بەکاربێت. بۆیە دەبێ ژنان فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە.

**حەوتــەم**: لــە کاتــی ژەمــە خــۆراک دروســتکردن، ئەوەندە بێت کە پاشماوەکەی زۆر نەبێت و بخورێ، هەوڵیش بــدات خۆراکە سروشــتییەکانی دۆســتی ژینگــە و خۆماڵیی بەکاربهێنێت و کەمترین خۆراکی ئامادەکراو بخوات.

**هەشــتەم**: راگرتنــی پاکوخاوێنیــی ســەیرانگەکان و شــوێنە گشــتییەکان، کۆکردنــەوە و هێنانــەوەی پاشــماوەکانیان و فڕێــدان لــە شــوێنە تەرخانکراو و تایبەتییــەکان، کوژاندنــەوەی پاشــماوەی ئاگــر بەتەواوی و جێنەهێشتنی بە داگیرساوی، بەجۆرێک چەند ئارەزووی دۆزینەوەی جێگەیەکی پاکوخاوێن دەکرێــت لــە چــوون بــۆ ســەیرانگەکان، هێندەش ئارەزووی جێهێشتنی جێگایەکی پاک بکرێت.

**نۆیــەم**: بەشــداریکردن لــە وۆرکشــۆپ و راهێنانە جیاوازەکانــی تایبــەت بــە پاراســتنی ژینگــە، بــە ئامانجی هۆشــیاریی پێویســت و گواستنەوەیان بۆ نــاو خێزانەکــەی و پــەروەردەی منداڵەکانی، ئەوە جگە لەوەی دەشــتوانێت وەکوو هەڵسوڕاوێکی ئەم بوارە گەشــە بەخۆی بدات و بەردەوام بێت و هانی هاوڕێکانی تری بۆ چالاکیی ژینگەیی بدات.

له کۆتاییـــدا، پارێزگاریی له ژینگــه و هاندانی ژنان بۆ ئەو ئەرکە، پێویستی بە هاوکاریی چەند لایەنێک هەیە، لەوانە: حکومەت لەسەر ئاستە فراوانەکەی و رێکخراوە تایبەتمەندەکانی ژینگە، میدیاکان لە ئاستی بڵاوکردنــەوە و گرنگیدان بە پرۆژە و هەنگاوەکانی ژنــان لــەم رووەوە، پــەروەردە و خوێندنگەکان بۆ دروستکردن و وەرگرتنی ئەم هەستە و هۆشیارییە پێویســتییەکان و کردنیــان بــە بنەمــای ژیــان و تێکەڵکردنیان بە رەوشتی تاکەکانی کۆمەڵ.

•وەزیری پێشووتری ژینگەی حکومەتی عیراق

# ڕێگری لە تەشەنەکردنی ئاسۆییانەی داعش

ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دوابەدوای پەککەوتنی جموجووڵەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەم ناوچەیەدا، وەک تەواوکەری ئەو گرووپە و هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆجیا سەریهەڵدا و کەوتنە کاری تیرۆریستی. لە سەرەتای کارکردنی ئەم گرووپە، بە سیستم و پەیکەربەندییەکی جیاواز لە ئەلقاعیدە ڕێکخراوەکەیان بەڕێوەبرد بە سوودوەرگرتن لە هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەلقاعیدە.

پەیکەربەندییەکەیان لە دوو بەش پێکهاتووە: ستوونی و ئاسۆیی. بەشە ستوونییەکەی، هەمان شێوەی پەیکەربەندیی ئەلقاعیدەیە، بریتییە لە دامەزراوەکان بە دامەزراوەی سەربازیشەوە بە جیاوازییەکی کەم، بەڵام بەشە ئاسۆییەکەی، لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی جیادەکاتەوە.

**لێرەدا دەمەوێت باس لە شێوازی ڕێکخستنی بەشە ئاسۆییەکە بکەم:**

بە سوودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان و دەزگای ڕاگەیاندنەکان و ئەو مزگەوتانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە و بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامەبۆدارێژراو، توانیویانە بیروبۆچوونەکەیان بگەیەننە ئاستێکی فراوان. هەندێک لەو گەنج و مێردمنداڵانەی کە خاوەن کەسایەتیی لاواز، ڕووخاو، بیرتەسک، توندڕەو و ڕقهەڵگرتوون بەرانبەر بە کۆمەڵ، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هزر و هەستی داعشەوە، ئەمانە بەشێکی زۆریان تاکو ئێستا پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان نەبەستووە بە ڕێکخراوی داعشەوە. بە پەیڕەوکردنی سیستمێکی جیاوازی پەروەردە، جۆرە کەسانێکی تریان لە خۆیان کۆکردووەتەوە بەتایبەتی لەو خوێندنگانەی لەژێر دەسەڵاتیاندان،

بە سیســتمی مێشــک شووشــتنەوە و هەڵبژاردنی وانــەی تایبــەت و وتنــەوەی بەو شــێوازەی کە لە خزمەتیاندایە و پەیڕەوکردنی فەلسەفەی ئایینی، کە تەنانــەت ڕێگەی وتنەوەی وانە زانستییەکانیشــیان خســتووەتە خزمــەت هــزر و بیری داعشــیانە. بۆ نموونــە؛ لــە وتنــەوەی بیرکاریــدا، بــۆ فێرکردنی کۆکردنەوە، دەڵێن ئەگەر پێنج کلاشینکۆفت هەبێ و چوار کلاشینکۆفت لە کافرەکان دەستکەوت، دەبێتە نۆ کلاشــینکۆف، یان بۆ لێدەرکــردن، دەڵێن ئەگەر نۆ کافرت هەبوو و شەشــیانت کوشت، هێشتا سێ کافرت مــاوە. بەم جــۆرە، کەســانێکیان پەروەردە کــردووە کە گیــان و ڕۆحیــان پڕە لــە ڕق و کینە بەرانبــەر بە کۆمــەڵ و تەکفیرکردن و قبوڵنەکردنی ڕای جیــاواز. هەروەها لــەو مزگەوتانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی داعشدان، ڕۆژانە یان هەفتانە وتاریان لە خزمەتی کۆکردنەوەی لایەنگردایە.

ئەو بنکە فراوانە کە لەو جۆرە کەســانەی لە بەشــە ئاســۆییەکە خزێنــراون و پــەروەردە کــراون، لــە سەردەمی داعشدا وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش و مین و بۆمبی چێنــراو وان، دوای ڕزگارکردنەوەی ڕەققە و موسڵ و نەمانی هێزە چەکدارەکانی داعش لەو ناوچانە، جۆرە داعشێکی تر بەرهەم دەهێنن بە هاوکاریی شانە نووســتووەکان و پاشماوەی هێزە

چەکدارەکان و ئەندامەکانی داعش لە ڕێکخراوی دەوڵەتییەوە بۆ داعشی هزر و هەست و دەبنە مایەی نائارامی و تێکدانی ئاسایشی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و چالاکییەکانیان لە ناوچەیەک قەتیس نابێت و بە دنیادا بڵاودەبنەوە.
کەواتە دەبێت بەرنامە و کردار و کردەوە و هەڵوێستمان چۆن بێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگە بگرین و بەربەست دابنێین لە گەشەکردن و جموجووڵەکانیان؟
بەرنامەمان دەبێت بەرنامەیەکی گشتگیر و داڕێژراو لەسەر بنچینەیەکی زانستی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی بێت بە هەماهەنگیی نێودەوڵەتی، هەروەک چۆن لەناوبردنی هێزە چەکدارەکانی داعش بە هەماهەنگیی ئەوان دەبێت.
لە خاڵە گرنگەکانی ئەو بەرنامەیە، ڕۆڵی سیستمی پەروەردە و فێرکردنە، ئەو سیستمەی ئێستا پەیڕەو دەکرێت، هاوکار نییە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی بەهێز، دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە چاکسازیی لە سیستمی پەروەردە بکرێت و بگونجێنرێت لەگەڵ ئەم قۆناغە هەستیارەدا.
خاڵێکی تری گرنگی ئەو بەرنامەیە، بۆ ڕێگرتن لە وتاری پیاوە ئایینییە توندڕەوەکان و کۆنترۆڵکردنیان و هاندانی مزگەوتەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هزری

پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن و ئاشتەوایی بێت.
میدیاکانیش رۆڵی هێورکرنەوەی گرژیی نێوان پارتەکان ببینن لەبری ورووژاندنی، دووربکەونەوە لە بەکارهێنانی زمانی زبر و ببنە مایەی ئاشتەوایی کۆمەڵ.
گەنجانمان سەرقاڵی کار و چالاکیی بەسوودی جوراوجۆر بکرێن، لەپێناو بەهێزکردنی کەسایەتییان و دوورکەوتنەوەیان لە تەنهایی، تا بکرێت دووربخرێنەوە لە هۆکارەکانی توندوتیژیی، چونکە توندوتیژیی وەک موگناتیس وایە، گەنجان بە لای خۆی کێش دەکات ئەگەر دوورینەخەینەوە.
رەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی رێژەی بێکاریی، پێگەیاندنی کادیری بەتوانا و کردنەوەی خولی تایبەت بەمەبەستی بەهێزکردنی هزری یەکتر قبولکردن لەنێوان گەنجاندا.
خێزانیش مۆڵگە ئارامەکەی ئەندامەکانیەتی، گرنگیدان بە پەروەردەی خێزان لەسەر بنەمایەکی تەندروست، بایەخی تایبەتی خۆی دەبێ.
توندوتۆڵکردنی ئاسایشی ناوخۆ و یەکخستنەوەیان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خۆیان و هاوڵاتیان بەمەبەستی هاوکاری و ئاگادارکردنەوەیان لە هەستپێکردنی جموجووڵی تاک و شانەی نوستووی سەر بە داعش.

هەوڵــدان بۆ کەمکردنــەوەی جیاوازیی چینایەتی بە پلانێکی درێژخایــەن و پەیڕەوکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەنێوان هاوڵاتیاندا.
ململانێــی نێوان پارتەکان بە رێگەی دیموکراســیانە بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتی هەست بە ئارامی دەروونیی بکات.
ئەمانە و زۆر وردەکاریی تر، ئەگەر پەیڕەو بکرێن؛ ئــەوا هــزری داعش ناتوانێ گەشــە بــکات و ببێتە مایەی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی وڵات.

# دوای نەمانی داعش ئەرکمان قورسترە

پاش رزگارکردنی موسڵ لە دەستی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و کۆتایی پێهێنانی هێزە چەکدارەکەی، ئەرکێکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی سیاسەتمەداران و پارتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش ئەرکی لەناوبردنی بیری داعشیزم و ئاسەوارە تێکدەرەکانیەتی، هەروەها سووربوون بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەرفرازیی، بۆ پاراستن و گەشەکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە ساڵانیکی

زۆرە قوربانــی زۆری لەپێناودا درا و بەردەوام بۆی دەدرێ.
هەڵبەتە ئــەم ئەرکانە وەک لۆژیــک و وەک ئەوەی هاوپەیمانــان و دڵســۆزانی میللەتەکەمــان جەختی لەســەر دەکەنــەوە، تەنها بە یەکڕیزیــیماڵی کورد دەکرێــت، ئێمــەی کوردیــش نابێــت ئەم راســتییە پشــتگوێ بخەین و لەبەر هەندێ مەرام و خواستی تایبەتی، چارەنووس و دەستکەوتەکانمان دووچاری قەیران و ئاڵۆزیی زیاتر بکەین، کە مەترسیی دەبێت لەسەر هەموو پرۆسە رەواکەمان.
خــەون و ئامانجەکانمــان لــە یەکبوونــدا جێبەجێ دەکرێت، لە پەرتبووندا مەحاڵە، بۆیە پێشــنیازەکانی پەیامەکەی مەســعود بارزانــی، دەروازەیەکی باش و دەرفەتێکــی بابەتییــە ئەگەر ئالیەتێکــی روون و ئیرادەیەکی بەهێزی لەگەڵدا بێت بۆ جێبەجێکردنی.
لەنێو ئەم دۆخە نالەبارەی هەرێمەکەمان، پێویســت دەکات هەمــوو لایەنــەکان پێشــنیازەکان بەهەنــد وەربگرن و کاری جددی لەســەر بکەن بەمەبەستی دەرچــوون لــەو قەیرانــە چەقبەســتووانەی پێوەی دەناڵێنین.
بەرپرســیاریەتی مێژوویی و دڵســۆزیی بۆ گەل و نەتەوە، فشارێکی لۆژیکی دەهێنێت بۆ سەر هەموو لایەک کــە دەربازبوون لەم قەیرانــە کەڵەکەبووانە،

بە موقەدەس وەربگرن. هەڵسەنگاندنی بابەتی و بڕیاری عەقڵانیی بۆ بدەن، کە شایستەی ئەو هەموو قوربانی و خەباتەی میللەتەکەمان بێت.

ئەم ئەرکانە، بەبێ یەکڕیزیی میللەتەکەمان و بەبێ بەخۆداچوونەوەیەکی ریشەیی ناکرێ، بڕیار و پرۆژەی حەکیمانە و لەخۆبووردەیی هەمەلایەنەی پێویستە. کورد چۆن لە بەرەکانی شەڕ و پێشمەرگایەتیدا ئازا و لێهاتووە، دەبێ لە هەڵسەنگاندن و بڕیارە مێژووییەکانیشیدا حەکیم بێت تا غافڵ و بێبەش نەکرێت لە دەستکەوتەکان.

باشترین چەکیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان؛ یەکهەڵوێستی و بەرنامەی کاری هاوبەش و یەکگوتارییە، بەو ئەندازەیەی کە لە بەرەکانی شەڕی بەرگریی لەسەر دەستی پێشمەرگەکانمان بەدی دەکەین، هەموو رەنگەکان یەک هەست و یەک گوتار و هاوکار و هاوبەشن بۆ پاراستنی نیشتمان و بەرەنگاریی گەورەترین و بەهێزترین رێکخراوی تیرۆریستیی لە جیهاندا.

دوای نەمانی گرووپی داعش، ئەرکمان قورسترە. دەبێت سیاسییەکان و پارتەکان لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن و بتوانن ئەو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییانە بهێننە دی، کە گەلەکەمان قوربانی و رەنجی زۆری بۆ داوە.

# تورکیا و عیراق... ڕێککەوتن بۆ لەقاڵبدانی کوردستان

مەبەستی سەردانی مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عیراق، بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا، بۆ چەند تەوەر و مەبەستێک بوو، لەسەرووی هەمووشیانەوە پرسی ئابوورییە «بۆ عیراق بەمەبەستی خۆڕزگارکردن لە قەیرانی ئابووری» و بۆ تورکیا «ئابووری و تەوەری دیکەش وەک: کورد و پەکەکە و هەرێمی کوردستان».

بـاس و تـەوەری ئابووریـی، جگـە لـە نـەوت و هەناردەکردنی؛ بەشێکی بۆ کردنەوەی دەروازە یان ڕێگەیەکی دیکەی ڕاسـتەوخۆ بـوو لە تورکیاوە بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی بە زەویی هەرێمی کوردسـتاندا تێپـەڕ ببێت. ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی سـتراتیژییە، یەکەم بۆ تورکیا و دووەم بۆ عیراق.

ئەو دەروازەیە، ناوی ئۆڤاکۆیە و لەو ڕێککەوتنەش وا دانـراوە بەپەلـە جێبەجێ بکرێت. چەند سـاڵێکە ئـەم پرۆژەیە لەلایەن بەغـداوە دوادەخرێ بەهۆی مەترسـیی لەسـەر سـەروەریی خاکـی عیـراق و پاراستنی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە. ئـەو ڕێگەیە، کورتتریـن ڕێگەیە لـە ئۆڤاکۆ بەرەو تەلەعفـەر و موسـڵ و دواتریـش ڕاسـتەوخۆ بۆ بەغدا، کە درێژییەکـەی تەنها (١٢٠کم)ە. ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عیراق و تورکیا لە ساڵی ٢٠١٨، ١٦ ملیار دۆلار بووە و لە ساڵی ٢٠١٩، ٢٠ ملیار دۆلار بووە، واتا؛ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشان هەنگاو دەنێت.

**ئەم هێڵە، بۆ تورکیا ستراتیژییە لە چەند ڕوویەکەوە:**

**یەکەم:** کردنەوەی ئەو دەرگایە جۆرێکە لە ئابڵوقەی ئابووری بۆ سەر هەولێر، ئەوەش لەو کاتەوە زیاتر دەرکـەوت کـەوا هەرێمی کوردسـتان ریفراندۆمی بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامدا و بەئاشکرا

ڕەجـەب تەیــب ئەردۆغان هەڕەشــەی داخســتنی دەروازەی ســنووریی ئیبراهیــم خەلیلــی کــرد و ڕاگەیاند؛ توانای ئەوەیان هەیە کوردســتان برســی بکەن.

**دووەم:** بۆ پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستانە، چونکە لە ڕوانگەی دەسەڵاتە داگیرکەر و دیکتاتۆرەکانەوە دەبێــت میللەتــان برســی بکرێن بۆ ئــەوەی بیر لە ئازادی نەکەنەوە.

**ســێیەم:** ئــەو ناوچانەی ئۆڤاکۆ تا موســڵ، زۆربەی هێزی پەکەکەی لێیە، تورکیا نیازی وایە بە بیانووی پاراستنی ڕێگە بازرگانییەکە، جەندرمە لەو ناوچەیە بڵاوەیــان پێ بکــرێ و تەنگ بــە هێزەکانی پەکەکە هەڵبچنن و لــەو ناوە نەیانهێڵن، هەروەها پۆلیســی پاراستنیش لەو ناوە دابنێن. لە لایەکی ترەوە دەرباز دەبن لەو باجەی کە هەرێم لە کاڵا و ئۆتۆمبێلەکانی وەردەگــرێ و لە هەمووشــیان گرنگتــر، خنکاندنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و لەقاڵبدانێتی.

**چــوارەم:** ڕێگــەی ئۆڤاکۆ دەبێتە شــاڕێگە و ئیبراهیم خەلیــل بەهای ئابــووری و بازرگانی کەم دەکات و لە شــاڕێگەوە دەبێتە لاڕێ. لە ڕووی سیاسیشــەوە

ئەگــەر راســتەوخۆش نەبــێ، بــەڵام هەنگاوێکە بۆ بەدیهێنانــی خەونی ئەردۆغان بۆ زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی.
هەروەها بۆ هەمان مەبەست، تورکیا هەنگاو دەنێت بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ، هەر بۆیە مەبەست لە کردنەوەی ئەو دەروازە بازرگانییە؛ سیاســی و ئابوورییە. عیراقیش بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیەی ناوخۆ، بە هەموو رێککەوتنێک رازی دەبێ، چونکە ئەو قەیرانە ئابوورییە و کێشــە ناوخۆییەکانی، عیراق بەرەو دارمانی زیاتر دەبات و دەگەڕێ لەدوای چارەسەرێک، تەنانەت ئەگەر زۆر بچووکیش بێ.
هەرچەنــد کردنــەوەی رێگەکــە و جێبەجێکردنــی ئامانجەکانــی تورکیا و عیراق لە هەمبەر کردنەوەی دەروازەکــە ئاســان نییە و نابێت و دەیان کۆســپی لەپێشــە، بەڵام عیــراق و تورکیا چەند بۆیان بکرێت هەرێمــی کوردســتان لاواز دەکــەن و مەرجەکانی خۆیانی لەسەر دەسەپێنن.

# مەترسییەکانی

# پشتگوێخستنی مادەی ١٤٠

مـــادەی ١٤٠ی دەســـتووری نوێـــی عیـــراق، یەکێکە لـــە گرنگتریـــن مـــادەکان، تایبەتـــە بە ناوچە کێشـــە لەســـەرەکان و ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان، کە لـــە ڕێگەی چەند پرۆســـەیەکی سیاســـی و ئیـــداری ئەنجـــام دەدرێ: (ئاســـاییکردنەوە، ســـەرژمێری، ڕاپرســـی لەســـەر چارەنووسی ناوچەکان).

ئەو کارانەی لەو مادەیەدا لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تاکو ئێســـتا کرابوون، تەنها بەشـــێک بـــوون لە هەنگاوی

یەکـــەم کە (ئاســـاییکردنەوە)یە؛ گەڕانـــەوەی ئاوارە کـــوردەکان و ناردنـــەوەی هـــاوردە عەرەبـــەکان و قەرەبووکردنەوەیـــان و گەڕانـــەوەی موڵـــک و ماڵ و زەوییەکانیـــان کـــە بەپێـــی بڕیار و یاســـا ئەنجام دەدران. دوو هەنگاوەکـــەی تـــر، بـــە هـــۆکاری سیاســـیی ناوخـــۆ و هەرێمیـــی دوادەخـــرا، بـــەڵام دوای داعش و ئەو سیاســـەتەی ئێســـتا لـــە عیراقدا پەیڕەو دەکرێت، مەترسییەکی گەورەی خستووەتە ســـەر چارەنووســـی ئـــەو ناوچانـــە کـــە لەجـــاران مەترسیدارترە، چونکە ئەوانەی ئێستا دیمۆگرافیەتی ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەگۆڕن، کەوتوونەتە بەرەی دۆســـتەکانمان. جاران حزبی بەعس بوو و لە بەرەی دوژمندا بوو، جاران بەبەعســـیکردن و بەعەرەبکردنـــی ناوچـــەکان بوو، ئێستا بەشیعەکردن و بەعەرەبکردنە، بە رەزامەندیی وڵاتە هەرێمایەتییەکانیشە وەک: تورکیا و ئێران.

ئەم گۆڕانکارییانە و هاتنی حەشـــد و هێزی عیراقی بۆ ناوچـــە دابڕێنـــراوەکان و ئاوارەبوونی هەزاران خێزان بەهۆی داعشـــەوە، مەترسیی گەورەی دەبێ لەسەر سەرژمێریی.

قـــەزای شـــنگال و رێککەوتنـــی ئیدارەدانـــی مەلەفی ئەمنی لەلایەن حکومەتـــی فیدراڵەوە بەهەماهەنگیی لەگـــەڵ حکومەتـــی هەرێـــم، بـــەو مەرجـــەی ئەرکە

خزمەتگوزارییـەکان لـە ئەسـتۆی پارێـزگای موسـڵ بێ و گەڕانـەوەی دانیشـتوانی ناوچەکە و دوورخسـتنەوەی هێـزە چەکـدارەکان، بەتایبەتـی هێزەکانی (PKK) و حەشـدی شـەعبی، بە رواڵەت کارێکی باشـە بۆ گەڕانەوەی ئارامـی بۆ ناوچەکە، بەڵام ئەگەرێکی گەورەی هەیە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتـی ناوەند و نەگەڕێتەوە سـەر هەرێم، یان ناجێگیریی سیاسـیی زیاتری لێ بکەوێتەوە، چونکە نـە پەکەکە و نە حەشـد ئامـادەن مەلەفـی ئەمنیی رادەسـتی هیچ لایەنێک بکەن. لە لایەکی تریشـەوە بـرا ئێزدییـەکان یەکهەڵوێسـت نیـن و مەترسـیی ئـەوەش هەیـە تورکیا بەبیانـووی پەکەکە بێتە ئەو ناوچەیە کەوا گرنگترین سێگۆشـەی جوگرافییە بۆ تورکیـا و لەوێـوە کۆنترۆڵی چەندیـن لا بەیەکەوە دەکات، هەر بۆیە هێشـتا قەزای شنگال گۆڕەپانێکی لەبارە بۆ دابەشـبوونی هێزە سیاسـییەکانی ناوخۆ و دەرەوە. هـەر لەبـەر هەمان هۆیـە کە حکومەتی فیـدراڵ بڕیـاری دواخسـتنی جێبەجێکردنـی ئـەو رێککەوتنـەی داوە. دەشـبینین بڕیـاری کردنەوەی خوێندنگـە عەرەبییـەکان دراوە لەکاتێکـدا هێشـتا خوێندنگە کوردییەکان نەکراونەتەوە.

خانەقیـن و ناوچە کوردسـتانییەکانی دەوروبەری، بـاری سیاسـیی لـە شـنگال باشـتر نییـە، هێـزە

کوردییـــەکان لـــە زۆربـــەی زۆری ناوچـــەکان کشاونەتەوە و حەشد و هێزە عیراقییەکان جێگەیان گرتوونەتەوە. لە کاتی شەڕی دژ بە داعش و دوای تەواوبوونی شەڕیش، بە هەزاران خێزانی کورد لەو ناوچانە ڕۆیشـــتوون لە ترســـی کوشـــتن و ڕاونان، هەروەها لەو کاتـــەوە نزیکەی (٣٠) بارەگای حزبی داخـــراون و قەدەغـــەی چالاکییـــان لەســـەرە. لەناو شاری خانەقین دەزگایەکی ئەنجومەنی حەشد هەیە ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتـــی کاروباری شـــەهیدان و جەنگاوەرانی بەغدایـــە، کە ئەم دەزگایە لە زۆربەی ناوچەکان لابراون جگە لە خانەقین.

ڕۆژانـــەش خێزانـــە کوردەکانـــی ئـــەو ناوچانـــە تووشـــی هەڕەشـــەی داعش دەبنەوە، هێزە شـــیعە و ســـوننەکانیش بەتونـــدی دژی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەن، داهاتوو و سەرژمێریی ئەم ناوچەیەش مەترسیی زۆری لەسەرە.

ناوچـــەی کەرکوکیش کـــە تایبەتمەندیـــی گەورەی هەیـــە بـــۆ پرســـی نەتەوەیـــی کـــورد و بایەخـــی تایبەتیـــی پـــێ دراوە لـــە مـــادەی ١٤٠، لـــەدوای تەواوبوونـــی شـــەڕی داعـــش و هاتنـــی حەشـــد و رادەســـتکردنی مەلەفی ئەمنـــی بە هێزەکانی عیراق و حەشـــد؛ گەورەترین مەترســـیی دروستبووە بۆ چارەنووســـی ئەو ناوچەیـــە و دەوروبەری، ئەگەر

لایەنە سیاسـییە کـوردەکان ناکۆکییە بەرتەسـکە حزبییەکانیان بەلاوە نەنێن و یەکهەڵوێست نەبن لە بەرانبەر ئەو ناوچە گرنگە، ئەستەمە وەک جارانی لێبێتەوە. بەئاشکرا بەعەرەبکردن و بەشیعەکردنی ناوچـەکان دەسـتی پـێ کـردووە لەلایەن شـیعە و سـوننە توندڕەوەکانـەوە و تورکیـا و ئێرانیش لـەو پلانـەدا بەشـدارن و حکومەتـی ناوەندیـش کارەکتەری سـەرەکییە تیایدا. دەبینین ئەو بڕیارە گرنگانـەی لە لیژنەی مادەی ١٤٠ و سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووبوون، پاشگەزیی تیـادا دەکـرێ، ئەوەتا لە ٢٣ی ئەیلولـی ٢٠٢٠، بە بڕیـاری لیژنـەی مـادەی ١٤٠، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەسـتن بە کوژاندنەوەی زەوییە کشـتوکاڵیەکان و گرێبەسـتەکانیان و بڕیارەکانی لیژنـەی کاروبـاری باکوور لە سـەردەمی رژێمی بەعـس بەمەبەسـتی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن، دواخـرا و ئەو بڕیارەش نێردراوە بۆ پارێزگاکانی: (موسـڵ، سـەڵاحەدین، کەرکوک، دیالـە، نەجەف، کەربەلا، ئەنبار). هەندێ جاریش زەوییە کشتوکاڵیە چێنراوەکانـی جووتیارە کـوردەکان، لەلایەن دژە کوردەکانەوە دەسووتێنرێن.

ئەو ناوچانە بەگشـتی، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی سیاسـەتی (بەعەرەبکـردن و بەشـیعەکردن).

ئـــەو سیاســـەتەی لـــەو ناوچانـــە پەیـــڕەو دەکرێت؛ تایەفەگـــەری، مەزهەبی، ڕەگەزپەرســـتیی نابەجێن و جێبەجێکردنـــی مـــادەی ١٤٠ی خســـتووەتە بـــەر مەترسییەکی گەورە.

هەروەها پرسی خاک و نەتەوە لە مەترسیدایە، بۆیە زۆر گرنگە لایەنە سیاســـییە کـــوردەکان بەخۆیاندا بچنەوە و ریزەکانی پێشمەرگە یەکبخەن و لەجیاتی ســـەنگەر لەیەک گرتـــن و یەکتـــری تۆمەتبارکردن، بەهانـــای ئـــەو ناوچانـــەوە بچـــن و ڕێگریـــی لـــە جێبەجێکردنی ئەو سیاســـەتە نەخوازراوە بکەن کە هەڕەشەیە لەسەر داهاتووی ئەو ناوچانە.

# شۆڤێنیبوونەوەی عیراق و خۆلاوازکردنی هەرێم

ئـەم پەرچەکردارانــەی بەغـدا بەرانبــەر بــە هەرێمی کوردستان، پێشــبینیکراون و هیی  توندتریش لەلایەن عیراقەوە چاوەڕوانکراوە. هۆکارەکانیشی هەمە لایەنن؛ نــە عیــراق، عیراقیکی دیموکراتییە و نــە دیموکراتییش بــووە، نــە هەرێمــی کوردســتانیش پابەند بــووە بەو رێککەوتننانەی لەگەڵ بەغدا واژووی کردوون.

ئەو سیســتمی فیدراڵییەی ئێســتا لە عیراق هەیە، لە هەلومەرجێکی تایبەتی دوای رووخانی رژێمی بەعس بنیــات نراوە، لەژێر فشــاری هێزەکانی هاوپەیمانان، بەتایبــەت ئەمەریــکا و بەهــۆی بوونی ئــەوەش کە

لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە کوردستان هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بووە، هەروەها ترسێک بوو لەوەی نەوەک کوردستان ببێتە کیانێکی سەربەخۆ، بۆیە ئێستا جیاوازە و لە هەر بەدەستەوەدانی خاڵێکی لاواز لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، کە دەیان خاڵی لاوازی هەیە، دەرفەتێک دێتە پێشەوە بۆ حزب و لایەنە توندڕەو و شۆڤێنییەکان کە بیقۆزنەوە و دژی هەرێم بەکاریبهێنن.

دوای رووخانی رژێمی بەعس، دنیا سەوز بوو، کورد بەهێز بوو، لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عیراق لاواز بوون، سوننەکان هێشتا شۆک بەری نەدابوون و خۆیان نەگرتبووەوە، شیعەکان نەیانتوانیبوو کۆکبن. کورد بەهۆی هەژموونی، پێگەی لەوانی دیکە بەهێزتر بوو، چەندین کۆنگرەی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق، لە هەرێمی کوردستان سازکرابوو، هەروەها بوونی کەسایەتیی کاریزمیی مام جەلال، وایکردبوو زیاتر گوێ لە کورد بگیرێ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە هەمان شێوازی پێشوو سیاسەت بکەین و گوێمان لێ بگیرێ؛ ئەوا هەڵەیەکی گەورە و کورتبینیی سیاسییە.

لە گۆڕەپانی سیاسیی عیراق، زۆر لەو کەسایەتییانە کە دۆستی کوردبوون، یان نەماون یان لاوازن و ئەگەر پشتیوانیی کوردیش بکەن، وەکو جاران گوێیان لێ ناگیرێ یان بەهەند وەرناگیرێ. نەوەیەکی تازەی

سیاسیی هاتوونەتە پێشـــەوە، لەو مێژووەی پێشوو دوورن، بــە چـاو و روانگەیەکــی جیـاواز ســەیری پرۆسەی سیاسی دەکەن، بۆیە دەبێت هەموو رۆژێک چاوەڕێی بەیتوبالۆرەی تازەبین.

لە ئێســتادا کێشــەی بودجەیە، ســبەی مادەی ١٤٠ و لابردنی لەناو دەستووری هەمیشەیی عیراق، ئەوەش رێ خــۆش دەکات بــۆ ئــەوەی هەوڵــی لەناوبردنــی قــەوارەی سیاســی و ئیداریــی هەرێمی کوردســتان بــدرێ. هەروەها هێنانی هێزی ســەربازیی بۆ ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و وردە وردە گەمارۆدانــی ناوچــە ســنوورییەکان، بەشــێکن لــەو مەترســییە جددیانەی کــە لە ئێســتا و ئاییندەدا لەســەر کوردســتان هەیە. لەوەش مەترســیدارتر کە پێگەی کوردســتان لاواز دەکات، بریتییە لە نەمان یان لاوازبوونــی متمانە لەنێوان هاوڵاتیانی کوردســتان و حزبەکان و حکومەت، هەروەها نەبوونی شەفافیەت لە داهات و خەرجییەکانی کوردستان، بوونی رێژەیەکی زۆری گەندەڵی و نەبوونی مووچە و ســفربوونەوەی خزمەتگوزارییــەکان. هەروەهــا نەبوونــی ژێرخانــی ئابــووری و گرنگینــەدان بــە داهاتــە ناوخۆییەکان و بەرهەمــە ناوخۆییــەکان لــە کەرتەکانی کشــتوکاڵ و ئاژەڵداری، بەشێکی دیکەن لە مەترسییە کاریگەرەکان بە ئاراستەی لاوازتربوونی پێگەی کوردستان بەرانبەر بەغدا.

بەم شێوەیە، دۆخی کوردستان خراپتر دەبێت، ئەوەی پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات بۆ ڕێگرتن لە ڕێکارە یاساییەکانی بەغدا، چەند شتێکن و گرنگیشە بیکات:

**یەکەم**: پێویستە هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو ڕێککەوتننانە بێت لەگەڵ حکومەتی عیراق دەیکات.

**دووەم**: شەفافیەت زیاتر بکات و گرنگی بە داهاتی ناوخۆ بدات.

**سێیەم**: متمانە لەنێوان خۆی و هاوڵاتیان بنیات بنێتەوە.

**چوارەم**: کار بۆ فرە داهاتیی ئابووریی کوردستان بکات و پرۆژەی ستراتیژیی هەبێت.

ڕاستییەکەی، لە بابەتی ڕێکارە یاساییەکانی بەغدا لە پرسی بودجەدا بەرانبەر بە هەرێم، نوێنەرانی کورد لە بەغدا تاوانبار نین و بەهۆی هەڵەی ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە خاڵە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی کێرڤی شۆڤێنیەتەوە هەیە لای زۆرینەی حزبە شیعی و سوننییەکان. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان حوکمڕانییەکی باش و شەفاف بکات و هاوڵاتیانی پشتیوانی بن و متمانەیان پێی هەبێت؛ ئەوا بەغدا بەئاسانی ناتوانێت فشار لە کوردستان بکات و سزاکانی بەسەریدا بسەپێنێت.

# شەڕی ناوخۆ و سفربوونەوەی دەستکەوتەکان

جارێکــی تر، مەترســییەکانی شــەڕ، لەنێــوان ماڵی کــورد و حزبەکانــی کوردســتان دەرکەوتــەوە و دەنگی دەهۆڵەکەی دەبیستریٚ، لەکاتێکدا هەر چوار بەشــەکەی کوردســتان گیــرۆدەی دەیان کێشــەی سیاســی و ئابــووری و تەندروســتی و پیلانــی داگیرکــەران بوونەتەوە. ئەمەش ئەوە دەســەلمێنیٚ کــەوا هێشــتا تاکی کــورد و حزبە سیاســییەکانی، نەیانتوانیــوە ئاســەواری شــەڕەکانی ناوخــۆی پێشــووتر بســڕنەوە و ئەو بارودۆخــە ناخۆش و

ژانهێنەرە تێپەڕێنن و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکانیانەوە. هــەروەک هێشــتا عەقڵیەتی خێڵگەرایی مــاوە و لە بەرگی عەقڵیەت و سیاســەتی حزبدا خۆی دەنوێنێ و کەســی دیکەی قبوڵ نییە و پێکەوەژیانیان ئاسان نییــە، هەوڵی جــددی نــەدراوە بــۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاســەوارە خراپانە لــە رۆح و عەقڵیەتی تاک و جێگیرکردنی یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان.

راســتە دوای کۆتاییهاتنــی دوایین شــەڕی ناوخۆ، لەســەر ئاســتی گوتار، شــەڕی ناوخۆ حەرام کرا، بەڵام بە کــردار و لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانــەوە، بە ناوزڕاندن و تۆمەتبەخشــینەوە و جنێــودان هەر بــەردەوام بووە، واتا؛ لە شــەڕی گەرمــی چەکدارییــەوە گــۆڕا بــۆ شــەڕی نەرمــی میدیایــی، ئەمــەش وەکــو مینێکی چێنــدراو هەموو رۆژێک ئەگەری تەقینەوەی هەیە.

شــەڕی ناوخۆ، تەنهاماڵوێرانکەر نییــە، بەڵکو ئەو دەستکەوتانەشــی تا ئێستا بەدەستهاتوون، ئەگەری لەناوچوونیــان زیاتر دەبێ، ســەرباری ئەوەی ئەم شــەڕانە جێبەجێکردنی مەرام و پیلانــی دوژمنانە، جگــە لــە قەیرانــی سیاســی، قەیرانــی ئابووریــی قورسیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ناوبانگی کورد لەکەدار دەبێت

و ئەو رەخنەیەیان لەســەر دەســەلمێت کە دەوترا؛ کــوردەکان ناتوانن پێکــەوە بژیــن و دەبێت هێزی دەرەکیی کۆنترۆڵیان بکات.

لە دۆخی وادا، پێویســتە هێنانە کایەی ئاشــتەوایی کۆمەڵایەتــی و رەخســاندنی زەمینــەی لەیــەک تێگەیشتن فەراهەم بکرێت. بۆ دۆخی وەکو ئێستای هەرێمی کوردستان، پێویستە کۆبوونەوەی فراوانی حزبە سیاســییەکان ساز بکرێت و بە نووسین و لە رێگەی پەیمانێکی نیشتمانی، شەڕی ناوخۆ تەحریم بکرێت. هەروەک ئەرکە لەسەر شانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆشــنبیران و هونەرمەندان، رۆڵی کارای خۆیان بگێڕن.

بوونی پرۆژەی نیشــتمانیی کوردســتانیی روون و ئاشــکرا لەپێناو هەرگیز روونەدانی شــەڕی ناوخۆ و ململانێ ناشــەرعییەکان، کارێکی گرنگە و ئەرکە لەســەر شــانی هەمــوو لایــەک هەوڵــی بــۆ بدەن. هەروەهــا دروســتکردنی دەزگایەکــی نیشــتمانیی ئاســتبەرز هاوشــێوەی ئەنجومەنــی دادوەری، کە شــەرعیەتی هەمووانــی هەبێــت و ببێتــە مەرجەع بــۆ یەکلاکردنــەوەی کێشــەکان، کارێکــی گرنگ و پێویســتە، هەروەک رەوای حەقە حزبەکانی دیکەی بەشەکانی کوردســتانیش لە جاران زیاتر رەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەن.

دۆخی ئێستا، هەم ناسک و هەمیش مەترسیدارە، بە جۆرێک ئەگەر شەڕی ناوخۆ رووبدات و ململانێکان بگەنە ئاستی یەکتر شکاندن و دوژمنان پیلانەکان لەسەر خاکی کوردستان جێبەجێ بکەن؛ ئەوا تەواوی دەستکەوتەکانی سفر دەبنەوە و رەنجی چەند ساڵەی هەموو لایەک بە با دەچێ.

# مەترسییە ناوخۆییەکان لەسەر دۆزی نەتەوەیی

دۆزی نەتەوەیـی، دۆزێکـی گرنگە و باسـوخواس زۆر هەڵدەگرێ. سەرەڕای جیاوازیی تێڕوانینەکان و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیـای جیاواز، بەڵام هەموویان کۆکن لەسـەر مافی نەتەوە ژێردەستەکان و تاک. پرسی نەتەوەی کورد، پرسێکی ئاڵۆزە، بەهۆی بوونی دەیان هۆکاری مێژوویی و سیاسـی و پیلانـی نێودەوڵەتـی و یەکلاییکردنەوەی ململانێکانیان لەسەر خاکی کوردستان.

کوردسـتان؛ خاک و نەتەوەکەی، بەسەر چوار وڵاتدا دابەشبووە و هیچ یەک لەو وڵاتانەش دیموکراتیی نین

و بڕوایان بە مافی نەتەوەی کورد نییە. سـەرجەمیان گوتار و ڕەفتاری فاشـییانە پەیڕەو دەکەن. سیستمی حوکمڕانییان سیسـتمێکی داپڵۆسێنەر و نادیموکراتە، ئێسـتاش موتوربـە کـراون بـە بیـری مەزهەبـی و ئایینـی و تونـدڕەوی. نەتەوە خاوەن دەسـەڵاتەکان، نەتەوەکانـی دیکە بە پلە دوو هەژمار دەکەن. هەموو ڕێگەیەکـی نامرۆڤانە لە کوشـتن و بڕین و تاڵانی و جینۆساید بەکاردەهێنن دژی نەتەوە ژێردەستەکان و مێژووش شـاهیدی هەزاران لەو ڕەفتارانەن، ئنجا چ جای ئەوەی ماف بدەن، ئەگەر بۆشیان بگونجێ زۆر لەوە خراپتر دەکەن.

جگـە لـە پاکتاوی ڕەگـەزی، بە دەیـان ڕێگەی دیکە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەدەن، لە بەرانبەریشـدا تۆوی شـۆڤێنیەت لە هزری نەتەوە زاڵەکانـدا دەچێنن و ڕق و کینە دەدوورنەوە. ئەوەی تاکو ئێسـتا کـوردی وەک نەتـەوە هێشـتووەتەوە، خـۆی بووە. تـا بۆی کرابـێ هەوڵـی زۆری داوە و ڕێگەی جیاوازی گرتووەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەناوچوونی، دەیان شۆڕش و بزووتنەوەی چەکداری و دروستکردنی سەدان پارتی سیاسی، بووەتە هۆی پووچەڵکردنـەوەی هەزاران پیلانـی لەناوبەری دیکە و توانراوە پرسـی نەتەوەی کورد بگەیەنرێتە سـەر ئاسـتی جیهانـی و باسـی لێوەبکرێت. کـورد چەندە

داواکانی پێشــبخات، دوژمنەکانی توندوتیژتر دەبن و زەبروزەنگی زیاتر بەکاردەهێنن.

لێــرەدا پرســیارێک دێتــە ئــاراوە؛ ئایــا کــورد بــە بەدەستهێنانی فیدراڵیەت یان هاوشێوەکانی، دەتوانێ مافەکانــی خــۆی وەکــو نەتــەوە مســۆگەر بــکات؟ رەنگــە ئــەم بۆچوونە تا رادەیەک راســت بێت، بەڵام ئــەو دەســتکەوتە چــۆن بەدەســتدێت؟ فیدراڵیەت لە دەوڵەتێکی دیموکراتیی، یان بە زەبری هێز و فشاری نێودەوڵەتــی، یــان لــە هەلومەرجێکــی تایبەتی وەک عیراق بەدەستدێت. جارێ هیچ یەکێک لەو دەوڵەتانەی کوردیــان بەســەردا دابەشــکراوە، دیموکراتیــی نیــن، هەمــوو رۆژێک ئەگــەری لەدەســتچوونی ئەو دەســتکەوتە هەیــە، کە بەدەســتهێنانی، بەخواســتی لایەنــی بەرانبــەر نەبووە، هەر بۆیــە هەموو رۆژێک ئەم دەســتکەوتە لەژێر هەڕەشــەی لەناوچووندایە و دەیان پیلان دەگیردرێتەبەر بۆ لەناوچوونی.

هەندێک بۆچوونیش هەیە دەڵێن؛ باوی پرسی نەتەوەیی نەماوە یان کەمبووەتەوە، بەهۆی جیهانگیری و بیری رەوتــە ئایینییە توندڕەوەکان. ئــەم بۆچوونانە، رەنگە بۆ ئەو نەتەوانە بشێن کە خاوەن کیانی خۆیانن، بەڵام بــۆ نەتەوەی ژێردەســتە ناگونجێ و بــە تێپەڕبوونی کات، نەتــەوە و کولتوورەکــەی لەنێــو بۆتەی نەتەوە زاڵەکان و ئایینە دەستڕۆیشتووەکاندا دەتوێنەوە.

بــە بوونی دەیان هــۆکار، ناخی زۆرینەی تاکی کورد لــە ســۆزی نەتەوەیــی و نیشــتمانیی کاڵبووەتــەوە، لەوانە هۆکاری مێژوویی. مێژووی تاکی کورد، دوور بــووە لە بەدیهێنانی کۆمەڵەیەکــی یەکگرتوو، کۆچەر بــووە و گەرمیــان و کوێســتانی کــردووە، وڵاتانــی بڕیوە. سروشــتە تۆبۆگرافییە سەختەکەی، لەیەکتری دوورخســتوونەتەوە. زیاتــر گرێــدراوی کۆمەڵــە بێگانەکانی تر بوون کە هەمیشــە لە سنووری ئەواندا هاتوچۆیــان کــردووە، ئەمەش ڕەنگدانــەوەی خراپی هەبووە کە ئەم تاکە هێندە وابەستەی نەتەوە و خاکی نەبووە، تا ئێستاش میللەتێکین مەیلی ناوچەگەرێتیمان زاڵترە بەسەر نەتەوەییمان.

هــۆکارە هەنوکەیی و ســەردەمییەکانیش، خۆیان لە هۆکاری (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری) دا دەبیننــەوە. لــە ســەردەمی شــاردا، بژێویی ژیان پێشــەنگی هەیــە و هیچ شــتێک جێگــەی ناگرێتەوە، هەروەها بەهۆی کاریگەریی میدیا و کرانەوە بە ڕووی جیهانــدا، تاکــی کوردیــش دەیەوێت خۆشــگوزەران بێت. لە هەرێمی کوردســتان هەرچەندە لە هەرێمێکی ســەربەخۆدا ژیــان دەباتە ســەر، بەڵام پەســتە لەو نیشــتمان و دۆخەی بەهۆی نەبوونــی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دەوڵەت نەیتوانیوە باوکێکی دڵسۆز بێت و پارێــزگاری لــە جیاوازییەکان بکات و ئاشــتەوایی

کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکات و بە یەکسـانی سـەیری هەمـوو تاکێـک بـکات و بەپێی یاسـا و ڕێنماییەکان ڕەفتـار بـکات، هەر بۆیـە هاوڵاتیی بـەرەو لایەنێک دەچێت کـە پارێزگاریی لە بـوون و مافەکانی بکات. لەبـەر هەمان هـۆکار، ناوچەگەرێتـی و حزبایەتی و خێڵەکی و خزمایەتیی زاڵتر بووە بەسـەر ناسنامەی نەتەوەییدا و بووەتە هۆکار لە پچڕاندنی یەکگرتوویی. هەروەها ململانێ بەردەوامە نا شەرعی و نا لۆژیکەکانی پارتە سیاسـییەکان لە شاخەوە بۆ شار، کە پێوەری نەتەوەیی و نیشـتمانیی تێپەڕانـدووە، ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤـی هەیە لەسـەر دەروونی تاکـەکان، وای لێ کردوون هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییان کاڵ بێتەوە و خۆبەستنەوە بە بێگانەوە ئاسایی بێت بەلایانەوە. کاریگەریی پێشـهاتەکانی جیهانگیـری، تاکەکانی ئەم نەتەوەیـەش دەیانەوێـت وەک هاوڵاتیانـی وڵاتانـی پێشـکەوتوو ژیانیـان دابیـن بکرێت لەکاتێکـدا توانا داراییـەکان لەبەردەسـتدایە، بـەڵام بەهـۆی خراپیی ئیدارەدان، ئەو توانایەیان نییە و ڕۆژانە ئەگەر سەیری پۆسـتەکانی تۆڕەکانـی کۆمەڵایەتـی و ماڵپـەڕەکان بکەیـن، جگە لە نەخۆشـیی کۆرۆنا، هەمووی باسـی مووچەیە و هاوڵاتیان چاویان لەو ڕێگەیەیە، تەنانەت ژیانی بازرگان و کاسـبکارەکانیش بەندە بە گیرفانی هاوڵاتیان، ئەمانە بڕبڕەی هۆکاری ساردبوونەوەی

تاکە لە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و خۆبەستنەوە بەو خاکەی خزمەتی ناکات.

نیشتمانی ئەو، ئەو شوێنەیە کە دادپەروەرانە بەختەوەری و خزمەتگوزاریی بۆ دابین دەکات.

لە لایەکی تر، قۆرغکردنی دەسەڵاتی سەربازیی لە دەستی هەندێک لایەن و ئینتیمایان بۆ پارتەکان و نەبوونی هێزێکی نیشتمانیی سەربازی، کە هاوڵاتیان بتوانن لە سایەیدا ترسیان لە پەلامارە دەرەکییەکان کەمبێتەوە، یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئامانجی پارتە سیاسییەکان، پرسی نەتەوایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژێکی نەتەوەیی هاوبەش نییە، بۆیە گرنگە فیدراسیۆنێکی پارتە سیاسییەکان هەبێ و هەماهەنگیی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان دروست ببێ. ئەو پرسە بەهەند وەربگیرێ و تۆمەت نەخرێت پاڵ تاکی کورد و بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەم بزاڤە زیندوو بکەنەوە و ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی پتەو بکەن و کاری بۆ بکەن، هۆکارە سەرەکییەکان دەستنیشان بکەن کە بوونەتە هۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و چارەی بۆ بدۆزنەوە، دەنا کار لە کار دەترازێ و ئەوەی هەشە لەدەستدەچێ و ئەوەندەیتر دوژمنان زاڵ دەبن بەسەریاندا و ئاسانتر پیلانەکانیان جێبەجێ دەکەن.

# مەترسییە دەرەکییەکان لەسەر دۆزی کورد

کوردسـتان وڵاتێکـی دابەشـکراو و پارچـە پارچە کـراوە، خەبـات و تێکۆشـان بـۆ رزگاربـوون لە جەور و سـتەم و چەوسـانەوە و گەیشتن بە مافە سـەرەتاییەکان و مافـی نەتەوەیـی و مافی چارەی خۆنووسـین و خەونـی یەکگرتنـەوەی هـەر چوار پارچەکـە، نە کارێکی ئاسـانە و نە بەبێ قوربانی و هەوڵی زۆر و پلان و نەخشـەڕێگەی پتەو داڕێژراو دێتە دی. خەون و ئامانجەکان، ئاسـتەنگی گەورە و

قورس و مەترســیی زۆری لەبەردەمدایە، بێگومان لــە مەترســییە هــەرە گەورەکانیــش؛ مەترســییە دەرەکییەکانە.

ئەو وڵاتانەی کە بە زەبری ڕێککەوتنی زلهێزەکان و دڵڕازیکردنیان، کوردیان بەســەردا دابەشکرا، ئێستا گەورەترین مەترســین لەسەر پرســی نەتەوایەتی. ســەد ساڵە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو چوار وڵاتــە، بەهــۆی نەبوونــی دیموکراســییەت، کــورد دەچەوســێننەوە و جینۆســایدی دەکــەن و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن و نەتەوەکانیان بە گیانی فاشیەت و نەتەوەپەرســتیی ئاو دەدەن. بــە پلانی داڕێژراو، لــە هەمــوو بوارەکانی ئابــووری و کولتــووری و رۆشنبیریی، کورد و پرسی کورد لەناودەبەن. کورد خۆیشــی، تاکو ئێســتا بە هەر چوار پارچەکەیەوە، پێکەوە نەخشــەڕێگەیەکیان نییە و کۆک نین، گوتار و بەرنامەیەکــی ســتراتیژیی نیشــتمانییان نییــە بۆ دەربازبوون لە داگیرکاریی دوژمنان.

راســتییەکەی، هەوڵدراوە، بەڵام بــێ ئەنجام بووە. دەبینی کە دەگاتە ســەر پرســی کــورد، نەیارەکان بەیەکــەوە کۆکــن و پیلانەکانیان لەســەر نەتەوەی کــورد و بزووتنەوەکــەی جێبەجــێ دەکــەن. تاکو ئێســتاش هیــچ پارتێــک یــان ئەنجومەنێکــی نێوان

پارتەکانی کوردســتان نەبــووە بتوانێت رابەرایەتی بزووتنەوەکانــی هەر چوار پارچەکەی کوردســتان بکات. رەنگە ئەمە هەر ببێتە خەون، هەر بۆیە دەیان پــارت و گــرووپ و رەوتــی ئایدۆلۆژیــا جیاواز لە هەر چوار پارچەکەی کوردســتان دروســتبوون و هەمووشــیان ئامانجەکانیــان نەتەوەیی بووە، بەڵام دەستکەوتەکانیان کەم بوون.

وڵاتە داگیرکەرەکانی وەک (تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا) بە بەرنامەی داڕێژراو کار دەکەن بۆ تێکدانی ماڵــی کــوردی و پچڕاندنی شــیرازەی کۆمەڵایەتی و گۆڕینــی کولتــوور و دابونەریتــی نەتەوایەتــی و ســەرکوتکردنی بزووتنــەوە سیاســییەکان و هەوڵی دوورخســتنەوەیان لەیەکتــر دەدەن، دیاردە ناشیرینەکانی ناوچەگەری و خێڵەکیی لە بەشەکانی کوردستان زیندوو دەکەنەوە.

لــە لایەکــی دیکەشــەوە، کارکــردن لەســەر خاکی کــورد بۆ تێکدانی هزری گەنجــان و چاندنی تۆوی دووبەرەکــی و رق و بێمتمانەیــی بەرانبــەر بەیەک و دەســەڵات و پارتــە سیاســییەکانیش، هەروەهــا چاندنــی تــۆوی رقلێبوونەوە و شــۆڤێنیەت لە لای گەنجانی نەتــەوە باڵادەســتەکان بەرانبەر بە کورد و ئامادەکردنیــان بــۆ شــەڕی ناڕەوا هــەر کاتێک پێویســتیان پێی بوو. ئەم جۆرە پــلان و ئامانجانە،

له ڕێگەی شـــەڕی نەرم و چەکداری و ســـەربازیی ئەنجـــام دەدەن، شـــەڕە نەرمەکانیـــان لـــە ڕێگـــەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان، هاوکاریی لایەنێک دژی لایەنێکی تـــر، داگیرکردنی بازاڕی کوردیی بە کاڵاکانیـــان و بڵاوکردنەوەی زنجیـــرە دراماکانیان، وتاری مزگەوتەکانیان و ئیمامەکانیان و لە لایەکی تر لە ڕێگەی سنوورەکانیان و بەشێوەیەکی بەرفراوان بـــە هەموو لایەک. شـــەڕە ڕاستەوخۆکانیشـــیان، بە ڕێگەی سەربازی و گرتن و لەسێدارەدان و ڕاونانی چالاکوانـــەکان، هەمـــوو جـــۆرە چەکێـــک و پلانێک بەکاردەهێنـــرێ بۆ لەناوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز لە هەر کوێیەکی کوردستان بێت.

هەریەکـــە لـــە وڵاتانی داگیرکەری کوردســـتان، جگە لە پیلانە هاوبەشـــەکانیان، پیلانـــی تایبەت بە خۆیان و ئامانجـــە دیار و شـــاراوەکانیان هەیە کە ئەنجامی دەدەن. ئـــەوە بـــە بەرچاوی هەموو دنیـــا، تورکیا لە کاتی شەڕی (عیراق و ئێران) بەمەبەستی پشتیوانیی تورکیـــا بۆ عیراق دژ بە ئێـــران و بەبیانووی لێدانی پەکەکـــە، بە دڵی خۆی و بەدرێژایـــی (٤٠٠کم) و بە قووڵایی (٣٠کـــم) هاتووەتە نێو خاکی کوردســـتانی باشـــوور و بەشـــەکانی دیکـــەی عیـــراق، هەرچەندە ئـــەو ڕێککەوتنە بـــە هەموو عورفێکـــی نێودەوڵەتیی پووچەڵبووەتەوە بە فەرمانی ڕژێمی ســـەدام، بەڵام

بۆ مەرامی فراوانکردنی سـنووره سەربازییەکان و چالاکییە سـەربازییەکان، دەیان بنکەی سـەربازیی گـەورەی سـتراتیژیی لەنـاو خاکـی کوردسـتانی باشـوور دامەزرانـدووە و بێشـەرمانە بۆمبارانـی ناوچـە کوردسـتانییەکان دەکات، دەیـان گونـدی لـە هاوڵاتیـان چۆڵکـردووە و بەهـۆی لاوازی رژێمەکانـی عیـراق و سـەرقاڵییان بـە کێشـە ناوخۆییەکان لەدوای رژێمی سەدامەوە، ئەم تەراتێنەی جەندرمەکانـی تورک رێگەی لێ نەگیراوە. ئەوەی لە کوردسـتانی باکووریش دەیـکات دەرهەق بە کورد و خاکەکەی و بزووتنەوە سیاسـییەکانی، هەمووی بۆ مەبەسـتی سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوەیی و دابڕینـی خاکەکەی و بە تورککردنی بووە. هەروەها دەرهەق بە کوردسـتانی رۆژئـاوا، ئازادانەتر چووە و خاکی کوردسـتانی داگیر کردووە و عەرەبی تیادا نیشتەجێ کردووە. هەموویشی بەناوی لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوشێوەکانی ئەنجام دەدا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و گەڕانەوەی ئەو دەسـەڵاتە لەو ناوچانەدا، مەرامی سەرەکییەتی و گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵە بۆ سەر تورکیـا. لـە لایەکی تریشـەوە، بەنـاوی دەوڵەتێکی ئیسلامیی سوننی و پارێزگاریی لە سنوورەکانی، هێز دەنێرێتە سوریا و لیبیا و ئازەربایجان و فەلەستین.

رژێمـــی ئێرانیـــش، لەنـــاو ئێران و نەتـــەوەی فارس خۆیان بە خاوەنماڵ دەزانن بە ســـەرووی هەموو نەتەوەکانی ترەوە، ئەوانیش لە خەونی ئیمپراتۆریەتی فـــارس دەرنەچوون. لەدوای شـــۆڕشـــی ئێرانیش دژ بە شـــا لە ســـاڵی (١٩٧٩) و هاتنی دەسەڵاتی شیعە بۆ ســـەر حوکم، ئێســـتا بەناوی مەزهەبی شـــیعە و فراوانکردنی دەســـەڵاتیان و دروســـتکردنی هیلالی شـــیعی، توانیویانـــە رووبـــەری جوگرافیـــی خۆیان گەورەتـــر بکـــەن بـــە یارمەتیـــی دەیـــان ڕێکخراوی چەکداریـــی وەک: حەشـــدی شـــەعبی لـــە عیراق و حزبوڵڵا لە لوبنان و حوســـییەکان لە یەمەن، هێزی بەرگریی نەتەوەیی لە ســـوریا، جیهادی ئیســـلام و حەماس لە فەلەستین.

بـــەم شـــێوەیە، هـــەر ڕێگرییـــەک لە هەر شـــوێنێک هەبێت دژ بە فراوانبوونیان، دژایەتی دەکەن. ئێران، راستەوخۆ لە هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیی کـــورد دەدا بـــە گرتـــن و دەربەدەرکردنیـــان لەژێر فشـــار، بە سیاســـەتی ســـەبر و ئارامی و کارنامەی سیاســـیی مەرامەکانـــی ئەنجـــام دەدات. هـــەر ڕێککەوتنێـــک لەگـــەڵ هـــەر لایەنێـــک بـــکات، کاتییە و بـــۆ مەرامێکـــی خۆیەتی و شـــوێنی بـــاوەڕ نین و لەوپـــەڕی بەهێزیـــدا واز دەهێنێت و تەنهات دەکات.

هەوڵی تـەواو دەدات بۆ دوورخسـتنەوەی کێشـە ناوخۆییەکانـی بـۆ دەرەوە. ڕۆژانە هاوڵاتیی کورد بەبیانـووی جیـا جیا بۆ چاوترسـاندن لەسـێدارە دەدەن و زیندانییـان دەکـەن، ئەمـە و دەیان جۆرە شـەڕی تر دژ بە نەتەوەی کورد و سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەکان و زەوتکردنـی مافەکانیان. لە کاتی ریفراندۆم، سـەرچاوەی زۆربەی ئـاوە گرنگەکانی کوردسـتانی بڕی و بە دڵی عیـراق بوو، بۆیە هیچ کەسـێک نەهاتـە دەنـگ. لە شۆڕشـی ئەیلـول، بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ عیراق، شۆڕشـەکەی بە «کون فەیەکونێک» هەڵوەشـاندەوە و پشتیتێکردن. لێدانی کۆمـاری مەهاباد و لەسـێدارەدانی بەرپرسـەکانی و دەیـان نموونەی تـر، دەریدەخەن کە چۆن ئێران دژی کورد سیاسەت دەکات.

لەناو عیراقیش، هەرچەندە بەپێی دەستووری عیراق کوردی باشـوور لـە وڵاتێکـی فیـدراڵ هەرێمێکی هەیە، بەڵام لەدایکبوونی ئەم بەندە دەسـتوورییە، لە دیموکراتیەتی عیراقەوە نەبووە، بەڵکو لە هەلومەرج و دۆخێکـی تایبـەت هاتـە پێش لـەدوای رووخانی رژێمـی سـەدام و بـە پشـتیوانیی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی ئەم دەسـتکەوتە بەدەسـتهات. زیاتر لە سـەد سـاڵە رەگەزپەرسـتیی لە عیـراق پەرەی

سەندووە، ئێستاش ئاسەوارەکانی لە بیرەوەریی عەرەبە توندڕەوەکاندا ماوەتەوە، هەر بۆیە دەیان کێشەی هەڵواسراو لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بەبێ چارەسەر ماونەتەوە. عیراق خۆی لە کێشەی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکیدایە، دەنا ئەو گرووپە توندڕەوە هەلپەرستانە، کاری خۆیان دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دەدەن.

سوریاش، سەرباری ئەم هەموو کێشە ناوخۆییەی خۆی، ناتوانێت دان بە مافە سەرەتاییەکانی کورددا بنێت و پارتە توندڕەوەکانیان ئێستاش بە ئاشکرا دژایەتی کورد و داواکارییەکانیان دەکەن، بە بەرچاوی حکومەتی سوری، تورکیا زەوییەکان و خاکی کورد داگیر دەکات و دیمۆگرافیەتی دەگۆڕێ و فزەی لێوە نایەت. زۆر دەمێکە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردنشین پەیڕەو دەکرێت، ئێستاش سەدان خێزان بێ ناسنامەی سورین، هەرچەند دەیان پارتی کوردی لە سوریا داڵدە دەدران، بەڵام لە بەرچاوی ڕەشی کورد نەبووە، بەڵکو لە دژی حکومەتەکانیان بووە.

لەنێوان ئەو دەوڵەتە ئیقلیمییانە، کورد لەناو هاوکێشە پڕ لە کێشەکان، وەک داشی دامەی لێ هاتووە، هەر کاتێک ویستیان، بزووتنەوەکانی کورد بە ڕێککەوتنێک سەرکوت دەکەن. لەلایەن

زلهێزەکانیشەوە هەر رۆژەی بۆچوونێک دەبیستین و هیچ وڵاتێک لەو وڵاتە زلهێزانە پرۆژەیەکی وەکو دەوڵەت نییە بۆ کورد و تاکوتەرا و تاک تاک پرۆژە بۆ کـورد باس دەکـەن، بەڵام نەبووە بـە پرۆژەی دەوڵەتەکانیان بۆ کورد و پرسی نەتەوایەتییان.

بەناوی یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسـەردا دابەشکراوە و سـەیرکردنی پرسی کورد وەک کێشەی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە و چارەسەرکردنی لە سـنووری جوگرافیاکانیان، وایکردووە حکومەتە مەرکەزییەکان بەهێزترین و کورد لەو گفتوگۆیانەدا لایەنە لاوازەکە بێت.

زۆر جـار کـورد بە ناچاریی پەنـای بردووەتە بەر لایەنێـک لـەو لایەنانە بـۆ هـاوکاری و داڵدەدانیان و پارێزگارییـان لـە نەمان، بەڵام ئـەو هاوکارییانە ئەوەنـدە کەمبـوون، تەنهـا بەشـی خۆپاراسـتنی کردووە لە نەمان، ئەویش بەتەواوەتی نا.

بۆیـە دەبێـت ئەکتـەرە سیاسـییەکان لـە بەشـە جیاوازەکانـی کوردسـتان، لـە دژی یەکتـری و بۆ لاوازکردنی یەکتر کار نەکەن و لایان روونبێ، تەنها بـە یەکبوون ئەگـەری دەروویەک هەیـە بە رووی کـورددا بکرێتەوە، رەنگە ئـەو یەکبوونە ببێتە هۆی پرۆژەیەکی ستراتیژیی نەتەوەیی.

# حەمید دەروێش؛ شێخی کوردایەتی

لە سـەدەی بیسـتەمدا و لەسـەر ئاسـتی پارچەکانی کوردستان، کۆمەڵێک سەرکردە هەڵکەوتن و چەندین شـۆڕش هەڵایسـان کـە بوونەتە بەشـێکی گرنگ لە مێـژووی گەلـی کـورد، هەندێـک لـەو سـەرکردانە سنووری ناوچەکەی خۆیان تێپەڕاند و بوونە ڕەمزی بەرخودانی نەتەوەیی ئێمە.
حەمیـد دەروێش، لە ڕۆژئاوای کوردسـتان چاوی بە ژیان هەڵهێنا، لەوێوە دەستی بە شۆڕش و کوردایەتی کـرد، ئەممـا ڕێگـەی خەبـات و شـکۆی شۆڕشـی، سنووری پارچەکانی دیکەی کوردستانی بڕی و وەکو

ڕەمزێک بووەتە بەشێک لە یادەوەریی ئێمە.
سەروەختی بەشداریی مامۆستا حەمید دەروێش لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە سوریا، سەروەختێکی قورس و بێ کەسییە. کوردی بێ ناسنامەی رەسمیی لەوێ، لە هەمان کاتیشدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری و هەرێمایەتیی بۆیان گونجاو نەبوو شۆڕشەکەیان فراوان بکەن، بەڵام دەستەوەستان نەبوون و بە نهێنی و ئاشکرا دەستیان بە خەبات کرد، هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەدا بۆ ئەوەی مافەکانی کورد وەربگرنەوە.
مامۆستا حەمید دەروێش، نموونەیەکی باڵای بەشداریی بزووتنەوەی کوردایەتییە لە رۆژئاوای کوردستان. بە گەنجی دەستی پێ کرد، سەیری قۆناغەکانی ژیانی بکە؛ ماندووبوون و وەستانی تیادا نییە، تەنانەت لە کۆتا رۆژەکانی ژیانی، کە خەم و نەخۆشی و هەڵکشانی تەمەن دەوریان دابوو، ئەو بەردەوام بوو لە خەبات و لەنێوان قامیشلوو- سلێمانی - وڵاتانی جیهان گەشتی دەکرد و دەیویست بە رێگەی جیاوازی خۆی، مافەکانی گەلەکەی وەربگرێتەوە.
تۆماری مامۆستا حەمید دەروێش لە هاوکاری و خزمەتکردنی خەباتگێڕانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، یەکجار دەوڵەمەند و پڕ شانازییە. ماڵەکەی ئەو، ماڵی هەموو کوردێکی دیکەی پارچەکانی کوردستان بوو، کەس لە ماڵی وی هەستی بە غەریبی

نەدەکرد، میواندۆست و قسەخۆش و ڕێنوێنیکار، بە قسە و کردار هاوکاریی هەموو کوردێکی دڵسۆز بوو.
لەم بۆنەیەدا، لەبیرکردنی لەیلا خانی هاوسەری مامۆستا، بێوەفاییە، کە چەشنی مامۆستا حەمید دەروێش، لەیلا خانیش هاوکار و چاکەکار و کەسێکی کەموێنە بوو لە خزمەتکردنی کوردانی هەر شوێنێک ڕێیان لەوێ کەوتبا. لێرەوە لە ناخی دڵەوە سڵاو بۆ لەیلا خان دەنێرم و پێی دەڵێم جێگەی شانازیی هەموومانی.
مرۆڤ کە دەیەوێت سەرکردەی نموونەیی بناسێ، هانا بۆ سیفاتە کردەییەکانی دەبات نەک بانگەشە و قسەکانی، لەمەیاندا دەتوانین مامۆستا حەمید دەروێش بە چەند پێوەرێک بناسین بەم شێوەیە:
**یەکەم**: ڕاستگۆیی و خاکەڕایی؛ مامۆستا حەمید دەروێش سەرکردەیەکی ڕاستگۆ و خاکەڕا و دڵسۆز بوو، لە ژیانی ویدا بەردەوام کاری بە پرەنسیپی ڕاستگۆیی و وەفاداریی کردووە و هەر ئەوەش وایکرد جێگەی متمانەی هاوڕێکانی بێت.
**دووەم**: وەفادار و بێ کینە؛ مامۆستا حەمید دەروێش کەسێکی وەفادار بوو بۆ: گەلەکەی، خەباتی نەتەوەکەی، هاوڕێ و دۆستەکانی، خێزان و حزبەکەی.
**سێیەم**: هاوکار و ئازا؛ ئەو هاوکاریی هەر کەسێکی دەکرد پێویستی پێی هەبووایە بێ ئەوەی چاوی لە هیچ بێت. سەرکردەیەکی نەترس بوو، تەواوی تەمەنی

بۆ خزمەتی دۆزی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو.

**چوارەم**: مامۆستا حەمید دەروێش بڕوای تەواوی بە فرەیی سیاسی و پێکەوەژیانی کورد و نەتەوە و ئایینەکانی دیکە هەبوو، بۆ ئەمەش بەردەوام خاوەن دەستپێشخەریی بوو.

بە دەیان هۆکاری جیاواز، زیاتر لە پارچەکانی دیکە، مامۆستا حەمید دەروێش دۆستایەتی لەگەڵ کورد و سەرکردەکانی باشووری کوردستان هەبوو لەنێویاندا سەرۆک مام جەلال، جێگەی تایبەتی لای هەموومان و شۆڕش و خەڵکی باشوور هەیە و هەبوو.

کە مەرگ هات؛ مرۆڤ دەستەوەستان دەبێ، هەرچی دەکات چارەیەک نییە، دەنا شێخی کوردایەتی، هێشتا توانای هەبوو رێبەر و رێنیشاندەر بێت و خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەی بکات، دەیتوانی ئەزموونەکەی بخاتە خزمەت رۆژئاوا و باشوور و پارچەکانی دیکەشەوە وەکو چۆن کردی.

من کە ئەم چەند دێڕە بۆ مەرگی شێخی کوردایەتی دەنووسم، ئەو رۆژانەم بیردێتەوە لە سوریا غەریب و بەشداری شۆڕش بووین، ماڵی مامۆستا بووبووە ماڵمان و ورەی دەداینێ. بیرم دێتەوە لەیلا خان چۆن خزمەتی دەکردین و بە لوتفی گەرمی، دڵی ئارام دەکردینەوە، هەرگیز چاکیی ئەوانم بیرناچێ.

یاد و یادەوەریی مامۆستا، هەمیشە بەرز رادەگیرێ... رێگەی خەباتی ئاوەدان بێت.

# راگەیاندنی پیاوانە و پێویستیی وەخۆکەوتنی ژنان

دوو لایەن ئەگـەر رکابەریی یان ناکۆکییان هەبێت؛ زۆر جار لایەنە دەستڕۆیشتووە باڵادەستەکە، هەوڵ دەدات رووبەری جووڵانەوە و چالاکیی بۆ رکابەرەکەی دابڕێژێت و چوارچێوەی جموجووڵەکانی بۆ دیاریی بکات، لایەنە بەرانبەرەکەش بەبێ مەبەست و لەژێر هەندێـک کاریگەریـی، کارنامـەی بەرانبەرەکـەی جێبەجێ دەکات و لەناو ئەو چوارچێوە بەرتەسـکە دیاریکراوەدا چالاکییەکانی ئەنجام دەدات. ئەمجۆرە سـنووربەندییە، زۆر لایـەن و بابەتـی تـری ژیان

دەگرێتەوە، وەک: سیاسەت، سـەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و جێندەری و... هتد.
یەکێـک لـەو ئامرازانـەی کـە بـەکاری دەهێنـن و چوارچێوەی تیادا دادەڕێژن، راگەیاندنەکانە. ئەگەر ئـەو دوو رکابـەرە ژن و پیاو بـن و ئامرازەکەش راگەیانـد بێت؛ ئەوا زۆربـەی راگەیاندنەکان پیاوان باڵادەسـت و بریـاڕدەرن و کارنامەیـان بەپێـی بۆچوونەکانیان داڕشـتووە، بیرکردنەوەی پیاو زاڵە بەسـەر هەموو بەرنامەکاندا تەنانـەت بەرنامەکانی تایبەت بە ژنانیش.
بەپێـی توێژینەوەیەکـی نێودەوڵەتـی، تێبینیی ئەوە کـراوە هێشـتا پیـاوان سـێ بەرانبـەری ژنـان لە بابەتەکانـی راگەیاندندا دەردەکەون، هەروەها تەنها لە سـەدا بیست و چواری هەواڵەکان باسی ژنە یان ژن وەک سەرچاوەی هەواڵ باس دەکرێت و دەنگی ژنان هێشـتا زۆر کزە، ئەم دیاردەیە لای خۆشمان زۆر زەقتر بەدی دەکرێت.
دەبینین زۆربەی ئـەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ژنان دەکرێـن، دەربـارەی رۆڵە نەریتییـە باوەکانە. زۆر جـار ژنـان وەک بەکارهێنـەر دەردەکـەون، وەک: خۆراک دروسـتکردن، جوانکاریی، ئارایشتکردن و ریـکلام، هەندێـک جاریش لەسـەر کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و بواری و تەندروستی و ژینگە،

بـــەڵام لەســـەر بابەتـــی گەرمی سیاســـیی رۆژانەی پەیوەســـت بە ناوخۆ و دەرەوە و بابەتە گرنگەکانی نەتەوەیـــی و ئابـــووری و جیهانـــی و ئاسایشـــی نەتەوەیـــی، کەمترین جـــار چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنان دەکرێـــت، وەک ئەوەی ژنـــان زانیارییـــان نەبێت و تەنهـــا بۆ پیاوان قۆرخ کرابێـــت، لەو بابەتانەدا تەنها خوێندنـــەوە و راوبۆچوونـــی پیاوانمان گـــوێ لێیە. ئەم جیاکارییە و دارِشـــتنی ئەم جۆرە چوارچێوەیە، لەسەر داوای کۆمەڵگە و نەریتە باوەکانیەتی و کەم دەتوانن لابدەن لێی بەهۆی بەرژەوەندییانەوە.

قۆرخکردن لـــە میدیاکاندا، راســـتەوخۆ کاریگەریی لەســـەر توانا و هەوڵ و بیرکردنەوەی ژنان دەکات، کەمتر خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتانە دەدەن، هەروەها کاریگەریی راســـتەوخۆی لەسەر پەرەسەندنی توانا سیاســـییەکانی ژنـــان کـــردووە. بەهەندوەرنەگرتنی رۆڵـــە گرنگەکانـــی ژنـــان لـــە گەشـــەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتـــی و ئابـــووری و نەتەوەیـــی، هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ وڵات و دواکەوتنی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێـــت، راســـتکردنەوە و چاککردنـــی ئەم ئەرکە، لە ئەســـتۆی لایەنـــە پەیوەندیدارەکانـــە؛ دەوڵەت بە هەموو دەزگاکانییەوە، پارتە سیاسییەکان بە هەموو بۆچوونـــە جیاوازەکانەوە، بەتایبەتـــی ئەو پارتانەی بانگەشـــەی دیموکراســـیەت دەکەن، راگەیاندنەکان

بــە هەموو جۆرەکانییــەوە. هەروەهــا ئەرکی ژنان خۆشــیانە، دەبێــت هەوڵ بــدەن ئــەو چوارچێوەیە بشکێنن و بوێرانە بچنە ناو باسی ئەو بابەتانەی تر کە لەلایەن راگەیاندنەکانەوە بۆ پیاوانیان داڕشتووە و نەهێڵن چیتر جموجووڵ و چالاکییەکانیان لە قاڵب بدرێن و نەهێڵن پرســە گرنگەکان تەنها بۆ لایەنێک بێت، بەڵکو هەردوولا بەشداربن و لەیەک رووبەردا گەشە بکەن و چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن.

## جیاوازییەکان، وەکو ئامرازی پێکەوەژیان نەک دابڕان

پارتە سیاسییەکان، ئامرازێکی چالاکین بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیی بەپێی چوارچێوەیەکی داڕێژراوی یاسایی. تاکیش بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندی خۆی، لەناو یەکێ لەو پارتانەدا خۆی دەدۆزێتەوە و کاری تیادا دەکات. پارتەکانیش لە ڕێگەی بانگەواز و دروشم و کار و چالاکیی، بانگەشە دەکەن بۆ ئەوەی تاک، بەتایبەتی گەنجان، رابکێشن بۆ ناو پارتەکانیان.

ئــەوەی لای ئێمە لەناو پارتــەکان بەدی دەکرێت و ڕەفتاری پێ دەکەن؛ لە ڕێگەی بانگەوازی نادروست و دروشــمی بریقــەدار، تــا بۆیــان بکرێــت، هزر و بۆچوونی لایەنگران و ئەندامانیان دەگۆڕن و پڕیان دەکــەن لە رق و کینــە بەرامبەر بەیەک، کە ئەمەش مەترســییە لەســەر پرەنســیپی یەکترقبوڵکــردن و پێکەوەژیان و مەبەستیشــیان ململانێیەکی نابەجێیە بــۆ گرتنــە دەســتی دەســەڵات و کۆنترۆڵکــردن و سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر.

ئەم دیاردەیە، بە زەقی لەنێو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و نووســین و وتارەکانــدا بەدی دەکرێــت. جنێو و ســووکایەتی و ناوبانگ زڕاندن و قسەی نابەجێ و هەندێ جار بوختان، هەمووی لەو باوەڕەوە هاتووە کە دەبێ لایەنی بەرانبەر بهاڕن و دەنگیان کپ بکەن و تەنهــا دەنگی خۆیان بیســتراو بێ. وایان کردووە کەشــێکی دوژمنکارانە دروست بووە تەنانەت لەناو نووخبەکانیشیاندا.

ئــەم دیاردەیــە، بووەتە نەخۆشــییەکی کوشــندەی کۆمەڵگــە و بــەرەو داڕمانــی دەبــات لــە هەمــوو روویەکــەوە، بەتایبەتــی لــە رووی دەروونــی و باوەڕی تاک، وایان کردووە باوەڕی بە هیچ نەمێنێ، رەش و ســپی تێکەڵ بەیەک بکەن و ســەر لە تاکی کورد بشــێوێنن، راســتی و دروســتی لا نەمێنێ و

هەمــووی بە خراپ بزانێ. ناکۆکییە ســەرەکییەکان بــەلاوە نراوە و ســەرقاڵیان کردوون بــە ناکۆکییە لاوەکییــەکان. ئــەم دیاردەیە، بە دڵــی دوژمنەکانی کوردە و هەوڵی پەرەپێدانی دەدەن.

بەڵێ بۆ ئازادی رادەربڕین، بەڵام ئازادی رادەربڕین بــەم شــێوەیە نییــە و جیاوازیــی لــە بۆچــوون و تێگەیشتنمان، سروشــتییە. ئازادی، ئەوە ناگەیەنێت کــە ئەگەر لەگەڵم نەبووی ئەوا دوژمنمی، جیاوازیم لەگەڵتــدا مانــای رق نییە بەرانبەرت یــان بە گێل و نەفامت بزانم.

کاتێ لەسەر مێزی گفتوگۆ یان لە کۆڕێک دادەنیشین و پرسێک دەورووژێ، بێگومان جیاوازیمان لەسەر ئەو پرسە هەیە و هەموومان رامان وەک یەک نابێ، ئەم جیاوازییە، نابێ ببێتە هەوێنی دوژمنایەتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بە بۆچوونەکانی یەکتری، زانیاریمان لەسەر ئەو بابەتە یان پرسە، زیاتر دەبێ.

ئــەم جــۆرە لــە کارکــردن و پەروەردەکردنــی لایەنگــران و ئەندامانــی پارتەکان، وایــان کردووە جیاوازییەکان لەسەر بابەت و پرسەکان، ببێتە هۆی ناکۆکــی و ناکۆکیــش توندوتیژیی لــێ دەکەوێتەوە و خــودی توندوتیژیش دەبێتە هــۆی دارمانی ژیان و دەســتکەوتەکان، هەر بۆیە پێویســتە لەسەرمان فێری یەکتر قبوڵکردن بیــن بە جیاوازییەکانمانەوە،

گوتارەکانمـــان دەوڵەمەنــد بێ بــە بابەتی عەقڵانیی دروســـت و دووربێ لە ســـووکایەتی و سڕینەوەی لایەنی بەرانبەر.

بـــا چیتـــر بـــاری دەروونیـــی تاکـــی کـــورد ماندوو نەکەیـــن، رەنگـــە جنێو و ســـووکایەتی، جۆرێک بێ لـــە ســـووککردنی بـــاری دەروونیی قورســـی تاک، بـــەڵام لایەنـــی بەرانبـــەر ئـــازار دەدات و بێگومـــان ئەویـــش کاردانەوەی توندی دەبێـــت و توندوتیژی؛ توندوتیژیی بەرهەم دەهێنێتەوە.

ئـــەم رێگەیـــەی ئێســـتا گیراوەتەبـــەر، جگـــە لـــە دروســـتکردنی ئاڵۆزیی زیاتر و ســـوود گەیاندن بە دوژمنان، هیچی دیکەی لێ سەوز نابێ.

## چیتر شیعەکان،
## هاوپەیمانمان نین

لەم کاتەدا و لەم واقیع و بابەتانەی ئەمڕۆ لەبەرچاون، هەرێمی کوردستان بۆ پشتئەستووریی خۆی، دەبێ تەنها پشت بە هاوڵاتیانی هەرێم ببەستێ، نابێ چیتر چاوەڕێی دۆستە کۆن و تازەکانی بێ. نموونەشمان؛ شـیعەی عیراقە (وێڕای ڕێزم بۆیـان)، بەڵام ئەوان ئیتر هاوپەیمان نین، ئەوانەی جاران پێش ڕووخانی سەدام و ماوەیەکیش دوای ڕووخانی، هاوپەیمانمان بوون، ئەمڕۆ خۆشـیان ئەو پێگە بەهێزەیان نەماوە لـە عیـراق و کەوتوونەتـە ژێر فشـاری شـەقامی

عیراقی و وتارەکانیان پۆپۆلیستی و گۆڕاون. ئەوان ئێستا تەنها دۆستن، وەک هەندێکیان دەیڵێن؛ ئیتر هاوپەیمان نین. ڕەنگە هەندێک لێکتێگەیشتنیان هەبێ تەنها لەسەر هەندێ پرس. ئەوانەی دوێنێ دۆستمان بوون، ئەمڕۆ کەوتوونەتە بەرەی بێلایەنی، ئەوانەش جاران بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، ئەمڕۆ لە بەرەی ناڕازییەکانن بەرانبەر بە هەرێم.

ئیتر نە کورد پێگەی بەهێزە و نە هێلکە قەپانەکەی جارانە، تەنها توێکڵەکەی ماوە، زۆریش لەوانەی جاران هاوپەیمان و دۆست بوون، ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی نەماون یان دەسەڵاتیان کەمبووەتەوە.

ئیتر بەسە خۆهەڵخەڵەتاندن! هۆکارە بابەتییەکان جیاوازن لە جاران، ئێمەش دەبێ لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا بڕیار و بۆچوونەکانمان بگۆڕین. دۆستەکانمان فەرامۆش نەکەین، بەڵام بە فریادڕەسیشیان دانەنێین. پشتبەخۆبەستن نیشانەی بەهێزییە، پشت بە بێگانە بەستن نیشانەی لاوازییە، تێگەیشتن لە هەردووکیان و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی دۆزی نەتەوەیی، ئەوپەڕی بەهێزییە.

لە ئێستادا لە هەموو هەنگاوێک گرنگتر، گەڕانەوەی متمانەیە لەنێوان حکومەتی هەرێم و هاوڵاتی، بۆ ئەوەش دەبێ:

١. سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت تەنها هی

هەولێر نەبن؛ دەنا نابێ گلەیی بکەن لە کەسانێک بیر لە دۆستایەتیی تاکلایەنە بکاتەوە لەگەڵ بەغدا.

٢. پێشمەرگە موڵکی حزب نەبێ، بۆ ئەوەی تاکلایەنە شەڕ لەگەڵ هیچ لایەنێک نەکرێ و بڕیار لای حکومەت بێ.

٣. شەفافیەت بەرقەرار بێ و بڕیارە چارەنووسسازەکان لە ژوورە تاریکەکاندا نەدرێ.

٤. پەرلەمان بۆ هەمووان بێ و لە خزمەتی لایەنێکدا نەبێ.

٥. گەڕانەوەی متمانە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و هەر لایەنە لە ئاوازێک نەخوێنێ.

٦. دۆزینەوەی کار لەسەر بنەمای پێشبڕکێ و لێهاتوویی نەک لەسەر بنەمای دڵسۆزیی بۆ کەس و گرووپ.

٧. پەلە بکرێ لە دانانی دەستوورێک بۆ هەرێم، کە مایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بێ.

٨. یەکهەڵوێستی و یەکگرتوویی لە دانوستانەکاندا و پێدانی دەسەڵاتی تەواو بە شاندەکان.

٩. لە قولەی قاف وەرنەخوارەوە و بچنەوە ناو خەڵک، بەس خۆتان دوور بگرن... بینینی چەند کەسێک لە ڕۆژێکدا مانای بینینی هاوڵاتی نییە.

١٠. میدیاکانتان لە دژی یەکتری بەکارمەهێنن و ئەم شەڕە بێتامەی میدیاکان بوەستێنن.

پێویستە ئیتر بەخۆماندا بچینەوە و دان بەهەڵەکانماندا بنێیــن و تێبگەین کــە مەزەندەکردنمــان هەڵە بوو. بەدڵنیاییەوە سیاســەت و پارســەنگی هێــزەکان لە عیراقدا گۆڕاوە، نەوەیەکی نوێ بەرەو دەســەڵات و سیاسەتکردن بەڕێوەن، ئەوان دەیانەوێ حوکمڕانیی عیراق لە ناوەند بەهێز بکەن و دڵی شەقامیی عیراق رازی بکەن و ئێمەش وەک بیانوو بەکاربهێنن.

# خۆزگەم بە جاران...

خۆزگەم بە جاران؛ لە ڕواڵەتدا ڕستەیەکی بچووکی سادەیە، بەڵام هەستێکی گەورەی پڕ مانا و شاراوە لەخۆ دەگرێ.
ئـەم خۆزگەیە، یا بە ئاشـکرا لە نووسـین و کۆڕ و کۆبوونەوەدا تێکەڵاوی باسوخواسمان دەبێ، یاخود لـە ناخی خۆمانـدا بیری لێ دەکەینـەوە. خۆزگە بە جارانـی سـادەیی و کـەم کێشـەیی و بەتوانایی و جوانـی و باوەشـی گەرمی خێزان و بۆنی چێشـتی

دایــک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەو و ســادەکان، ســامی باوک و ڕێزی گەورە و یاریــی منداڵان و... هتد دەخۆین.

ئــەم خۆزگــە و بیرەوەرییانە، سروشــتی و جوانن، هەستێکی خۆشی و ئارامی دەبەخشێتە خاوەنەکەی، بەڵام هەندێ جاریش بیرەوەرییەکان ئازاربەخشن و پڕن لە تاڵی و خەفەت.

ئەم هەست و سۆزانە بۆ ڕابردوو، پێویستن، تا ئەو ڕادەیــەی کە نەبێتە ئالوودەبــوون بە ڕابردوو، دەنا مەترسیی بۆ سەر کەسەکە دروست دەکات. خۆگرێدان بــە ڕابردوو و گێڕانــەوەی بەردەوامی ڕووداوەکان و پەیوەندییــەکان، دەبنــە هۆکارێکــی ســەرەکی بۆ تێکچوونی باری دەروونی و خۆکشاندنەوە لە ئێستا و داهاتوو، تواناکان کەم دەکەنەوە بۆ بڕیاری ڕاست و دروست و خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی ئێستا.

هــۆکار زۆرە بۆ ئەم دیاردەیە، لەوانە: کەڵەکەبوونی کێشــەکان چ هیی تاک و چ هیی کۆمەڵ و سســتیی لــە چارەســەرکردنیان، ســادەیی جــاران و کەمیی گۆڕانکارییەکان، هۆکارێک بوون بۆ کەمیی کێشە و گرفتەکان لەچاو جەنجاڵیی ژیانی ئەم ســەردەمەدا، ئەوســای منداڵی و لاوێتی، کەمتر بەرپرسیارێتییان دەکەوتە ئەستۆ و ژیانیان ئاسانتر بوو.

ئەو هۆکارانەی پەیوەندی بە خودی تاکیشەوە هەیە لە رووی گۆڕانی رووخسـار و هەڵکشانی تەمەن و کەمبوونەوەی خەونەکان و ئاستەمیی بەدیهێنانیان، لەدەسـتدانی پێگە و کار، کە سـەردەمانێک ئەوانەی هەبـووە و بەهۆی تەمەن و گۆڕانکاریی لەدەسـتی داون، وا دەکات بـەردەوام بیر لە رابردوو بکاتەوە. هەروەهـا ئـەو پێشـکەوتنە بەرچـاو و خێرایەی لە رووی تەکنەلۆژیاوە بەدیهاتووە، بووەتە هۆکارێکی گـەورە و سـەرەکی بـۆ لاوازکردنـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان کە جاران بۆ تاک زۆر گرنگ بوون. بیرەوەرییە جوانەکان، نەخشـی خۆیان وەک نەقاش هەڵکۆڵیـوە لە دڵ و هزرماندا، وەک نەخشـی سـەر دیـواری ئەشـکەوتە کۆنـەکان، هەندێکیـان وەک خۆیان ماون و هەندێکیان ئاسەواریان کەمتر دیارە. مانەوەیـان گرنگـە بۆ ئارامی و ئاسـوودەیی، بەڵام نابێ بهێڵین بمانخنکێنن، یان رووداوە ناخۆشـەکانی ئـەوێ رۆژێ بـە کـۆڵ هەڵبگریـن و لەژێریانـدا بچەمێینـەوە، وامان لێ بکات لەئێسـتادا نەژین و لە رابـردوودا بچەقین و بەردەوام فرمێسـک لەسـەر دیـوارە رووخـاوەکان و پاشـماوەکانی هەڵبڕێژین، چەقبەسـتوومان بـکات و نەهێڵـێ داهێنانـی نـوێ بەرهەم بهێنین.

ئالوودەبـوون بە رابـردوو، مەترسـیدارە و دەبێتە هۆی نەخۆشـیی دەروونی، سـەرەتا بە دڵتەنگبوون و دواتریـش دەبێتـە هـۆی خەمۆکـی و بێهیوایی و بەرگری و چالاکیی کەم دەکاتەوە.

ئایـا جـاران بـەو شـێوەیە بـووە کـە لە ئێسـتادا دێتـەوە یادمـان؟ ڕەنگـە هەندێکیـان وابـن، بەڵام هەموویـان نـا. بیرەوەریـی، گرتە ڤیدیۆیـی نییە بە وردیـی وردەکارییەکانـی تۆمـار کردبێ. مارسـیل برۆست، ڕۆماننووسـی فەرەنسیی بەناوبانگ، دەڵێ «بیرکردنـەوە لـە رابـردوو، مەرج نییـە وەک ئەو ساتەوەختانە بێ کە ڕووداوەکە تیایدا ڕوویداوە».

بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی بیرەوەرییەکانەوە، نە ئەوسـا بەهەشـتێکی سـەوز بووە و نە ئێستاش دۆزەخێکـی سـوورە و بـە پێچەوانەشـەوە، هـەر سەردەمە جوانی و ناشیرینی و خۆشی و ناخۆشیی خۆی هەیە.

پەیوەسـتبوون و سـۆز بـۆ رابـردوو، بنچینەیەکی سـایکۆلۆژیی هەیـە و پێـی دەڵێـن «نۆسـتالژیا». نۆسـتالژیا، بەپێی زانیاریی پسپۆڕە دەروونییەکان، ئامرازێکـی پەرچەکـردارە و بەرگریی ئەقڵ و هزرە بـۆ چاککردنـی بـاری دەروونی بـۆ خۆگونجاندن، کاتی هەسـت بەتەنهاییکردن، گرنگە بۆ تەندروستیی

دەروونـــی و ئەقـڵ بیر لە رابــردوو بکەینەوە، بەڵام ئالوودەبــوون بــە رابــردوو و زێدەڕۆیــی تیایــدا، مەترســیدارە. بۆیــە گرنگە بیر لە ئێســتا بکرێتەوە، ئێســتامان تاکــە زەمەن و کاتــە بەدەســتمانەوەیە، کلیلی بەختەوەریی ئێســتا و ئایندەمانە، دەبێ بەپێی توانا ســوودی لێ وەربگرین. رابردوو بە خۆشی و ناخۆشــییەکانییەوە گرنگە، بەڵام زەمەنێکە تێپەڕیوە و ناگەڕێتەوە، ئێســتا زەمەن و کاتی خۆمانە. رەنگە ئێســتامان خۆش نەبێ، بــەڵام لە هەموو زەمەنەکان بۆ ئێمە گرنگترە و دەبێ بەپێی توانا سوود لە هەموو چرکەســاتەکانی وەربگرین، بیر لــە خۆگونجاندن و خۆســەرقاڵکردن بە کاری بەرهەمــدار بکەینەوە کە ئارامیمان پێ ببەخشێت و دڵەڕاوکێکان کەم بکاتەوە. هەموو ســەردەمەکان گۆڕانکاری لەگەڵ خۆی کێش کــردووە، گرنــگ خۆگونجاندنە لەگەڵیــدا، نە زەمەن دەگەڕێتەوە و نە دەتوانین پێش بە هەموو رووداوە نەخــوازراوەکان بگریــن، ئێســتامان تاکــە زەمەنــە لەبەردەســتماندایە، ترســی خۆمان لەو پێشــکەوتنە خێرایــەی جیهــان کــەم بکەینــەوە و پێشــوازی لێ بکەین و هێز و توانا و وزەی خۆمان بخەینە کار بۆ خۆگونجاندن و زیندەگیی تیایدا.

# دایك، لەنێوان ئەركی بەخێوكردن و پەروەردەكردندا

دایک، ئەو مێیینەیەیە کە منداڵێک یان زیاتری دەبێت. ئـەو ژنەیە، پەیوەنـدی دایکایەتی لە ڕێگەی تۆخمی بایۆلۆژییەوە بە منداڵەکانییەوە دەیبەسـتێتەوە، یان لە ڕێگەی لەئەستۆگرتنی ئەرکی بەخێوکردن. مەرج نییـە هەمـوو مێیینەیـەک ڕۆژێ لـە ڕۆژان ببێ بە دایک.

دایـک، سـەرچاوەی خۆشەویسـتی و بایەخپێدانە، بەخشندەییەکی بێسنووری هەیە. لە مرۆڤدا بەردی بناغەی دروسـتکردنی خێزانە و کۆڵەکەی سەرەکی

مانەوەیەتـــی. ئامـــادەی هەمـــوو جـــۆرە قوربانیەکە لەپێنـــاو بەخێوکردن و مانـــەوە و پەروەردەکردنی منداڵەکانی. دایکایەتی؛ خاســـیەتێکی باڵا و موکوڕە، بـــە هەمـــوو شـــێوەیەک پارێزگاریی لـــە منداڵەکانی دەکات بـــۆ مانـــەوە و گەورەکردنیان. بەخشـــندەیە، بـــێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشـــت بـــکات. بەردەوامە لە بەخشـــینی خۆشەویســـتی بە منداڵەکانی و بەپێی قۆناغەکان ڕۆڵی جیاواز دەبینێ.

چەند پێناسەی دایک بکەین لە ڕووی بەخشندەییەوە، هێشـــتا کەمە. دەیان پێناســـەی جیاوازی بۆ کراوە، لـــە ئایینە جیاوازەکان و ئەفســـانەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیـــدا، هەموویـــان کۆکن لەســـەر گرنگیی ڕۆڵی دایک و بەخشندەییەکەی.

گەنگەشـــەیەکی بـــەردەوام هەیـــە لەنـــاو کۆمەڵگـــە جیاجیاکانـــی جیهان لەســـەر ڕۆڵـــی ژن لەناوەوە و دەرەوەی خێزان، بەتایبەتی لەســـەر کارکردنی ژن. دەرچوونـــی ژن بۆ کارکـــردن و پەیداکردنی بژێوی و ســـەربەخۆیی ئابووری، لـــە ناوەڕۆکدا زۆر دیار نییـــە و زۆربـــەی جاریـــش نەخـــوازراوە (تەنها لەو کاتانـــەی ژن بێوەژنە یان لێقەوماوە، ئەوســـا لایان پەســـندترە)، پێیانوایـــە دوورکەوتنـــەوەی دایـــک لەماڵەوە، کاریگەری خراپی دەبێ بەســـەر ئەرکەکانی

ناوماڵ و پەروەردەکردن و سەرپەرشتیکردنی منداڵەکان.
لایەنگران و دژەکانی کاری ژن، بەردەوام بەڵگە بۆ بۆچوونەکانیان دەهێننەوە و نەتوانراوە بە چەند وەڵامێک کۆتایی بەو بابەت و گەنگەشەیە بهێنرێت. دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە، لە هەموویان دەرکەوتووە چوونەدەرەوەی دایک بەمەبەستی کار و پەیداکردنی بژێوی، سوودبەخشە بۆ منداڵ و پەروەردەکردنیان، بە مەرجێک ئەگەر دایکەکە بتوانێ هاوسەنگیی هەردوولا رابگرێت. هەروەها دەرکەوتووە منداڵی ئەو ژنانەی کار دەکەن، لە ژیاندا سەرکەوتووتر و زرنگتر و لەسەرخۆترن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەموو ئەو دایکانەی کار دەکەن منداڵەکانیان هەمان سروشتیان هەبێ.
تازەترین توێژینەوەی زانکۆی هارڤەردی ئەمەریکی، کە لە ٢٤ دەوڵەت و لە سەرتاسەری کیشوەرەکاندا کراوە، دەرکەوتووە کاری ژن، منداڵە کوڕەکانی وا لێ کردووە جدی و هێمنتر بن و بایەخ بە کەسانی تر بدەن و زیاتر بەخت یاوەریان بووە کە کاری باشتر و پلەی سەرکەوتوو بەدەستبهێنن. ئەو توێژینەوەیە، کاریگەریی لەسەر مەودای نزیک و دوور دەرخستووە.

بەپێــی توێژینەوەیەکی تر کە لە زانکۆی واشــنتۆن کــراوە، دەرکەوتووە پەیوەندییەکی ئەرێنیی لەنێوان کاری دایک و بەدەســتهێنانی پلەی زانستیی منداڵدا هەیە.

ئەو دایکانــەی کار دەکەن، هەوڵی بەردەوام دەدەن منداڵەکانیان پلەی بەرزی خوێندن بەدەســتبهێنن و ببن بە نموونەیەکی دیار.

دەرکەوتووە دایکــەکان لەیەکترەوە فێری چۆنیەتی پــەروەردە و چارەســەری کێشــەی خۆیــان و منداڵەکانیان دەبن، هەروەها دایکێک کار بکات، باشتر بایەخــی پلەی زانســتیی دەزانێ بۆ بەدەســتهێنانی کاری بــاش و هانــی منداڵەکانی لەو بــوارەدا زیاتر دەدات.

بەپێــی سروشــتی دایــک، کاتــێ لــە دەرەوە دەبێ، جۆرێــک لە هەســتکردن بە دووریی لــە منداڵەکانی لا دروســت دەبێ، بۆیە ئەو کاتانــەی کە لە ماڵەوە دەبــێ، زیاتر کاتیان بــۆ تەرخان دەکات و باشــتر یارمەتییــان دەدات. ئــەوەش دەرکەوتووە کە چوار کاژێــری چڕ لەگەڵ منداڵەکانی، سوودبەخشــترە لە ١٢ کاژێری دوورودرێژی بێبایەخ.

هەروەها کاری ژن، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بــۆ خێزانەکە باشــتر دەکات. مووچــەی ژن ئەگەر کەمیــش بــێ، یارمەتییەکــە بۆ ئابووریــی خێزان و

گرنگە لە کاتی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو. لە لایەکی ترەوە، جۆرێک لە هەستکردنە بە سەربەخۆیی و هەڵسەنگاندنی بۆ خۆی زیاتر دەبێ، ئارەزووی خۆپێگەیاندنی و گەشەی خود پەیدا دەبێ و گیانی پێشبڕکێی لا دروست دەبێ.

بە کۆی گشتی، بیرکردنەوە و بایەخدان بە زۆر شتی ژیانی لا گرنگ دەبێ. جگە لە هاوکاری و گەشەی ئابووریی خێزان، بەشدار دەبێ لە گەشەی کۆمەڵایەتیش.

ئەم سەردەمە، سەردەمێکە ژیان قورستر بووە لە جاران و ئابووریی خێزان بەتەنها یەک کەس بەڕێوە ناچێ، گەشەی کۆمەڵایەتی بەیەک لایەنە ناکرێ و بەردەوامبوونی تیا نابێ.

لەگەڵ ئەمانەشدا، هەندێ لایەنی گرنگ هەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، بۆ ئەوەی کاری ژن نەبێتە هۆکاری ئاڵۆزیی ژیان. وەک: نابێ دوای لەدایکبوونی منداڵ، دایکەکە یەکسەر بچێتەوە سەر کار، چونکە منداڵ لەو تەمەنە بچووکەدا گرنگە لەدایکییەوە زۆر نزیک بێ بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە بێ. لە دوای ساڵێک، منداڵ ئەرکە قورسەکانی کەم دەبێتەوە و دەتوانێ لە یەکێ لە دایەنگەکان هەندێ کات بەسەرببات. گرنگە دەوڵەت زۆر بایەخ بەو

لایەنە بدات بۆ هاوکاریی دایکانی ئیشکەر. هەروەها باشتروایە دایەنگەکە نزیک بێ لە کارەکەیەوە.
باوکیش دەبێ بەشـــی خۆی لـــە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکـــردن هەڵبگـــرێ، چەند دایک گرنگە بۆ منداڵ، باوکیش بەهەمان شێوە.
هەروەهـــا زۆر گرنگـــە ئـــەو دایکانـــەی کار دەکەن، لـــە کارەکانیان رازیبـــن و لـــە رووی دەروونییەوە ئاســـوودە بـــن، بـــۆ ئـــەوەی بارێکی قـــورس نەبێ بەســـەریەوە و کاریگـــەری نەرێنیی نەبێ و بکەوێتە دەربڕینی نارەزایی و نارەحەتی و بۆڵە و کاریگەری لەسەر کەشی ئارامی ناوماڵ بکات.

# قۆناغی گواستنەوە بەرەو یەکسانی

نێرینــە و پیاوەتــی، دوو دەســتەواژەی جیــاوازن، هەرچەندە هەندێ کەس تێکەڵیان دەکەن و جیاوازی لەنێوانیاندا ناکەن.
نێرینە؛ خەســڵەتێکە لە کاتی لەدایکبوونی کەسەکەدا دەردەکەوێ، کۆئەندامی زاووزێ و هەندێ جیاوازیی جەســتەیی و فیزیکی دەیکات بــە نێر، بەڵام پیاوەتی کۆمەڵە خەسڵەتێکە بەهۆی پەروەردە و هەڵوێست و پرنسیپەکانی رەوشت و توانا و هێز بەدەستدەهێنرێن. هەروەها دەستەواژەی پیاوەتی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازن و دەگۆڕێن.

لــە کوردەواریــدا؛ پیاوەتی مانــای بەهێزی و توانا و ئازایەتی و هەڵوێســت وەرگرتن و ئامادەبوونیان لە کاتی رووداو و کێشــە و زەحمەت و لێقەومانەکاندا، یــان دڵفراوانــی و دەســتکراوەیی و میواندۆســتی، یاخود پێشــەوایی و بڕیــاردەر و رابەرایەتیکردن بە شــێوازێکی پەســند. ئەمانــە و دەیان خەســڵەتی تر، نێرینــە دەکات بــە پیاوی ناو پیــاوان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نەتوانراوە هاوڕایی لەسەر یەک بۆچوون و پێناسە بکرێت.

نێرســالاریی، خەســڵەتێکی تــرە، توندوتیــژی و دەمارگیری و خۆســەپاندن و خۆبەزلزانین و...هتدە، بەتایبەتی بەرانبەر بە رەگەزی مێ.

لــە لایــەک بەهــۆی ئــەو گۆڕانکارییانــەی بەهــۆی پێشــکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری و خوێندن بەدەســتهاتوون، لــە لایەکی تریش بەهــۆی دارِمانی دەیــان کولتــوور و بارگرانیــی ژیــان و ئابووریــی ناجێگیــر و چوونــی ژنــان بــۆ گۆڕەپانــی کار و پێشبڕکێ لەگەڵ پیاواندا، وایانکردووە تێگەیشتنەکان ســەبارەت بە یەکســانیی نێر و مــێ و ئەرکەکانیان گۆڕانکارییان بەســەردا بێ و بــەرەو قۆناغێکی تازە هەنگاو بنێن. هەرچەندە ســەرەتایە، بەڵام دیاردەکان دەرکەوتــن و دەتوانین بڵێیــن قۆناغی وەرچەرخانە، قۆناغــی گواســتنەوەیە بــەرەو یەکســانبوون لەنێــوان هــەردوو رەگەزەکــەدا. ئــەو دیاردانەی کە

دەرکەوتوون، سەرەتای ئەو گواستنەوەیەیە و بەهۆیانەوە دەیان چەمکی تازە هاتوونەتە ئاراوە، لەوانە: چەمکی جێندەری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤ و مافی ژنان و...هتد. هەروەها دەیان رێکخراوی خۆجێیی و نێودەوڵەتیی لەم بوارەدا پەیدا بوون. شەڕە لەنێوان کولتووری نێرسالاری و دەسەڵاتیان بەسەر مێیینە و بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و هەنگاونان بەرەو یەکسانبوون، (وڵاتە پێشکەوتووەکان هەنگاوی باشتر و زیاتریان ناوە بۆ ئەم مەبەستە، بۆیە دەبینین ژنان زیاتر چوونەتە ناوەندەکانی دەسەڵات و پیشە و ئەرکی گرنگیان لەئەستۆ گرتووە).

دەبینین لایەنە دژەکانی یەکسانبوون و هاتنی ژن بۆ نێو گۆڕەپانی پێشبڕکێ، دژایەتی دەکەن و توندوتیژتر دەبن بەهۆی مەترسیی لەدەستدانی دەسەڵات، کە وەک هەموو دەسەڵاتێکی تر، دژایەتی گۆڕانکاری دەکرێت تیایدا. دەشبینین لە کەناڵ و دەزگاکانی راگەیاندن چۆن هەندێ لەو دژانە بە ناوناتۆرەی خراپ و هاندانی کەسانی تر چ بەناوی ئایین و شەرعەوە یان بەناوی کولتووری نێرسالاری و ئەقڵیەتی نەریتخوازییەوە، لەو رێگەیەوە دەیانەوێت هەست و سۆزی خەڵک بەشێوەیەکی مەبەستدار ببزوێنن. هەندێ جاریش گوێمان لێ دەبێت دەڵێن پیاوەتی نەماوە. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، پیاوەتی وەک خۆی ماوە، ئەوەی گۆڕانکاریی

بەسەردا هاتووە؛ پێناسە و بنەماکانیەتی. یاخود هەندێ جار پیاوان هەست بە لاوازیی دەکەن، ئەم دیاردەیەش لاوازیی نییە، بەڵکو بەهۆی وەرچەرخانی قۆناغەکەیە کە ئەم جۆرە هەستانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەوان ڕێگر دەبن، بەڵام ژنان دەبێ وشیارانەتر بیر بکەنەوە، دەبێت هەوڵ بدەن دژەکان کەم بکەنەوە و دۆست بۆ پرۆژەی یەکسانیبوون پەیدا بکەن، نەک دژایەتی بکەن. ژنان دەبێ بزانن لە قۆناغی وەرچەرخاندا ئەمانە دیاردەی سروشتین و دەبێ پشوودرێژ بن. پیاوانیش دەکرێت خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بگونجێنن. چیتر پیاو شمشێربەدەست و ژنانیش کۆیلە نین، چیتر باوک لە دەرەوە نییە و ژنانیش لە پشت تەباخ. ژیانی ئێستا هاوبەشییە، بەیەکەوە بڕیارەکان دەدەن، هەردووکیان لە مەیدانی کاردان و کاری ماڵ بەیەکەوە ئەنجام دەدەن.

ئەم وەرچەرخانە، تەنانەت گۆڕانکاریی بەسەر شێوازی جلوبەرگ و ستایلی ژیان و رووخساریشدا هێناوە و هاوبەشیی زۆری پەیدا کردووە. قۆناغەکە وا دەخوازێ بەیەکەوە و شانبەشانی یەکتری کۆمەڵگەیەکی تەندروست لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیەکتری بەدەستبهێنن و توانای یەکتری بەهەند وەربگرن و چیتر دژایەتی یەکتر نەکەن.

ئەمە قۆناغی سەرەتاییە و هی باشتر لەپاشترە.

# شنگال، قوربانی سیاسەتی هەرێمی و ناوخۆیی

شارۆچکەی شنگال، دەکەوێتە سەر سنووری سوریا، لە شارێکی گەورە و دەیان شارەدێ و گوند و لادێ پێکدێت. سەر بە پارێزگای موسڵە و نزیکەی ١١٥کم لە سەنتەری پارێزگاکەوە دوورە.

بەپێی مادەی ١٤٠ی دەستووری عیراق، بە ناوچە جێناکۆکەکان ئەژمار دەکرێت. زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردی هەڵگری ئایینی ئێزدین، هەروەها عەرەب و تورکمان و کریستیان لەو ناوچەیەدا هەن. بە قەڵای مێژوویی ئێزدییەکان لە

جیهاندا دادەنرێت. پەرستگای لالش لەو ناوچەیە، پارێزگاریی لە کولتووری ئایینی و ژیانی ئەوان کردووە.ئەم ناوچەیە، بەهۆی جیاوازی ئایین و گرنگیی جوگرافییەوە، چەندین جار بەر شاڵاوی لەناوچوون و جینۆساید کەوتوون، دواهەمینیشیان؛ داگیرکردنی بوو لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانی داعشەوە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤.

ئەم داگیرکردن و جینۆسایدە دڵڕەقانەیە دەرهەق بە خەڵکی ناوچەکە، بەتایبەتی ژن و منداڵەکانیان، بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە بۆچوون و تێڕوانینی زلهێزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و هێزەکانی هاوپەیمانی لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیە و هەڵسوکەوتیان بەرانبەریان، لە چاودێرییەوە گۆڕا بۆ چالاکیی سەربازیی ڕاستەوخۆ و دەرپەڕاندنی هێزەکانی داعش لە شنگال و ئازادکردنیان لە ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لە دوای ڕزگارکردنیان؛ شنگال و دانیشتوانەکەی تووشی پارچەبوونی دیمۆگرافی و ئەمنی و سیاسی و ئیداریی هاتوون. لە سەرێکەوە وڵاتە ئیقلیمییەکانی وەک: تورکیا و ئێران، لە سەرێکی تریشەوە پارتە سیاسییەکانی وەک: پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی عیراق، هەروەها هێزەکانی حەشد و

هێزەکانـــی عیراق و پێشـــمەرگە، کە هەر هەموویان گاریگەرییان هەیە لەســـەر چارەنووسی ناوچەکە و خەڵکەکەی، هــەر لایەنەش بۆ بەرژەوەندییەک رۆڵ دەگێڕن لە داڕاشــتنی چارەنووســی ناوچەکە، تاکە زەرەرمەندیش خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن.
شنگال، ناوچەیەکی جوگرافیی ستراتیژیی گرنگە بۆ عیــراق و هەرێمی کوردســـتان و ئێران و تورکیا و سوریا، رێڕەوێکی ئەمنی و سەربازی و بازرگانییە. ئەو هەڕەشـــانەی ئەردۆگان دەیکات و چەندبارەی دەکاتەوە ســـەبارەت بە پەلاماردانی ســـەربازیی بۆ ســـەر ناوچەی شـــنگال، هەمان هەڕەشـــەکانی پێش ٣٠ ســـاڵ لەمەوبەرە و هەمـــان بۆچوونی دەوڵەتی عوسمانییەکانە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، کە دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لەناوبردنی ئێزدییەکانی لەو ناوچانەدا دابوو. بڕیاری جینۆسایدی لە دژیان دەکــرد بە ناردنــی هێزێکی ســـەربازیی زەبەلاح بۆ ناوچەکە، هەروەها بڕیاری دا پەرســـتگا و شـــوێنە ئایینییەکانیان بکەن بە قوتابخانەی عوســـمانییەکان و گۆڕانکاریــی دیمۆگرافــی لە ناوچەکــەدا بکات بە هێنانی خێڵە عەرەب و تورکمانەکان تا لەو ناوچەیەدا نیشـــتەجێیان بکات و زەوی و خاکی ئێزدییەکانیان بەســـەردا دابەش بکات. هەمان شێوەی سیاسییەتی رژێمی ســـەدام حســـێن بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکە

و لەناوبردنی ئێزدییەکان. هەروەها عوسـمانییەکان بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئیسلامییەکان، ئێزدییەکانی بە لادەر لە ئایینی ئیسـلامی لەقەڵـەم دەدا. کە بەهۆی ئـەو سیاسـەتە نالەبارەیـان، ئێزدییەکان تووشـی برسـێتی و نەهامەتیـی زۆر هاتـن و تا هـەرەسـی دەوڵەتی عوسمانی لەو بارە ناهەموارەدا دەژیان.

ئـەم فراوانخـوازی و گۆڕانکارییانـە، لـە هـزری ئەردۆگانی عوسمانیدا ماوەتەوە و کاری بۆ دەکات و بە ئاشـکرا ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکات و خەون بە ویلایەتی موسڵەوە دەبینێ.

هاتنـی هێزەکانـی (PKK) بـۆ ئـەو ناوچەیـە و ڕزگارکردنـی شـنگال لە دەسـتی داعـش، بوو بە بیانوویەک بۆ ئەنجامدانی مەرامەکانی تا دەسـەڵات بەسـەر ئەو ناوچانەدا بگرێتە دەسـت. دەیەوێت بە تیرێک چەندین نێچیر بکوژێ. لە لایەک ڕاسـتەوخۆ لـە هێزەکانی (PKK) بدات و لەو ناوچانە دووریان بخاتـەوە، لـە لایەکیـش بـۆ لاوازکردنـی هەرێمی کوردسـتان و لەباربردنی خەونـی گێڕانەوەی ئەو ناوچانـە بۆ سـەر هەرێمی کوردسـتان، ئەمە جگە لەوەی ئەو ناوچەیە هێڵێکی سـتراتیژیی سەربازییە بۆ سەر عیراق و هەرێم و سوریا، هەروەها هێڵێکی بازرگانیـی گرنگیشـە، گەر لە برایـم خەلیل گرنگتر نەبێ ئـەوا لـەو کەمتـر نییە. لـەو ناوچانـە چەند

خاڵێکـی بازرگانیی گرنگـی تیایە وەک: سـمێلکا و سحێلا کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردســتاندان و هەندێ هێڵی تریش لەژێر دەستی حەشــد و (PKK)دان، کە ئەنجامی لەشکرێکشــیی تورکیــا، ئەمانــە هەمووی دەکەونە ژێــر کۆنترۆڵی تورکیا، کە هۆکارێکیشــە بۆ لاوازکردنی بەشێک لە سەرچاوەی دارایی ئەو لایەنانە.

هەروەهــا تورکیــا مەبەســتیەتی نفــوزی ئێران لە ناوچەکــەدا لاواز بــکات کە بەشــێک لــە هێزەکانی حەشــدی شــەعبی نوێنەرایەتییــان دەکەن. راســتە هێزەکانــی حەشــد بــە فەرمــی لەلایــەن پەرلەمان و حکومەتــەوە دامــەزراون، بــەڵام زۆر لایەنیــان راســتەوخۆ فەرمــان لەو لایەن و بــاڵ و پارتانەوە وەردەگرن کە کارنامەی ئێران جێبەجێ دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە تورکیا دەیەوێت پردی پەیوەندی لەگــەڵ تورکمانەکانی عیراق بەهێز بکات، بەتایبەتی تورکمانەکانی کەرکوک.

دوای کشــانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەهــۆی پەلامــاری هێــزە تیرۆریســتەکانی داعش، بۆشــاییەک لــەو ناوچانــە دروســتبوو و بــوو بە گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ هێزەکانی (PKK) و حەشدی شــەعبی و هێزە ســەربازییەکانی عیــراق، کە بووە هۆی پەیدابوونــی چەندین ڕێڕەوی گرنگ بۆ ئێران

بەمەبەستی چوونە ناو قووڵایی سوریاوە و لەوێشەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست و دیمەشق و دواتریش بەیروت. ڕەنگە نەتوانین ڕۆڵی ئێران لەو ناوچانە بە ئاسانی ببینین، بەڵام زۆر لایەن هەن کارنامەکانی بۆ جێبەجێ دەکەن.
بۆ هێزەکانی (PKK)ش، ئەو ناوچەیە وەک پردێک وایە لەنێوان هەرێم و ڕۆژئاوا؛ بۆ هاتوچۆ و بەکارهێنانی و پتەوکردن و ئاسانکاری گواستنەوەی هێزەکانیان لەنێوان باشوور و ئەو لایەن و دۆستانەی لە ڕۆژئاوا هەن.
ئەمانەی ڕوو دەدەن، هەموو بەهۆی لاوازیی حکومەتی عیراق و هەرێمەوەیە کە نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ لەو ناوچانەدا ببینن، کە بوو بەهۆی ناسەقامگیری باری ئەمنی و تێکچوونی هاوسەنگی.
ئێزدییەکانیش بەهۆی ئەو هەموو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە، بوونەتە قوربانی و بوون بە چەندین بەشەوە. لە لایەکی تریشەوە بوو بەهۆی بەسەربازیکردنی کۆمەڵگەی شنگال و هەر بەشە سەر بە لایەنێکن و مەرامەکانیان بەجێدەهێنن.
بەداخەوە، هەموو ئەو هێزانەی دروستبوون، نەیانتوانیوە هێزێکی هاوپەیمانی پێکبهێنن و داکۆکی لە ناوچەی شنگال بکەن بەیەکەوە.

لەنێو ئەو هەموو ئاڵۆزییەدا، دەکرێت هەرێمی کوردستان بە هەموو پارتەکانییەوە، ئەوانەی لە حکومەت بەشدارن و ئەوانەش کە وەک ئۆپۆزسیۆن ماونەتەوە، بەیەکەوە یەک روانگە و بۆچوونیان هەبێ بۆ ئەو پرسانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، بەتایبەتیش بۆ شنگال، کە ئێستا لە هەموو چرکەیەکدا دۆخەکەی قابیلی تەقینەوەیە.

نازانین ئایا هەرێم چی دەکات؟ دەستبەرداری ناوچەکانی شنگال دەبێ یان داکۆکیی لێ دەکات؟ ئایا لەگەڵ تورکیا کۆکن یان لەگەڵ عیراق؟

شنگال، لە دوای ئەو هەموو رووداوە دڵتەزێنانە، بووەتە جێی بایەخی دەوڵەتە زلهێزەکان، بەتایبەتی یەکێتیی ئەوروپا، کە پرۆژەیەکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەو وڵاتە ئەوروپییانە، بۆ نموونە؛ (فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا...) لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لەوانەش: کشانەوەی هەموو ئەو هێزانەی هاتوونەتە ناوچەکە لە دوای شەڕی داعشەوە، کە ئەمەش بە رێگەی دیپلۆماسی و گفتوگۆ بەدەستبهێنرێت و نەهێڵرێت پێکدادان لەنێوانیاندا روو بدات. لە لایەکی ترەوە ئیدارەدانی ناوچەکە هەر لە پۆلیسەوە تا دەگاتە دەسەڵاتی ئیداری، لەلایەن خەڵکی رەسەنی ناوچەکەوە و

هەوڵـی بێوچـان بدرێت بۆ گەڕانـەوەی ئاوارەکان کـە تەنها لـە هەرێم نزیکەی (١١٠ بـۆ ١٣٠) هەزار ئاوارەی ئێزدی هەن.
هەروەها هەوڵبدرێت بە هەموو لایەک سـتراتیژێک دابڕێژن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.
بـا لەپێنـاو هەنـدێ بەرژەوەندیـی تایبەتـی، چیتر ئێزدییەکان نەکەن بە قوربانی.

# ئاژانسی هەواڵگریی نیشتمانیی یەکگرتوو، پێویستییەکی حەتمییە

نەبوونـــی ئاژانســـێکی هەواڵگریـــی نیشـــتمانیی یەکگرتوو، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمـــان. لە هەرێمی کوردســـتان، ئاژانســـێکی هەواڵگریـــی یەکگرتوو بوونی نییە. بەڵێ دوو دەزگا هەن و هەریەکەیان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە سەر بە پارتە سیاســـییە باڵادەســـتەکانن و هەر لایەنەش بودجەی تایبەت بە خۆیان بۆ تەرخان کراوە.

چەندیـــن هەوڵ و بڕیار هەبـــوون بۆ یەکگرتنەوە و دروســـتکردنی ئەنجومەنێکـــی سەرتاســـەری، بەڵام

هەوڵەکان لەباربران و نەگەیشتنە ئەنجام بەهەمان شێوەی هێزی پێشمەرگە، کە بەهەمان دەرد برا و یەکگرتنەوەیان بێئومێدیی پێوە دیارە.
ئاژانسی هەواڵگریی نیشتمانی، لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا بایەخی خۆی هەیە و پێویستە بوونی هەبێ. مێژووی وڵاتان دەریخستووە هاوشانی هەموو دەزگا گرنگەکانی تری دەوڵەت، ئەمیش بایەخ و گرنگیی هەیە و هیچی لە هێزی سەربازیی کەمتر نییە و بگرە لە هەندێ رووەوە کاریگەرتریشە.
ئەگەر سەیری مێژووی جەنگەکان بکەین لە سەرتاسەری جیهان، یاخود شەڕی ساردی نێوان وڵاتە گەورەکان، بۆ سەرکەوتن و شکستپێهێنانی پیلانی وڵاتی بەرانبەر و دەستکەوتنی زانیاری، پشتیان بەو جۆرە دەزگایانە بەستووە.
هۆکاری سەرەکی یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە و دروستنەکردنی دەزگایەکی یەکگرتووی نیشتمانیی، وەک هەموو پرسە گرنگەکانی تر؛ دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی بەرژەوەندی حزبی بەسەر پرسی نەتەوایەتی و نەبوونی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمیی هەمەلایەنە. تاکوو ئێستاش عەقڵیەتی شاخ زاڵە بەسەر عەقڵیەتی دەوڵەتداری و حوکمداریدا. لەجیاتی

دروســتکردنی دەزگایەکی یەکگرتووی نیشــتمانیی کــە لە خزمەتــی دۆزی گەلەکەماندا بێت بەگشــتی، حزبەکان ئەو دەزگا هەوڵگرییانە بۆ شکاندنی یەکتر و بەلاڕێدابردنی بۆچوونە دروستەکان و شێواندنی شیرازەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.

گــەر ئەگــەری ئــەوە لەئارادایــە رۆژێ لــە رۆژان ســەربەخۆ بین؛ ئەوا دەبــێ دەزگا و دامەزراوەکان لەســەر بنەمــای نیشــتمانیبوون دابمەزرێــن، نەک دروشــمی قەبە، قسەی زل ســوودی نییە، کردەوە مەرجی ســەرەکییە و هەنگاونانە بۆ دروســتکردنی ئەو دەزگا گرنگانە بە ئیرادەیەکی پۆڵاییینەوە.

تا ئــەو کاتــەی دەزگای هەواڵگریــی یەکگرتوومان دەبێــت، ئاسایشــی هەرێمەکەمان ناجێگیــر دەبێت و لــەو بۆشــاییە ئەمنییــەدا دەبیــن کــە ئەندامانی هەواڵگریــی وڵاتان و لایەنە نەیارەکانی درزە دەکەنە ناومان و هەر رۆژە و ناوچەیەک و کەســایەتییەک بەر مووشەک دەدەن.

ئــەو دەوڵەتانــەی لــە مێــژووی دوور و نزیکــدا دروســتبوون، بەهۆی بنیاتنانی دەزگا و دامەزراوە گرنگەکانیان بەشێوازێکی دروست توانیویانە شوێن و مانی خۆیان مسۆگەر بکەن و بمێننەوە و بەرگەی پیلانــی نەیارەکانیان بگرن و تەنانەت گورزیشــیان لێ بدەن.

ئەركی ئاژانسی هەواڵگریی یەككگرتووی كوردستان، لــە ســەروو هەمــوو پرســێكەوە؛ پارێزگارییــە لە قەوارەی هەرێم، دەنا ئێمە خاوەنی پرۆژەی ئەتۆمی و توێژینــەوەی دەگمەن و كارگــەی چەكی كۆكوژ و تەنانــەت چەكــی بچووكیــش نیــن، تا ترســمان هەبــێ زانیارییەكانمــان دزە بكــەن. ســەبارەت بە زانیارییەكانیش دەربارەی كانزاكان بە نەوتیشەوە؛ ئەوا بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و خێرەومەندی خۆمان، دەستمان والآیە و زانراون.

لــە جیهانــی پێشــكەوتوو، دەوڵەتان یــەك دەزگای هەواڵگرییــان هەیە و لە خزمەتی بەرژەوەندییەكانی وڵاتدایە بە هەموو جومگەكانییەوە، ئەی باشــە ئێمە لەو هەرێمە بچووكەدا دووانمان بۆ چییە!؟

# ئەركی كورد لە شەڕی ئیسرائیل و فەلەستیندا

ئـەم شـەڕەی ئەمـڕۆ لەسـەر خاكـی فەلەسـتین و ناوچـەی غـەززە، بەتایبەتـی لـە گەڕەكی جـەڕاح لە قودسـی ڕۆژهـەڵات و مزگەوتی ئەقسـا ڕوو دەدات، كە باڵە سـەربازییەكانی فەلەسـتین بە مووشەك چەند شـارۆچكەیەكی ئیسـرائیل و ئیسـرائیلیش بـە فڕۆكە چەند ئامانجێكی ناوچەی غەززە بۆردوومان دەكەن و خەڵكی سڤیل لەناودەچن.

هەندێك لە چاودێرانی سیاسی، پێیان وایە ئەمە هەلێكی زێڕینە بۆ بنیامین نەتەنیاهۆ تا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و بە خەڵكی ئیسرائیل بڵێ؛ لە ئاستی بەرپرسیارێتیدام بۆ پارێزگاریی لە كیانی ئیسرائیل، پاش ئەوەی شكستیهێنا لە پێكهێنانی حكومەت. هەندێكی تریش دەڵێن؛ حەماس

بــەو هێرشــانە دەیەوێت ببێ بــە خاوەنی ســەرەکیی پرسی فەلەستین، بەهۆی ئەوەی دەمێکە فەتح کۆنگرەی نەبەستووە لە ترسی لەدەستدانی دەسەڵات. لە لایەکی تریشــەوە، ئیســرائیل ترســی هەیە لە نزیکبوونەوەی ئیدارەی ئێســتای ئەمەریکا بە ســەرۆکایەتی بایدن لە فەلەستینییەکان. هەندێ لایەنیش هەن دژ بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی (ئەبراهام)ن، کــە لەنێوان وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و ئیســرائیل کراوە، دەترســن پەرەبســتێنێ و چەنــد وڵاتێکی عەرەبیی تر بچنە ناو ئەو ڕێککەوتنەوە، هــەر بۆیە دەیانەوێ شکســت بەو ئاشــتەواییە بهێنن، چونکە بە ئاشــتیی چارەســەرکردنی پرسی فەلەستین، گرووپــە چەکدارەکان هەلــی مانــەوە و بەردەوامییان لەدەســتدەچێ. ئەمانــە هەمــووی لێکدانــەوەن و هەر هەمووشیان بەشێک لە ڕاستییان تێدایە.

بەهۆی ئەوەی توندڕەویی ئایینی پەرەی سەندووە، چ لە لایەنی ئیســرائیلییەکانەوە کە ناتانیاهۆ سەرپەرشتییان دەکات و چ لەلایەن فەلەســتینییەکانەوە کە حەماس و جیهادولئیسلام و ئیخوانییەکانن، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم شــەڕە بەرۆکی زۆر لایەنی تر بگرێتەوە، هەردوو لایەنیش دەیانەوێ ڕای گشتیی بەرەو لای خۆیان ببەن. لێرەدا ئەگەری ڕاپەڕینی سێیەم هەیە لە فەلەستین، ئەم جارەیان لەبری بەرد، دەبێ بە مووشەک و بۆردوومان و قوربانی زۆرتری لێ دەکەوێتەوە.

لە ڕاســتیدا ئەم کێشە و شەڕە سیاسییە، پەیوەندی بە

ئاییــنەوە نییە، ئایین بووە بــە ئامراز بۆ جێبەجێکردنی مەرامە سیاســییەکانیان و هەر لایەنەش بەرژەوەندیی خۆی تیا دەبینێتەوە.
تورکیــا دژی شــەڕە، ئەویــش لەبــەر چەنــد هۆیەک، لەوانە: راکێشانی سۆزی ئایینیی ئیخوانەکان و دەوڵەتە ئیســلامییە عەرەبەکان. لــە لایەکی تر دژی رێککەوتنی ئەبراهامە، دەترســێ پەیوەندییــە ئابوورییەکان لەگەڵ کەنداو زیاتر ببێ، دەنا خۆیان چەندین رێککەوتننامەیان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی؛ ئابــووری و ســەربازی و ئاڵوگۆڕکردنی توێژینەوە و ستراتیجە سەربازییەکان و کردنی مانۆڕی سەربازیی دەریایــی و ئاســمانیی هاوبــەش و مەشــقپێکردنی ســەربازی تورکــی لە ئیســرائیل و پۆشــتەکردنەوەی هێزەکانــی تورکیــا لــە رووی ئامێرە ســەربازییەکانی وەک فڕۆکــە و تانــک و زرێپــۆش، هەروەها لە رووی ئابوورییــەوە رێککەوتنی بازرگانیی ئــازاد لەنێوانیاندا هەیە.
زۆربــەی لایەنەکان، پرســی فەلەســتین دەقۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی سۆزی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بۆ خۆیان.
ئــەو هێرشــانەی ئیســرائیل بەرانبەر فەلەســتینییەکان دەیکات، لــە هەموو رووەکانەوە ســوودمەندی یەکەم دەوڵەتی ئێرانە و لە بەرژەوەندیەتی حەماس ببێ بەهێزی ســەرەکی، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی سەرنجەکانی جیهــان لەســەر خــۆی تــا رێگــە ســەربازییەکانی بۆ

والاّ ببیّ.ئێستا پرسیارە گرنگە ئەوەیە؛ کورد لەو نێوەندەدا ئەرکی چییە؟ تاکە ئەرکی وەستانەوەیە بەرانبەر ئەو شەڕە نابەرابەرە لە ڕێگەی نووسراو و بەیاننامەوە، ئەویش وەک هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە، دەنا نە ئیسرائیل دۆستی کوردە و نە سیاسییەکانی فەلەستین.

هەر ئیسرائیل بوو ئۆجەلانی رادەستی تورکیا کردەوە، هیچ کاتێکیش نە لەسەر عەفرین و نە لەسەر تاوانەکانی تری تورکیا دژ بە کورد نەوەستاوەتەوە و هەڵوێستی نەبووە. سیاسییەکانی فەلەستینیش، دژ بەو هەموو جینۆساید و تاوانەی بەرانبەر بە کورد دەکرا و دەکرێن، بێدەنگن و مێش میوانیان نییە.

یەک فەلەستینیی دژی ستەمکارییەکانی سەدام نەوەستانەوە و نەهاتنەتە گۆ، هیچ یەکێکیان نەهاتنە پاڵ پێشمەرگە کە ئەوسا لە عیراق بوونیان هەبوو، لە کاتێکدا دەیان کورد لە خاکی فەلەستین شەهید بووە و گۆڕستانێک لە هەولێر هیی ئەو قوربانیانەیە.

ناوبەناو لەملا و ئەولا گوێمان لێ دەبێ کەسانێک هانی خەڵک دەدەن بچن بۆ جیهاد و سۆزی ئایینی خەڵک دەورووژێنن و کوڕی هەژاری کورد بەکوشت دەدەن، بەڵام ڕاست وایە هەڵوێستی ئێمە لە سەکۆنەکردنی شەڕ زیاتر تێنەپەڕێ، چونکە نە سوودی سیاسی و نە دەستکەوتی دیپلۆماسیی بۆ کورد هەیە.

# سەرنجێك

# لەسەر دەستوور

دەستوور، بەرزترین یاسای وڵاتە. ئەو بەڵگەنامەیەیە، کە شـێوازی حوکمڕانی و پرنسـیپەکانی پەیوەندی نێوان دەسـەڵات و هاوڵاتی ڕێک دەخات، هەروەها ماف و ئەرکەکانیان دەستنیشان دەکات.

زۆربـەی دەسـتوورەکان لەسـەر ئـەم بنەمایـە نووسراونەتەوە و داڕێژراون، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیـی بچووک. یاسـایەکی نێودەوڵەتی نییە بۆ نووسـینەوەی دەسـتوور، بەڵکـو بەپێی شـێوازی حوکمڕانی و باری ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی،

رۆشنبیری، کەشی سیاسی نووسراونەتەوە.
دەتوانیـن بڵێیـن دوو شـێوازی سـەرەکی لـە نووسـینەوەی دەسـتوور هەیە، یەکەمیان: لەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە دادەڕێـژرێ و وەک خەڵاتێـک پێشـکەش بە گەلی دەکەن. شـێوازی دووەمیشیان؛ پـاش سـەرکەوتنی خواسـت و دەسـەڵاتی گەل و گواسـتنەوەی دەسـەڵات لە تاکرەوییـەوە بۆ گەل، ئیتـر گـەل خـۆی خاوەنی دەسـەڵاتە و خۆیشـی شـێوازی حوکمڕانیـی دیاری دەکات و دەسـەڵات دەبەخشـێتەوە و ئەرکـەکان و مافەکانـی هاوڵاتیی تێدا دەستنیشان دەکات.
شێوازی نووسـینەوەی دەستوور و داڕشتنی، گەل لە ئەسـتۆی دەگرێت، ئەوانیش ئەنجومەنێکی باڵا لە شـارەزایانی نووسینەوەی دەسـتوور هەڵدەبژێرن و مافی نووسـینەوەی دەستووریان پێ دەبەخشن. ئەوانیـش وەک ئەنجومەنێکـی بـاڵا، راوێـژ بـە پسـپۆڕان و هەموو چین و توێژ و لایەنێک دەکەن و هـەوڵ دەدەن داواکاری و مـاف و ئەرکەکانیـان لە دەسـتووردا جێ بکەنەوە بە رەچاوکردنی بنەما نەتەوایەتـی و نیشـتمانییەکان، دەکرێت سـوود لە رەشنووسەکەش وەربگرن.
نابێ دەسـەڵاتی یاسادانان (تشـریعی) (ئەنجومەنی نوێنـەران، یـان پەرلەمـان)، ئەرکی نووسـنیەوەی

دەستوور بگرنە ئەستۆ، ئەگەرچی لەلایەن میللەتیشەوە هەڵبژێردراون، چونکە ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەران دارشتنی یاسا ئاساییەکانە، یان بەپێی برگەکانی دەستوور یاسا دادەرێژێ کە لەگەڵ برگە دەستوورییەکە گونجاو بێ. دەشکرێ لە دەستوورەکەدا مافی گۆرینی چەند برگەیەکی دیاریکراویان پێ بدرێت.

دوای نووسینەوەی دەستوور لەلایەن ئەو ئەنجومەنە، لە زۆربەی کاتدا راپرسی لەسەر دەکرێ، بەڵام پێش ئەوە دەبێ خەڵک وشیار بکرێنەوە لەسەر برگەکانی دەستوور، بۆ ئەوەی کوێرانە و بەپێی ویستی دەسەڵات و پارتەکان و لایەنەکان دەنگ بە بەڵێ یان نەخێر نەدا. لە هەمووشیان گرنگتر؛ هەست بکات مافەکانی لە دەستوورەکەدا جێگەی کراوەتەوە.

بەتەواوبوونی نووسینەوەی دەستوور و ئەنجامدانی راپرسی، ئەرکی ئەو ئەنجومەنە تەواو دەبێ. کەواتە ئەوە گەلە کە بە هەموو جۆرێک رەزامەندیی لەسەر دەستوورەکە داوە.

رەنگە کەسانێک هەبن بپرسن و بڵێن باشە ئەنجومەنی نوێنەران خۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن. بەڵێ راستە، بەڵام ئەو ئەنجومەنی نوێنەرانە کاتییە و لە زۆربەی جار لە چوار ساڵ تێپەر نابێ، بەڵام

دەســتوور بۆ ماوەیەکــی دوورودرێــژە، بۆیە پێی دەڵێن دەستووری هەمیشەیی.
ئەگەر لە پەرلەمان دەستوور بنووسرێتەوە، ئەگەری ئــەوە هەیە ئەو لایەنەی کە لــەو خولەی پەرلەماندا زۆرینەن و دەسەڵاتدارن، دەستوورەکە بە مەرام و ویســتی ئەوان بنووسرێتەوە و لە بەرژەوەندی ئەو لایەنە بێت، چونکە زۆرینەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژ بە پرنسیپەکانی دیموکراسیەتە.
دەستوور هی گەلە نەک هی دەسەڵات، هەر گەلیش ئــەو پەیوەندییە دیــاری دەکات لەنێوان دەســەڵات و خۆیــدا، هــەر ئەویشــە شــێوازی حوکمڕانــی بۆ دەسەڵات دیاری دەکات، بۆیە ئەوەی لە کوردستان دەگــوزەرێ؛ دژ بــە پرنســیپەکانی نووســینەوەی دەستووره لە حوکمڕانییەکی دیموکراتخوازییانەدا.

# بەردەبازی دوانەکەوتن لە کاروان

دوانەکەوتن لە کاروان؛ مانای بوونی تەگبیری راست و خۆئامادەکردنی باشە بە پلانی جۆراوجۆرەوە بۆ سەردەمی لێقەومان، سەردەمێ؛ کە هەرکەس دۆستی کەمدەبێتەوە و دەوربەری چۆڵدەبێت، پێچەوانەی پێشووتر کە لەناو حەشاماتی دۆستاندا بوویت.

تەگبیــری راســت رەنگــە ئەوەبێــت دامــەزراوەی دەوڵەتــی «کە لە کوردســتاندا هێشــتر دەڵەمەیە» بە راوێژ لەگەڵ شــارەزایان و دۆســتانی، ستراتیژ و نەخشــەڕێگە بۆ ســەرکەوتن و بەرەوپێشچوون دابنێ، لەناو ئەو نەخشەڕێگەیەشدا تەگبیری ئەوەی نووســیبێ ســەروەختی نەهامەتی و شکست «خوا بکات تووشی نەبین»، دەبێ چی بکات و چۆن خۆی لێ دەرباز بکات.

گەلی کــورد بەدرێژایی مێژوو پێشــتەگبیر نەبووە؛ پێشــتەگبیر بەمانــای ئەوەی ســتراتیژیی نەتەوەیی روون و رەوان و نووســراوی نەبــووە کــە لــە شکســتەکان دەربازی بکات، دوو نموونەی نسکۆی شــۆڕش لــە ســاڵی ١٩٧٥ و گەلەکۆمەکێــی عیراق و دەوروبــەر و بەشــێکی زلهێزانــی جیهــان دوای ریفراندۆمی ســەربەخۆیی لەســەر کــورد؛ دەکەمە بەڵگەی ئەو قسەیەم.

ماوەیەکــی زۆرە باســی مەترســییەکانی ســەر کوردســتان دەکــەم، هەڵبەتــە بۆیــە ئــەوە دەکەم چوون ئەزموون و رێوشوێنەکانی عیراق و وڵاتانی

دەوروبــەر، هەروەها ناکۆکــی ناوخۆییش لەنێوان حزبەکانی هەرێم، وانیشــان دەدەن مەترســییەکان زۆر جدیــن، لــەوەش واوەتر گەندەڵــی و نەبوونی بەرنامەڕوونــی و خراپــی دۆخــی خزمەتگوزاریی وایانکــردووە متمانە لەنێوان حکومەت و بەشــێکی هــەرە زۆری هاوڵاتییان نەمێنێت کە ئەمەیان زیاتر مەترسییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان کاریگەرتر دەکات.

پێشــتەگبیر بەردەبــازی دوانەکەوتــن لــە کاروانە، کاروانی ئێســتا کــە دەشــتوانین ناویبنێین درێژەی خەباتــی رزگاریخوازی و گەیشــتن بە ئامانجەکانی نەتــەوە کــە ســەدان ســاڵە کــەم و زۆر لەپێناویدا خەباتمان کردووە.

کە دەزانین مەترســییەکان هەن، حەقە پێشــتەگبیر بۆ دەربازبوون بکەینــە بەردەباز، هەر ئەمە دەبێتە هــۆی رەوینەوەی مەترســییەکانی ســەر نەتەوە و ئەزموونــی حوکمڕانیــی کوردســتان، بــۆ نەیکەین کە ئەمەیان پەیوەســتە بە ژیــان و داهاتووی گەلی کوردەوە؟

# شەڕی
# بڕینەوەی داربەڕوو

بەداخـــەوە، وا دیـــارە تورکیـــا ســـڵ ناکاتـــەوە لـــە پیادەکردنی هەر جۆرە شێوازێکی نامرۆڤانەی شەڕ دژ بــە کورد، کە دوایین شــەڕ؛ شــەڕی بڕینەوەی دارەکانـــی کوردســـتانە. زۆرینەی ئـــەو دارانەی کە دەیبڕنـــەوە، داربەڕوون، کـــە رۆژانە نزیکەی (٥٠٠) تەن دار دەبڕنەوە.

بە بڕینـــەوەی داربەڕوو؛ بەیەک تیر چەند نێچیرێک دەکـــوژێ، چونکـــە تورکیـــا بایەخـــی داربـــەڕوو لە خۆمان باشتر دەزانێ و گوێش نادات بە هیچ جۆرە

بەهایـەک و یاسـایەکی نێودەوڵەتی و بە بەرچاوی جیهانەوە ئەو جۆرە تاوانانە دژ بە کورد و سروشتی ناوچەکە دەکات. بڕینەوەی دار، تەنها دژی ژینگە و سروشتی کوردستان نییە، بەڵکو دژ بە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکانە.

کوردسـتانی گـەورە، لەسـەر ئاسـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا لە بوونی جۆرەکانی رووەکدا یەکەمـە، کـە زیاتر لـە (١٥) هەزار جـۆر رووەکی هەیە، لە هەمووشیان گرنگتر؛ بەڕووە.

دەتوانیـن بڵێیـن بـەڕوو باوانـی رووەکەکانـە و رۆڵی سـەرەکی دەبینێ لە دابینکردنی سیسـتمێکی گونجاوی ژینگەیی، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١. رووەکێکـی بنچینەیـی و سـەرەکیی پاراسـتنی سیستمی ژینگەیە لە شاخی زاگرۆس.

٢. زیاتـر لـە نـۆ جۆر بـەر دەدات، کە ئـەم بەرانە رۆڵـی سـەرەکییان هەیە لـە دابینکردنـی خۆراک بـۆ زینـدەوەری جۆراوجـۆر... لە هەمان کاتیشـدا ماڵێکی ئارام و هێلانەیەکی گونجاوە بۆ زیندەوەری جۆراوجۆری ناوچەکە.

٣. بـەکار دەهێنرێـت بۆ چەندین جۆر پێداویسـتیی مرۆیی، لەوانە: دروستکردنی خانوو، دەفر، کەلوپەلی ناوماڵ و پێداویسـتی رۆژانەی مـرۆڤ، خۆراک و گەرمکردنەوە... تاد.

٤. لــە رووی مێژووییــەوە، بــەڕوو خۆراکێکــی سەرەکیی کورد بووە.
٥. رۆڵێکی سەرەکیی دەبینێ لە پاراستنی دارِمان و هەرەسی شــاخەکان، چونکە لە هەندێ کاتدا رەگی زیاتر لە ٢٠م رۆدەچێتە ناو زەوییەوە.
٦. سیستمێکی داینەمیکیی بەهێزی هەیە، خوێندنەوەی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی گۆڕانکارییــە ژینگەییــە خێــراکان زۆر زیاترە لە هەمــوو رووەکەکانی تری ناوچەکە.
٧. لــە ســەرجەم شۆڕشــە جیاوازەکانی کــورددا، بەڕوو پشت و پەنای کورد بووە و هۆکارێک بووە بۆ هێشــتنەوەی نەتەوەی کورد و رۆڵی سەرەکیی هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی خــۆراک و کۆمەڵایەتیــی کــورد، چونکە کــورد بۆ دابینکردنی ســەرجەم پێداویستییەکانی سوودی لە بەڕوو بینیوە.
٨. بۆ پێشمەرگە و گەریلا، بەردەوام وەک پەناگە و چەتری سەریان بووە.
٩. هۆیەکە بۆ دەســتەبەرکردنی نشینگەی ژینگەیی گونجاو بۆ زیندەوەرانی تر.
١٠. هۆکارێکی ســەرەکییە بــۆ بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا.

١١. له قەدپاڵی شـــاخەکان، دارستانی بەڕوو، خاکی بەردەڵان لەســـەر بەردی (لایمستۆن) و گڕکانەکان بــە بەرزیی جیــاواز کە لەنێــوان (٦٠٠م – ٢٢٠٠م) دەڕوێن.

ئەمانە و دەیان ســوودی تر... لە لایەکی تریشـــەوە، بەڕوو وەک هێمای سروشـــتی کوردســـتان وایە و تورکیا بەمەبەست دەیەوێت ئەو هێمایە لەناوببات.

ســـەرەڕای ئەم هەموو گرنگییە، کەچـــی کاردانەوە فەرمی و نافەرمی و ناوخۆیی و جیهانییەکان لاوازن و بڕینـــەوەی دارەکانیش بەردەوامیی هەیە... لێرەدا پرســـیارێک دێتە ئـــاراوە؛ ئایا تورکیـــا لە وڵاتەکەی خۆیدا دەهێڵێ بەبێ یاســـا دار ببڕدرێتەوە؟ ئەی بۆ لە کوردســـتانی باشـــوور و ڕۆژئاوا بە ئارەزووی خـــۆی دار دەبڕێتـــەوە و زەوی کشـــتوکاڵی وشـــک دەکات و باخـــە زینـــدووەکان دەبڕێتەوە و ڕێڕەوی ئاو دەگۆڕێ و ڕێژەی کەم دەکاتەوە... بۆ کەســـێک نایەتەگـــۆ!؟ ئێتیـــر بەس نییە قبوڵکردنـــی ئەم هەموو پێشێلکارییە!؟

# تورك و بەردەوامیی سیاسەتی قڕكردنی كورد

جینۆسایدی ئەنفال، پرۆسەیەكی دڕندانەی دیراسەكراو و بەرنامەبۆداڕێژراوی ڕژێمی سەدام بوو، بەمەبەستی لێی (لەناوبردنی شۆڕشی سیاسیی چەكداریی كورد، كەمكردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی كورد، بەعەرەبكردنی ناوچە كوردستانییەكان، گۆڕینی دیمۆگرافیەت و دزینی خاكی كوردستان، هەوڵدان بۆ تێكشكاندنی كەسایەتیی تاكی كورد و لەناوبردنی ناسنامە و كولتووری گەلەكەمان، لێكترازانی ماڵی كورد و دابڕینی ناوچەكان لەیەكتر،

لاوازکردنی ئابووریی کوردستان بە کەمکردنەوەی بەروبوومــی کشــتوکاڵی و بڕینەوە و ســووتاندنی ڕەز و باخ دارســتانەکان، کوێرکردنــەوەی کانی و کارێز و ســەرچاوەکانی ئاو، وێرانکردنی گوندەکان و ژیانــی کــوردەواری)ی ئەمە جگە لە کوشــتن و بێسەروشــوێنکردنی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان لە منداڵ و گەنج و پیر بە نێر و مێیەوە.
ئەگەرچی سەدام ئەم پرۆسەیەی لە سەردەمی پێش تەکنەلۆژیا و لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکەی خۆیــدا ئەنجام دا، بەڵام ئێســتا ڕژێمــی ئەردۆغان هەمــان پرۆســە لــە ســەردەمی تەکنۆلۆجیــا و بە بەرچــاوی جیهانەوە لە دەرەوەی سنوورەکانیشــی دژ بە کورد ئەنجامی دەدات و بە هێمنی و لەسەرخۆ بە هەمان ئەو قۆناغانەدا دەڕوات.
دەبینین دوای پرۆسە سەربازییەکەی (چڵە زەیتون) و دروشمی (فتح المبین)، هاوشێوەی ئەنفال؛ ئایینی کرد بە قەڵغانی تاوانەکانی و مەبەســتیش ئەوەیە لە وڵاتە ئیســلامییەکان بگەیەنن نەتەوەی کورد کافرن و سۆزی ئایینیی بەکاربهێنن.
هەردوو پرۆســەکە، پرۆســەی ســەربازی سیاسی ڕەگەزپەرستین. ئەردۆغان، هەستی ڕەگەزپەرستی و توندڕەویــی تــورک بــەکار دەهێنێ، بــۆ قڕکردن و لەناوبردنــی هەرچی دەســتی پێــی دەگات.ماڵی

کورد و خاکی کوردســتان بە هــی خۆی دەزانێ و هەمــوو مافێکیشــی بۆ ئەو مەبەســتە داوە بەخۆی بــۆ داگیرکردنــی خاکی کوردســتان لــە رۆژئاوا و باشوور.
سوپای رەگەزپەرستی تورک، چووبێتنە هەر شوێن و ناوچەیــەک لــەو دوو پارچەیەی کوردســتان، بە چەندین شــێواز سیاسەتی جینۆساید و لەناوبردنی ژیــان و گۆڕینی دیمۆگرافیــای ناوچەکەیان ئەنجام داوە و جگە لە تاوان دژی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، دژی ژینگە و سروشــتیش هەموو کارێکی قێزەون و نامرۆڤانــە ئەنجــام دەدەن، وەک: گرتنــەوەی ســەرچاوەکانی ئاو و گۆڕینی رێڕەوی ئاوەکان بۆ ئــەوەی جووتیاری کورد نەتوانن کشــتوکاڵ بکەن، راگوێزانی گوندەکان و ئاوارەکردنی دانیشــتوانیان، کردنــەوەی مزگــەوت و بانگــەوازی توندڕەویــی ئیســلامیی ســوننی لــە گوندنشــینە ئێزدییــەکان و قەدەغەکردنــی بڵاوکردنــەوە و باســکردنی هــەر ئایینێکی تر، ئەم بڕیارەش لە بەرزترین دەســەڵاتی ئایینی لە تورکیا دراوە کە ســەر بە سەرۆکایەتییە، بەتورککردنی ئەو ناوچانەی هەزاران ســاڵە شوێنی باوباپیرانی کوردە؛ بە داگیرکردنی و هێنانی خێزانی جەندرمــە توندڕەوەکان لە شــوێنیان، کــە تەنها لە ناوچەکانــی عەفریــن نزیکەی (٣٠٠) هــەزار کەس

ئـاوارە کراون و شـوێنەکانیان بـەو خێزانانەی کە سـەر بە ئەردوغانن پڕکراونەتەوە. لە کوردسـتانی باشـووریش، سـەدان گوند بەهۆی شـەڕ لەنێوان (PKK) و سـوپای تورکیا ئاوارە بوون... ئێسـتاش کەوتووەتـە بڕینـەوەی دارسـتانەکان و گۆڕینـی ژینگەی ژیانی مـرۆڤ و هەموو زیندەوەرەکان کە موڵکی کوردن.

ئەمانـەی ڕوودەدەن، بە بەرچـاوی دونیا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوەیـە، کـە بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیـا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن؛ هیچ شـتێک شاراوە نییە.

ئەمـەی ڕوودەدات، تەنهـا بـۆ لەناوبردنـی هێـزە چەکدارەکانـی (PKK) نییـە، بەڵکو بـۆ لەناوبردنی نەتـەوەی کـوردە بەهەمـوو شـێوەیەکی دڕندانـە و قێـزەون... چارەسـەریش ئەوەیـە ئـەم کێشـانە زیاتـر بورووژێندرێـن و هەوڵبدرێـت نەتـەوە یەکگرتووەکان بە هەموو دەزگا و ڕێکخراوەکانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزیی لەسەر ئاسـتی ناوخۆیـی و جیهانیی لێ ئـاگادار بکرێتەوە و فشـاریان بخرێتە سـەر بـۆ بەهاناوەهاتن، بەڵام لـە هەموو شـتێک گرنگتر یەکبوونـی ماڵی کوردە، چونکـە بەیەکبـوون و یەکدەنگیی دنیـا گوێمان بۆ دەگرێ نەک بەپەرتەوازەیی.